# لێکدانەوەیەک بۆ کۆمەڵکوژی ئێزدییەکانی سەردەستی داعش بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەنێوان ٢٠١٤_ ٢٠١٩

**کاوە نادر قادر**

**٢٠٢٣**

ناوی نووسەر: کاوە نادر قادر

بابەت : توێژینەوەیەک لەسەر جینوساید

دیزانی بەرگ:هەواڵ جەلال

دیزانی ناوەوە:  ..........

نۆبەی چاپ : یەکەم/ ٢٠٢٣

ژمارەی راسپاردە: ٧٥٨ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتییەکان.

تیراژ : ١٠٠٠

نرخ : ٣ هەزار

چاپخانە:  ........

لە بڵاوکراوەکانی

ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ک)

زنجیرە(......)

**پێشکەشە بە گیانی پاکی هاوڕێیانی شەهیدم:**

_ زیاب حەکیم تاڵەبانی

_ یوسف شەریف

_ سەمەد مەحمود ئیسماعیل گەڕەسۆری

_ فەتاح محمەد ئەحمەد (شەهید مەریوان)

_ جەمیل مەلا شوکر رۆژبەیانی

# ناوەڕۆک


## پێشەکی

## بەشی یەکەم

تەوەری یەکەم :  کورتەیەک لە جوگرافیای شنگال.

تەوەری دووەم : ئایینی ئێزدی.

تەورەی سێیەم : پێناسەی  کۆمەڵکوژی.تەوەری چوارەم: کۆمەڵکوژی ئێزدیانی سەردەستی داعش .

## بەشی دووەم

تەوەری یەکەم: داعش لە چەند پێناسەیەکی جیاوازدا

یەکەم: داعش کوڕی رۆژێک نییە

دووەم: داعش وکۆمەڵگەی عارەب

سێیەم: تایبەتمەندییەکانی داعش

تەوەری دووەم: دەرکەوتنی داعش لە نێوان سروشتی ودەستکردیدا

تەوەری سێیەم: سیمای خێڵەکی لەرەفتارەکانی داعشدا

یەکەم: لەرووی سایکۆلۆژیەتی عارەبی وبەکارهێنانی هێزدا

دووەم: ئامانج ودەسکەوت پەیداکردن (أنفال)

سێیەم: فەلسەفەی داعش وتەکفیروئیدارەی تەوەحشدا

## بەشی سێیەم

تەوەری یەکەم: مەرگەساتی ژنانی ئێزدی سەردەستی داعش

تەوەری دووەم : ئاسەواری داعش لەسەر ژیان وداهاتووی ژنانی ئێزدی

## بەشی چوارەم

تەوەری یەکەم:مانای کۆمەڵکوژی لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا

تەوەری دووەم:کۆمەڵکوژییەکەی سەردەستی داعش بەرنامە رێژکراو بوو

تەوەری سێیەم:رۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا

تەوەری چوارەم:مامەڵەکردنی  عێراق لەگەڵ دۆسێی  تاوانەکانی سەر ئێزدییەکان

تەوەری پێنجەم:رۆلی حکومەتی هەرێم  لە دۆسێی تاوانەکانی

داعشی دژ بە ئێزدییەکان.

تەوەری شەشەم: رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی کۆمەڵکوژی

تەوەری حەفتەم : تایبەتمەندییەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان .

## بەشی پێنجەم

دەرئەنجام

پێشنیارەکان

# پێشەکی

دیاردەی سەرهەڵدانی رێکخستنێکی وەک داعش زۆر رەهەندی نەتەوەیی وسیاسی و ئابووری و نەتەوەیی کۆمەڵایەتی و کەلتووری تایبتی خۆی هەیە کە دروستی دەکات و لە کۆی هەموو رەهەندەکاندا بیری داعشی دایهێنایە و بۆتە پاشخان بۆئەوەی رێکخراوی داعش لێی دروست بکرێ. ئەگەر ئەو رێکخراوەش شکستی سەربازی و ئیداریش بهێنێ وکۆتایی پێ بێ . ئەوا تا هۆکارەکانی سەرهەڵدانی داعش و بەردەوام بێ کۆتایی پێ نایەت و مەترسی سەرهەڵدانەوەی دەمێنێت. چەندە تەگبیرکردنی لایەنی ئاسایش وسەربازی بۆ تەفروتوناکردنی داعش پێویستە، دوو هەندەش لایەنی چاکسازی و پەروەردەیی و باش تێگەیشتن لە مەبەست و ئەحکامەکانی ئیسلام پێویستە. ناکرێ بە دۆگمایی ئەحکامی ئیسلامی بەجێ بگەیەنرێ، بۆیە ئەو فیکرە دواکەوتووە لەئاکامی پەروەردە نەبوون و گۆشەگیری بە دەق وتەفسیرە کۆنەکان تا بەردەوام بێ مسۆگەر مەترسی سەرهەڵدانەوەو هەر دەمێنێ و چارەسەری پێویست وبەرنامەڕێژی فرەلایەن وپشودرێژی گەرەکە . ئایینی ئێزدی، "ئایینێکی کۆنی نەتەوە زاگرۆسییەکانە نەک هەر هی کورد بە تەنیا" وەک توێژەرێکی عێراقی "دنیا علوان الاسدي"، دەڵێ {دنیا علوان ناموس محمد الاسدي(٢٠٢١)/رسالة ماجستير/ الحماية الجنائية للايزيديات في التشريع العراقي /ص ٢٤}،ئەوەی ئێستا زیندوو ماوەتەو دوای ئەو هەموو فەرمانانەی کە بەدرێژایی مێژوو روبەروی ئێزدییەکان بۆتەوە، وەک خۆیان باسی لێوە دەکەن کە ئەوەندەیان لێ ماوەتە{رنا الشمري/ من جحيم العبودية، ص٥٤_+٥٦ دنیا الاسدي الحماية الجنائية للايزيديات /٣١_

۳۳}. ئەگەر زاگرۆسی نەبوایە وەک ئایین و نەتەوەکانی دیکە دەتاوانەوە لە ناو ئایین و نەتەوەکانی دیکەو ئاسەواریان نەدەما( چیاکان پشتیان بووە). ئایینی ئێزدی بەشیکە لە سروشت و خەسڵەتەکانی کوردستان کە تا ئێستاش پاراستیانە{رنا جاسم الشمري (۲۰۲۱)/من جحيم العبودية الى معانات المخيمات،/ص٤۳}، ئایینێکە کوردی موسڵمان یش لەبەشی زۆری ئەو مەراسیمەیانەیاندا پێیوە پەیوەستن و رێزی لێدەگرن، ئەو پەیوەندییە کە لە دەرەوەی دین دروست دەبێ لە نێوان کوردستانیان و سەنتەرەکەی کۆمەڵگەیە نەک هەر ئایین (چلەی هاوین و بەهار و چوارشەمە سورەو رێزگرتن لە رۆژ لە ئاگر لە مانگ ){رنا الشمري/ نفس المصدر السابق/ ص٤٠_٤٢+ ص٤٦}، لەلای دیکە وەک ئایینی ئێزدیایەتی باوەڕی بە تاک پەرستی و دۆزەخ و بەهەشت و نوێژو رۆژی و خوداوەندی هەیە {دنیا علوان / ص۲٤}. ئەوەی لە ئایینە ئیبراهیمەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە، هەڵوێستیان لەسەر مەلیکە تاوس"{رنا جاسم (۲۰۲۱) / هەمان سەرچاوە ، ص٤٦} و خۆشەویستی و پەیوەستداری مەلیکە تاوسە بۆ خودا، کە ئێزدییەکان وای لێک دەدەنەوە کە سەرۆکی هەموو فریشتەکانە و بەپێی فەرمانی خودا کڕنۆشی بۆ ئادەم نەبردووە، چونکە تەنیا خودای بە خالیق زانیوەو پێویستە کڕنۆشی بۆ ببا { رنا الشمري/ هەمان سەرچاوە، ص ٤٦}. لێرەدا ئایینە ئیبراهیمییەکان ئەو رەفتارەی سەرۆکی فریشتەکان بە یاخیبوونی تەماشا دەکەن. ئەحزابی ئیسلامییە جیهادییەکان"ئەلقاعیدە و داعش" بۆ مەبەستی سیاسی وهەوڵی تاواندنەوەی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە لەنێو گۆزەی عارەب داوە،"دەتوانین بڵێین هاتنی ئەو رێکخراوە(داعش)، یەکێك لەو ئامرازە ترسناکانە ، کە دیمۆگرافیای کوردستانیان لەرەگەوە

گۆڕی"{ د.کامەران مەنتک (٢٠٢٢)/ کاریگەرییە ترسناکەکانی ئایدیۆلۆژیا لەسەر تاکی کورد/ بەشی بیست پێنج/ پیجی تایبەتی خۆی_٢٠٢٢/١٠/٢٥ }، بە بیانووی ئیسلام ، هەوڵ دەدەن ودەخوازن هەم نەتەوەو هەم ئایینی دیکە بسڕنەوە، تەنیا تێزە سیاسییەکەی خۆیان برەو پێ دەدەن کە چاوگی لە شەریعەتی ئیسلامەوە هەڵناوەو بە دۆگمایی لێکیان داوەتەوە{ کاوە نادر / ئیسلامی سیاسی لە نیوان گفتارو رەفتاردا،ل١٢٩}. بەتایبەتی لە زەمینەیەک کە مرۆڤایەتی بۆ ژیان خۆشکردن و پاراستنی شکۆمەندی مرۆڤ و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و وەچان و خۆشی دان بە ژیان . پێویستیان بە هاوکاری هاریکاری یەکەو پێویستی بە تەواوکردنی یەکە نەکە خۆبەگەورەزان و بە زیاتر دانانی نەتەوەو ئایینی دیکە. ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکە دروست دەبێ بە ناوی ئایین ونەتەوەو لە ناوەڕۆکدا بەرژەوەندخوازی کەپیتالزم و کۆمەڵیک خەڵکی پەیوەستدار بەو سیستەمەی تێدایە" {فوئادی مەجید میسری/ کۆمەڵگە لەسایەی ئیسلامدا، ل ٨} . هەر بۆیە ئەو یاسا نێودەوڵەتیانەی کە پارێزگاری لە مرۆڤ دەکەن و شکۆمەندی دەپارێزێ و مافەکانی دابین دەکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەجێ ناگەیەنرێ و ئەگەر کەوتە ناو بازنەی بەرژەوەندیان ، ئەوا بن گۆمی دەکەن وسکتی لێ دەکرێ{ فوئاد مجید میسری / هەمان سەرچاوە ،ل ١٠}. بۆیە مەرگەسات و کارەساتەکانی ئێزدییەکان، فرە رەهەندەو ناکرێ بە کاتی و یاخۆت کۆتایی بزانرێ.هەروەها دەگوترێ "بۆ ئەوەی ئازارەکانی قوربانیان کەم بێتەوە پێویستە یاساکانی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێ"،{شروق تيسير عبدالغني أبو دبوس (٢٠٢٠)/ رسالة ماجستير / صعوبات تطبيق القانون الدولي الانساني/قسم القانون العام / كلية الحقوق_جامعة الشرق الأوسط}. لە

لێکۆڵینەوەکەی د. حسين عبد ، ڕۆشنایی دەخاتە سەر تاوانی کۆمەڵکوژی لەنێویاساکانی عێراقیدا لەرێگەی لێکدانەوە لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان کە لەو بارەوە دەرچووە لە ساڵی ١٩٤٨، وهەڵهێنجانی تاوانکاری لەیاسای ١٠ی ٢٠٠٥بە جۆری بەراوردکاری لەیاساکانی نێودەوڵەتی و یاسای سزادان لە یاساکانی تاوانکاری عێراقی هەیە ، کێشەکە لەوەدایە سەرەڕای ئیلزامی یاسا نێودەوڵەتییەکان کەچی زۆر لەو وڵاتانە جێبەجێی ناکەن"{حسين عبد علي عيسى(٢٠٢١)/ بحث اكاديمي /تجريم الابادة الجماعية فى القانون الجنائي الوطني والمقارن_( العراق كحالة للدراسة) / كلية القانون_جامعة السليمانية- اقليم كوردستان- العراق}،.

ئەم تۆێژینەوەیە بەسەر پێنج بەش دابەشکراوە، کورتەیەک لە سەر ناساندنی ئایینی ئێزدیی و شاری شنگال وپوختەی کۆمەڵکوژییەکەی وهۆکارەکانی و ئاکامەکانی ئەو کۆمەڵکوژیەو بەشی دووەمی پێناسەیەکی داعش و فەلسەفەکەی لەتەکفیرو تەوەحش کە بە( مانیفێستی) داعش دادەنرێ و هۆکاری دروستبوونی ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە چییە. لەبەشی سێیەمدا باس لەناساندنی ئەو یاسایانەی عێراق وجۆری سزاکانی ئەو یاسایانەدا باسکراوەو لەبەشی چوارەمیشیدا باس لەیاسا نێودەوڵەتییەکان کە داعش پێشێلی کردون وجۆری سزاکانی ئەو پێشێلکارییە. لەکۆتا بەشیدا(بەشی پێنجەم) باسی لە چۆنیەتی پاراستنی هەبوون و ماف سەندنەوەکانی دەکرێت.

کاوە نادر قادر

٦ی ئابی ٢٠٢٣

# بەشی یەکەم

تەوەری یەکەم :  کورتەیەک لە جوگرافیای شنگال.

تەوەری دووەم : ئایینی ئێزدی.

تەورەی سێیەم : پێناسەی  کۆمەڵکوژی.

تەوەری چوارەم: کۆمەڵکوژی ئێزدیانی سەردەستی داعش .

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم:

## کورتەیەک لەجوگرافیای شنگال

شنگال ناوچەیەکە لە باشووری کوردستان و لەسەر تخوبی رۆژئاوای کوردستانە و پەیوەندییەکی کۆمەڵاتی و ئابووری جوگرافیان لەگەڵ یەکدا هەیە، ناوەندەکەی شارۆچکەی شنگالە"شەنگ / ئال ، یانی شوێنی جوان ئالیێ جوان"،{فلاح خيري ميرزو(٢٠١٦)/ سنجــار في أواخر العهد العثمانی/دراسة في أوضاعها الاجتماعيةوالاقتصادية/..... ص١١} کەوتۆتە باکوری هێلی ٣٦ بەپانی و رۆژهەڵاتی هێلی درێژی+٤٢ "{د.سعيد خديده علو(٢٠٢١)/شنكال (سنجار) 1921-1980/دراسة في تعريب المنطقة من قبل الحكومات العراقية/ موقع بحزاني نت /١٧ ديسمبر ٢٠٢١ }،" روبەرەکەی ٣٣٨٨کم ٢ وبەپێی ئاماری ساڵی ٢٠١٣ پێش هێرشەکەی داعش ٤١٢ هەزارکەس و ناوشارەکە ٩٠ هەزار کەس بووە کە ٤٥٪ کوردی ئیزدین و ٤٣٪ کوردی موسڵمانن و ١١٪ عارەبن و ١٪ نەتەوەکانی دیکەن"{د.سعيد خديده علو(٢٠١٩)/*شنگال (سنجار) 1921-1980/دراسة في تعريب المنطقة من قبل الحكومات العراقية/* قسم التاريخ/كلية العلوم الإنسانية/ جامعة دهوك} ، تۆبۆگرافیاکەی چیاو دەشت و بیابانە و چیای شنگال نزیکەی ١٤٦٢م بەرزە لەسەر روی دەریاو درێژیەکەی ٧٢ کم و پانیەکەی ١٢ کم، بەناوبانگە بە باڵندەی نایاب و بەردی سەیرو دەگمەن کە بە بەردی شنگال ناوزەد دەکرێ(جبل سنجار ویكبيديا) کوردەکانی موسڵمان زۆرینەی لەسەر مەزهەبی

سونەن و کەمینەکەشی شیعەن ، ئەو عەشیرەتانەی کە سونەن لە کورد"عەشیرەتی خشولی و خدر خلف و کیجلان وبابوات و..." لەسەر مەزهەبی شیعی،عشیرة بشکان و سرحوکیە وشێخلری وحەمزە و گەرگەری وآل حسكي و آل عیسو وآل شێخو" لە عەشیرەتەکانی ئێزدیش " هەبابات ومەهرەکی و ماڵا خاڵتی وسموقەو هسکان و قیران و جلکاو آل دخي ، الفقراء الجفرية،ً الحليقية، المندكان، الرشكان، الدنادية، الشرقيان، جيلكان و لە عەرەبدا خەواتنەو شەمەر جرباو جبور ابو فرج و ......هەندێک لە تورکمان وکریستانیشی تێدایە " {عبد الرحمن بشير سعيد (٢٠٠٦) / بهدينان وعشائرها /دراسة تاريخية / تقديم: خليل علي مراد ورزاق عبد المنعم شعث/ مطبعة خاني /دهوك، ص٥١٨}. پێشهاتنی ئیسلام یەک عارەبی تێدا نەبووە هەر لەسەرەتای هاتنی ئیسلام ٢٠ کۆچی ٦٤٠ ز بەسەرکردایەتی عەیازی بن غنەیم بۆ ئەو ناوچانە روبەڕوی بەعەرەبکردن و راگواستن بوونەتەوە " {د.سعيد خديده علو(٢٠١٩)/ *دراسة في تعريب المنطقة من قبل الحكومات العراقية/بحث علمي من* قسم التاريخ/كلية العلوم الإنسانية/ جامعة دهوك/ موقع بحزانى نيت١٧ سبتيمبر٢٠١٧}،لە ١٥١٣_ ١٩١٨ ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووە"لە ماوەی ئەو چوار سەدەیەدا عوسمانییەکان گەورەترین کێشەیان لەگەڵ ئێزدییەکان بووەوچیان لە دەست هاتووە بۆ گەمارۆدانی ئابووری وبرسیکردن ،ئەنجامیان داوە، بۆ ئەوەی ناوچەکە بەجێ بێلن"{صديق الدوملجي(١٩٤٩)/ الايزيدية – مطبعة الاتحاد – موصل} لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی بۆ نیشتەجێکردنی بەدوی عارەبی بیابانەکانی دەوروبەری شنگال وبەرهەڵستیکردنی ئێزدییەکان بۆ خزمەتی سەربازی کەدەوڵەتی

عێراقی یاسای دیفاعی نیشتیمانی لە١٢حوزەیرانی ١٩٣٥راگەیاندو ئێزدییەکان رەتیانکردوەو "دوای ئەوەی لیوا روکن حوسێن فەوزی بەهێزێکی" زۆرەوە بۆ ئەو ناوچەیە ناردراو راپەڕینەکەی ئێزدیانی بەسەرکردایەتی داود الداودی دامرکاندنەوەی"{د.سعید خدیده علو(٢٠١٩/ هەمان سەرچاوەی پێشوو}، ئەو راپەڕینە و چەندین کەسیان لێ لەسێدارەدراو دەیان کەسیان بە ئەبەدی حوکمدران کە بەراپەڕینی ١٩٣٥ ئێزدیەکان دادەنرێ , زەوی زاری زۆریان لەدەست داو بووە موڵکی عارەبەکان(کاظم حبیب(2016)، الایزیدیة دیانة عراقیة-شرق أوسطیة، الطبعة الأولی، دار نینوی للدراسات والنشر، دمشق، ص١٧٦). زۆربەی شنگالییەکان خەریکی کشتوکاڵ وئاژەڵدارین ،ئەو ناوچەیە دابەش بووە بەسەر ناحیەی شیمال و قەیرەوان ، مێژووی شنگال زۆر کۆنە و بۆ دەورانی هوریەکان دەگەڕێتەوەو"ناوی لەدەورانی بابل و ئاشووریەکان هاتووە بە ناوی سنکارا لەلای مسرییەکان سنکارو لە لای رۆمەکان سنکاراو لەلای ئیمپراتۆریەتی رومی ئورلوسیا بە ئورلیا ناوی دەرکردوە. ساڵی ١٩٩ز نۆژەنی کردوە "{صادق الطائي /جریدة القدس العربي/ سنجار العراقية مدينة الجرح الإيزيدي/ الجمعة ، ١٧ سبتیمبر -٢٠٢١}، لەڕۆژی ٣ی ئابی ٢٠١٤ داعش هەڵمەتێکی گەورەی بۆ سەر خەڵکی ناوچەی شنگال هێناو و بەهۆی پاشەکشەکردنی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکە، کۆمەڵکۆژییەکی گەورەی لەسەر خەڵکی ئێزدی ئەنجام دا و تا رۆژی ئازادکردنی شنگال، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ ئەو ناوچەیە لەبن دەستی ئەو تیرۆرستانە مایەوە.

## تەوەری دووەم :

# ئایینی ئێزدی

ئایینی ئێزدی هەرچەندە لوغز وئالۆزی زۆری تێدایە بەتایبەتی بە پەیوەست بوونی بەو نەخش ونیگارو جەژن وشوێنی هەبوونی پەرەستگەکانیان لە"بابل پەرستگای ئێزدا لەشاری پروستیبای نزیک شاری بابل سەر زێی فورات ولە نەمرودیش پەرستگایان هەبووە"{خضر دوملي (٢٠٢١) / الإيزيدية في كردستان العراق وتحديات البقاء/مركز المسبار للدراسات والبحوث اكتوبر/٢٠٢١}. هەبوونی ناوی ئێزیدو مەزارەکان ومەلیکە تاوس، لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە لەمیزۆپۆتامیا ورۆژهەلاتی ناوەڕاست وئەفریکاو بەشیک لەئەورپا، دەژیان، دەردەکەوێ، کە لەمیسۆلۆژیا ولە خێزانی رۆژپەرست وئەستیرە پەرستەکانی دەورانی ئایینە کۆنەکانی میزۆپۆتامیان،"رەهەندی مێژوویی وشوێنەوارییەکانی پەرستگەو مەزارەکانی ئەو ئایینە بۆ پێش ٣ هەزار ساڵەی پێش زاینە"{حمودي عبد محسن (٢٠٢١) /الايزيدية محاولة للبحث عن الجذور/١٥ديسمبر /٢٠١٧/ موقع بحزاني} ،یاخۆد بۆ دەورانی سومەرییەکان دەگرێنتەوە" ئایینی ئێزدی، رەگ و ریشەی بۆ دەورانی سۆمەری دەگەڕێتەوە" { جورج حبيب/ الايزيدين بقايا دين القديم ، ص٩_١٠}، یاخۆد نوسەرێکی عێراقی کازم عەبود دەڵێ" ئایینێکی کۆنە ولەپێش دەوڵەتی بابلی هەبووە"{كاظم عبود/ الايزيدية حقائق وخفايا واساطير، ص ٥٩_٦٨}. و بەڵام کاتی سەرهەڵدانی، ناتوانرێ دەستنیشان بکرێ،هێندە هەیە لەدەورانی سۆمەرو نەمرودو بابل و ئاشوورو.....، بوونیان هەبووەو لەسەردەمی ساسانیەکانیش بە

ناوی یەزد ویەزدانی، ناوزەد کراون "{خضر دوملي/ الایزیدیة في کردستان العراق/ المسبار / اکتوبر ٢٠٢١ }، تایبەتمەندی خۆیان پاراستوەو بەپێی رووداو ئاستەنگەکانی کە رووبەڕوویان بۆتەوە، "بە شێوەی ریژەیی گۆڕانکاریان بەسەر خۆدا هێناوە بۆ مانەوە وبەردەوام بوون"{خضر دوملي (٢٠٢١) هەمان سەرچاوە...... }، ئێزدییەکان باوەڕیان بە یەکتاپەرستییە و" لەکوردستان پێش ئاینەکانی ئیبراهیم بوونی هەبووەو لەنێو ژینگەی رۆژهەڵات توندڕەوی ئاینی لەململانێی زۆردا توانیان درێژە بە ئاینی خۆ بدەن وروبەڕوی ئاستەنگەکان ببنەوەو ئاینی خۆیان بپارێزن" هەر وەک {داود مراد ختاري(٢٠١٠)/ الحملات والفتاوي على الكورد الایزیدیین في عهد العثماني(١٥١٣_١٩١٨)الطبعة الثانیة / دهوک، ص٢٤} دەڵێ، ئاینێکی تەبشیری نییەو بێ وەحی دیاریکراوە وهەرچەندە پرسیارگەلێک و مشتومڕیکی زۆر دەربارەی رەچەڵەک و ناو ومێژوویی پەیدابوونیان وبیرباوەڕەکانی ئەو ئێزدییانە هەیە کە" کوردستان زێدی سەرەکیانە لە"شنگال و شێخان و باعەزرێ و بەحزان وتلکێف و بەعشیقە وزاخۆ و خانک وسمیل و میسل کە ژمارەیان خۆی لە قەرەی نیو ملیۆن کەس زیاتر دەدا"{رنا جاسم الشمري(٢٠٢١) / من جحیم الی معاناة المخیمات......./ اقلیم کوردستان ، ص٣٤}و لەرۆژئاوای کوردستان لەناوچەی جەزرە وچیاکانی حەلەب وعەفرین هەن ولەساڵی ٢٠١٤ مەزەندەی ٤٠هەزار کەسی لێ دەکرێ ولە باکووری کوردستان "نوسیەبین ودیاربەکروسیرت و دێرسیم و تورعایدین و ئورفەو قارس و ئاگری ئۆرهان،......، ساڵی ١٩٨٢ ژمارەیان پتر ٣٠ هەزار کەس دەبوون و بەڵام ئێستا بەهۆی زوڵمی دەوڵەتی تورک تەنیا ٥٠٠ کەس ماون لەو وڵاتەداو ئەوانی دیکە کۆچیان کردوە، "لە

وڵاتانی ئەورپا و روسیا نیشتەجێن، لە ئەڵمانیا ٤١ هەزارێک دەبن، لەئەرمنستان ٤٠ هەزارو وگورجستان ٣٠ هەزار بوونیان هەیە، پتر لەملیۆنێکن لەدونیادا{دکتور خليل جندي(٢٠٠٧)/ مفاتيح لفهم أوسع حول الديانة الايزيدية/ موقع هكار نيت ١٦ مايو ٢٠٠٧}،لەلایەن ئەوکەسانەی گرنگی بەو بوارەدا دەدەن ، لەگەڵ ئەوەش هەموو لایەک گەیشتینە ئەو" ئایینێکی کۆنەو پەیوەستە بە سروشتی کوردستان و ژیان هەیە"{كاظم حبيب(٢٠٠٦) /الايزيدية ديانه قديمة تقاوم نوائب الزمن/مؤسسة حمدى للطباعة والنشر/ سليمانية،ص٣٢}، نوسەرێکی ئێزدیش دەبێژێ{ کۆنترین ئایینی کوردە کە تا ئێستا بەردەوامە"{خليل جندي(١٩٩٨)/ نحو معرفة حقيقة الديانة الإيزيدية/ دار رابون للنشر_ السويد،ص١٨}، "هەرچەندە لەسەر ناوەکەیان کێشەی زۆر هەیە و هەیە دەیگێڕتەوە بۆ یەزیدی کوڕی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان"{ رنا جاسم الشمرى(٢٠١٩) السبايا_ دراسة ميدانية اجتماعية لايزيديات المختطفات العائدات ،ص ٦٤ }، کە تەنیا سێ ساڵ خەلیفە بووە، هەشە دەیگێڕتەوە بۆ شاری یەزدی پیرۆز لەلای زەردەشتییەکان ودوای کۆچکردنیان بۆ ناوچەی داسنێ"{محمد التونجي (١٩٩٩)/ الايزيدون واقعهم تاريخهم معتقداتهم / بيروت _ص٦٩}، هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ "عەشیرەتی تریاهای باوکی شێخ ئادی (مسافر بن احمد الكوردي)، وەک لە مێژووی ئیبن ئەلعبرییەوە هاتووە"{رنا جاسم الشمري (٢٠١٩) / سەرچاوەی سەرەوە، ص٦٥}، هەندێکیش رایان وایە بەهۆی "ناوە سۆمەرییەکەی ئازدا(گیانی خێر و_Ized_E-zi-da(خودا)Izidi Yazd _Azidi_Izedi ویەرستگەی ئیزیدای بابل کە بە مانای یەزدان و خوداوەند دێت ئەوە ناوەیان کەوتۆتە سەر و لەهەندێ کاتدا، لەلایەن

مەسیحیەکانیش پێیان دەگوترێ داسنی وداسنایی و شەمسی و جەلکۆ لەهەندێ وەخت بە سحبەتیی و ئادەویی(پەیڕەوانی شێخ ئادێ) و هەکاری (پەیڕەوانی شێخ حەسەنی برازای شێخ ئادی) ناسرابوون"{ا.م.د.رضا سالم داود(٢٠١٩)/الاقلية الايزيدية في العراق بحث في جغرافيا السياسية/ مجلة مداد الاداب_ جامعة العراق_ كلية الاداب ، ص١٤٨}ئەو رەئیانە تەواوی بێ بنچینەن وزەمینەی پتەوی نییەو لەسەر بنەمای سیاسی لەلایەن نەیارانی کورد و نوسەرانی غەیرە ئێزدی ورەتکردنەوەی ئێزدییەکان وبۆ دژایەتی کورد بیناکراوە.

# تەوەری سێیەم

## پێناسەی کۆمەڵکوژی

کۆمەڵکوژی(جینۆساید)، یان "کوشتنی بە ئەنقەستی کۆمەڵی کۆمەڵێک مرۆڤ کە تایبەتمەندی جیاوازی هەیە وەک ڕەنگ یان شێوەی سەر، پەیوەستبوون بە ئایینێکەوە، وەرگرتنی بیرۆکەیەکی سیاسی، یان نکۆڵیکردن لە بیروباوەڕی زاڵ لە کۆمەڵگادا دێت و تاوانێکە لە دژی مرۆڤایەتی"، جینۆساید بەو دڕندەییە دەکرێ پێناسە بکرێت کە لە کاتی هێرشی سەربازی ئەنجام دەدرێت، ئەم جۆرە قڕکردنە بەقەد مێژوو کۆنە، تەنانەت ئەگەر تەکنیکەکانیش بەپێی گەشەسەندنی کۆمەڵگا جیاواز بن، دەکرێ بە توخمەکانی پێناسە بکرێت، ئەمەش ئەوەیە کە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨ دەستنیشانی کردوە. ئەو ماددەیە باس لەوە دەکات کە جینۆساید هەموو ئەم کردارانەی خوارەوە دەگرێتەوە، کە بە مەبەستی لەناوبردنی، تەواوی یان بەشێکی، گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی ئەنجام دەدرێن، بەم شێوەیە کوشتنی ئەندامانی گروپێک، زیانگەیاندنی جەستەیی یان ڕۆحی بە ئەندامانی، بە ئەنقەست خستنەڕووی بارودۆخی ژیانی بەسەریدا کە حیساب کراوە بۆ هێنانەدی لەناوچوونی فیزیکی بە تەواوی یان بەشێکی سەپاندنی ئەو ڕێوشوێنانە بە ئامانجی ڕێگریکردن لە لەدایکبوونی منداڵان یاخۆد لێسەندنی مناڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە.

ئێزدی بەدرێژایی مێژوو، ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژی و بڕیاری قڕکردن بووینەوە ورۆژگاری سەختیان بڕیوە قوربانی

زۆریان داوە و ئاوارەی ولێکتر دابڕانی زۆریان بینیوە لەپێناو مانەوە، هەر وەک لە خشتەی (١) بەشی هەرە زۆری ئەو مەرگەسات و کارەساتانە، سیاسی ئەوجا توندڕەوی ئایینی بەرامبەردا بووە، بۆیە ناحەزانی ئەو ئایینە، ئێزیدایەتی رەسەنایەتی و لوتکەی کەسایەتی  کوردبوونی داناوە، کاتێ پەلاماری کورد دراوە پێشەکی لە پەیڕەوانی ئەو ئایینە دەستیان پێکردوە ."یەکەم کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی کۆروش بووە کاتێ بابلی داگیرکرد ساڵی٥٣٩ پ. ز"{ امین فرحان جیجو/القومیة الأیزیدیة جذورها – مقوماتها_معاناتها} ،هەروەها "گەورەترین کوشتار لەسەر دەستی لەشکری ئیسلامی عەبدوڵا عومەری کراوە ساڵی ٢٠ هیجری (٦٤٠ز) لەکاتی گرتنی شنگالی"{ دنیا علوان ناموس محمد الاسدي(٢٠٢١)/الحماية الجنائية للايزيديات في التشريع العراقي_ دراسة مقارنة / رسالة ماجستير/ الطبعة الاولى – مطبعة رۆژهەڵات – اربيل ، ص٣١}، ئەگەر ئێزدیەکان باس لە ٧٣ فەرمان دەکەن تا هێرشەکەی داعش ، ئەوا "لەسەدەی پێش و لەسەدەی ١٠ی زاینی تا سەدەی بیست، ١٦١هێرشی کۆمەڵکوژی کراوەتە سەر ئێزدییەکان لەگەڵ کوشتنی ٣٥ سەرۆکیان و ١٥ فتوای دینی ئیسلامی"{داود مراد ختاري/ عدد حملات فرمانات على الايزيدية/ موقع کۆمۆنیست کورد / ٢٠٠٧}، کە زۆربەی ئەو فەتوایانە مەلا کوردەکان دەریان کردون، لەسەدەی چواردەش دوو هێرش کراوەتە سەریان لەلایەن تیموری لەنگ و لەسەدەی حەڤدەدا دوو هێرشیان لەکۆی ١٦ هێرش، لەلایەن سەفەوییەکانی ئێران بووەو لەسەدەی هەژدەدا،  چل و یەک هێرش کراوەتە سەر ئێزدییەکان تەنیا شەش لەو هێرشانە، لەلایەن میرە کوردەکان بووە "کە لەلای بەدرخانەکان و پاشای سۆران دەرچووە"لەکاتێکدا میرە

کوردەکان ساڵی ١٤١٤ز مەزارگەی شێخ عودەی کوڕی موسافیر هەکاری یان سوتاند"{رابیعة فەتاح شێخ محەمەد(٢٠٠٥)/کوردستان لەسەدەی پازدەی زاینییدا_ تۆژینەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە/چاپی یەکەم _ چاپخانەی رۆشنبیری/هەولێر، ل٢٢٣}، هەروەها میری سۆران هەڵیکوتاوەتە سەر ئێزدییەکان"ساڵی ١٨٣٢ز میری محەمەدی ئیماراتی سۆران، لەشکرێکی یەکجار زۆری بردە سەر ئاکرێ و ئامێدی وسعید پاشای میری بادینانی بە دیل گرت وهەڵیکوتایا سەر بەعشیقەو میری ئێزدی گرت و لەرواندزی بەند کرد"{میرشەرەف خانی بدلیسی(٢٠٠٦)/شەرەفنامە_مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان_ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار/ چاپی سێیەم _دەزگای ئاراس، ل٣٥١} وباقی دیکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکان بووە، ئەو هێرشانەی کوردانیش هەر بە دەستی عوسمانی و سەفەوییەکان بووە کە هانی لایەکی دژ بە لایەکی دیان داوە ئەوەتا لەگەڵ میر حەسەنی کوڕە گەورەی میرسەیفەدینی کوڕی میر زەینەدینی ئامێدی پەیوەندی باشی هەبووە، لەگەڵ هاتنی سەفەوییەکان ١٤٧٠ زهێرشی کردۆتە سەر میرنشینی داسنێ (ئێزدی شێخان خستۆتیە سەر میرنشینەکەی خۆی" {رابیعة فەتاح محەمەد(٢٠٠٥)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٢٦٨} ، هەروەها لە شەرەف نامەش هاتووە"دوای کوشتنی میر عزەدین شێری، میری هەولێر لەلایەن سوڵتان سلێمان خان، هەولێری بەحوسێن بەگی داسنی بەخشی، چەند جارێک شەڕ لەنێوان سۆرانییەکان و حوسێن بەگ روویداو لەدەشتی هەریر، لەشکری حوسین داسنی بە هاوکاری لەشکری سوڵتان کە لە موسڵەوە بەهانایەوە دەهاتن ئەوجا لەشکری میر

سەیفەدینی سۆران شکا"{میر شەرەف خانی بدلیسی (٢٠٠٦)/شەرەفنامە،ل ٣٤١+ ٣٤٢} .

لە کۆی ئەو هێرشانە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو هێرشانە بۆ ئەوە بووە:

١_ بڕیار لەسەر قڕانکردنی کوردان بووە بەڵام بە هەنجەتی ئایینی لەسەر ئێزدییەکان دەستی پێکراوە.

٢_ ئێزدی بەردەوامی میسۆلۆژیەتی ناوچەی میزۆپۆتامیای گەلانی زاگرۆسە، بۆیە دەوڵەتانی ناوچە، هەوڵیان داوە ئایین ومێژوو وکەلتوورو زمان و .... ، ئەنفال بکەن، بۆ ئەوەی نەتوانرێ بوونی کورد بەردەوام بێ.

شاڵاوی فەرمانەکانی سەر ئێزدییەکان خشتەی ژمارە (١ )

| کاتی هێرش وفەرمانەکان | ژمارەی فەرمانەکان | ساڵەکان زاینی | پوختەی رووداوەکان |
|---|---|---|---|
| سەدەی حەفت | ١ | لە ساڵی(٦٢٠ز) بیستی کۆچی | لەگەڵ هاتنی لەشکری ئیسلامی بۆ ناوچەی شنگال لەلایەن یەمەنی وعەبدوڵا بن عومەر |
| سەدەی هەشت | ٣ | لە ساڵانی ٧٠٥ز لە لەلایەن میسلیمەو ٧٢٦ لە ئەلخەزەر و٧٦٣ز لە لایەن خالید بەرمەکی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەدەی نۆ | ٤ | لە ٨٣٨ لەلای خەلیفە موعتەسەم و٨٢٩ لەلای فەرجاقای خان ولەلایەن ئەیتاح ٨٤١ هەروەها لە لای سیف عەباسی ٨٧١ | لەلای دەوڵەتی عەباسی وتورکەکانی هاوکاریان |
| سەدەی دە | ٤ | لە ٩٠٦ لەلایەن موکتەفي بیلاە وحەسەن بن ئەحمەد ٩٠٨ وئەل حوری بن موسای ٩٠٨ عەزد ئەلدەولەی ٩٧٩ز | لە لای دەوڵەتی عەباسی |
| سەدەی یازدە | ٦ | ئۆغز بەگ ساڵی ١٠٢٩ وئەلگوز سالی ١٠٤٠ وتوغرلبگ ١٠٥٦ وساڵی ١٠٨٥ لە لای پیربەدر موسا وساڵی ز١٠٨٩ راگوستن بۆ تەبرێز | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەدەی دوازدە | ٣ | لە لای سوڵتان سنجاقی سەلجوقی ١١١٩ ولەلای عیماد زەنگی ساڵی ١١٣٣ و١١٥٨لە لای تایەر دوستەکی ١١٥٨ | تورکە سەلجۆقییەکان |
| سەدەی سێزدە | ١٤ | لە ساڵی ١٢٠٥ و١٢١٨ لەلای ئەتابیکەکانی میسل و١٢١٥ تاجەدینی ئەل دز وقوبادی سەلجوقی ١٢٢٥ و١٢٣٣ لە لایەن سوڵتان ئەلعیمادی حەسەن سەیف و١٢٤٦ لە لایەن بدرەدین لوئلوئە ١٢٣٥ ولە ١٢٥٤ لەلایەن بەدرەدین لوئلوئە وسوتانی لالەش ١٢٥٩ هێرشی تەتەرەکانی هۆلاکۆ | لەلای تورکە سەلجوقییەکان وئەتابیکیەکان وتەتەرەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و١٢٦١ شەمسەدین ئەلبری ١٢٨٦ لەلایەن جەلائیریەکان وساڵی ١٢٨٩ لەلای ئەرغەوان | |
| سەدەی چوارده | ٢ | له ١٣٦٨ له لایەن تەیموری لەنگ و١٣٦٨ تەیموری دوباره | لەلای تەتەرەکان |
| سەدەی پازده | ٧ | ساڵی ١٤٠٠ لەلای جەلالەدینی ئەلئەمیر و١٤٠٩ سوتانی لالەش و١٤١٤ لەلای جەلالەدینی حەلوانی _ ١٤١٥ روخانی لالەش و١٤٤٨ هێرشی جەرکەسی میسرییەکان ١٤٥١ راگواستنی کۆمەڵەک | هەر خێڵە تورکەکان ئەنجامیان داوه |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ئێزدی وهێرشی ئۆزۆن حەسەن قەرەبولوک ساڵی ١٤٦٤ | |
| سەدەی ١٦ | ١٣ | فەرمانی میری بادینان حەسەن بن زین ساڵی ١٥٠٠وهێرشی ئیبراهیم خان وئەمیر ئەردەلان دژ بە ئیمارەتی داسنێی حوسێن بەگ و١٥٠٧ ز ئیسماعیل سەفەوی و١٥٠٨ز ی بیرک بیک مقولی و١٥١٦زی قزلباشەکانی سەفەوی وهێرشی عوسمانیەکانی سالی ١٥١٦زدوای شەڕی جاڵدێران (١٥١٤) وهێرشی حەسەنی کوڕی | لەو ماوەیە میرنشینە کوردەکان شەڕی زۆریان لەگەڵ یەک کردوە وزۆر جاریش لەگەڵ ئیمارەتەکانی ئێزدییەکان بووە بۆ فراوانکردنی میرنشینەکانیان نەک مەبەستی ئایینی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سەیفەدینی میری ئامیدی ١٥٣٤ز وسوڵتان سلیمانی قانونی١٥٧٠، هێرشی عەلی سەیدۆبەگی میری بۆتان ١٥٨٥ز وهێرشیک بۆ شنگال ١٥٨٧ز وهێرشی عەشیرەتی شاهین بۆ سەر شنگال. | | |
| لەو ماوەیە دوای ئەوەی عوسمانییەکان دەستیان بەسەر بەغداو میسڵدا گرتووە هێرشی زیادیان کردۆتە سەر ئێزدییەکان بۆ ملکەچکردن وسەربازگیری وباج ستاندن بووە. | ساڵی ١٦٠٧ لەلای موراد پاشاوعەلی پاشا دوای گرتنی بەغدا لەلای عوسمانییەکان، ١٦٠٧ لە لایەن نزوح پاشا و١٦٢٤ز قارجی قای خان و١٦٣٦ ز لەلایەن ئەحمەدخانی سەفەوی | ١٣ | سەدەی حەڤدەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | و١٦٣٦ لەلایەن ئەحمەد خانی والی دیاربەکر و١٦٤٠ هەمان والی دیاربەکر بۆ سەر شنگال ولادان ولەسێدارەدانی میرزا بەگی داسنی ساڵی ١٦٥٠ز ومستەفا پاشای فیراری سالی١٦٥٥ ز ومەسرەفا پاشای دوو ساڵی ١٦٦٦ز ومستەفا پاشای سێ ساڵی ١٦٦٧ ز وهێرشی ئەحمەد بن شێخ محمەدی ساڵی ١٦٩٩ ز وکابلان پاشا ١٦٧٤. ز | |
| سەدەی هەژدەم | ٤٠ | عومەر پاشا ساڵی ١٧٠٠ و حەسەن پاشا والی بەغدا | لەو ماوەیەدا هەست دەکرێ لە میسل هیرشی زۆرکراوەتە سەر شنگال بە تایبەتی لە لایەن جەلیلییەکان. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ١٧١٥زو حەسەن پاشای جەلیلی والی میسل ساڵی ١٧٢٣ ز بۆ جاری دووەم حەسەن پاشای بەغدا ١٧٢٩ز و شۆڕشەکانی ئێزدیانم دژ بە سەفەویەکانی سالی ١٧٣٥ زو سالی ١٧٤٢ ز لەگەڵ قزڵباشەکان ساڵی ١٧٥٢ زلەگەڵ سلێمان پاشای والی بەغداو ساڵی ١٧٦١ ز لەلایەن مستەفا پاشای ساڵی ١٧٦٧ ز لەگەڵ محەمەدئەمینی جەلیلی والی میسل و هێرشی دووەمی ئەمین پاشای والی | هەروەها بیجگە لەوەی بلباسەکان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی بەشداریان کرد لەگەڵ زێباریەکان عەشیرەتی تەی دوو جار هێرشی کردۆتە سەر شنگال |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | میسل ساڵی<br>١٧٧٤ و<br>هێرشی شەفیق<br>ئەمینی والی<br>میسل ١٧٧٩،<br>سلێمان پاشای<br>جەلیل ١٧٧٣<br>ز و هێرشی<br>دووەمی هەمان<br>والی میسل<br>١٧٧٩ ز و<br>هێرشی<br>عەبدولباقی<br>جەلیلی<br>١٧٧٩ز و<br>راگواستنی<br>عەشیرەتی<br>سپیک<br>لەسەرحەد<br>١٧٧٠ز<br>هێرشی<br>عەبدولباقی<br>جەلیلی ١٧٨٦<br>ز و علی خان<br>بەگ ١٧٨٦ز<br>وهێرشی<br>سوڵتان ئەحمەد<br>و شەهید بوونی<br>دەروێشی<br>عەبدی ١٧٧-<br>و محەمەد | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | پاشای جەلیلی<br>١٧٩٢ز و<br>هێرشی<br>عەشیرەتی تەی<br>بەسەرکردایەتی<br>محمد بن<br>حەسەن ١٧٩٠<br>هێرشی<br>دووەمی والی<br>میسل محمد<br>پاشا جەلیلی و<br>١٧٩٢ و<br>هێرشی والی<br>بەغدا سلێمان<br>پاشای گەورە<br>١٧٩٥ هێرشی<br>ئەمیری تەی<br>فارس بن<br>محەمەد عەلی<br>بۆسەر شنگال<br>١٧٩٣ لە<br>١٧٩٤ و<br>یەکێ<br>لەکاربەدەستانی<br>بەغدا بە ناوی<br>عبدالعزیز<br>الشاوي ١٧٩٨<br>سێ هێرشی<br>دیکە لە ١٨٠٠<br>لە لایەن قوباد<br>بەگ و محمد | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | بەگ و تەیمور پاشای میللی و بۆ سەر شنگال | |
| سەدەی نۆزدەم | ٣٦ | ١٨٠١ والی بەغدا محمد جەلیلی ، عەلی پاشا بە هاوکاری والی میسل و عەشیرەتی بڵباسی و زێبارییەکان کوردی و عەشیرەتی جرێب و عوبێد و ١٨٠٢ز ، پیر رەجەبی زێباری ١٨٠٣ ز و قوباد بەگی میری بادینان لەگەڵ والی میسل محەمەد پاشای جەلیلی بۆ سەر ئیمارەتی شێخانی ئێزدی ساڵی ١٨٠٥ز و والی میسل نعمان پاشای جەلیلی ١٨٠٧ | زۆربەی جار ئێزدییەکان رووبەڕووی شەڕ بوینەوە لەسەر مێرخاسی خۆیان خەڵک پەنای بۆ بردوون ئەوانیش داڵدەیان داون خۆیان لەسەرە داناوە، کێشەیان لەگەڵ پاشای گەورەی محەمەد رواندزی کچێکی بڵباسان دەکەوێتە لای ئێزدییەکان بۆ پاراستنی لەدەستدرێژیەکانی شا عەباس و کاتێ دەکەوێتە لایان پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کوڕیکی ئێزدی بۆ دروست دەبێ ئەویش ناچیتەوە لای کەس و کاری ، هەروەها کوشتنی عەلی ئاغای باڵتی سەرۆکی خێڵی ئەلقۆش لەلایەن عەلی بەگ ئێزدی لەباعەدرێ و یەحیا مزوری برازای ناوبراو داوا لە پاشای گەورە دەکاو بێتە یارمەتی و بۆ تۆڵەکردنەوە ٣/ ٤ خەڵکی شنگالیان لەناو برد بۆ سزادانی عەلی بەگ . |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | هێرشی سلیمان پاشای دیاربەکر و هێرشی سلیمان پاشای بجوک ١٨٠٩ و ئەحمەد پاش جەلیلی ١٨١٩ و هێرشی بازرگان ١٨١١ و داود پاشای والی بەغدا ١٨٣١ز ، هێڕشی میری سۆران ١٨٣١ز هێڕشی محەمەد پاشاو حافێز پاشا و هێڕشی بالول لەسەر عەشیرەتی هەستەوی ١٨٢٥ز دەرکردنی هەوێزی و هەستەیی بۆ قامشلۆ ساڵی ١٨٢٥ هێڕش بۆ سەر قەبیلەی مەحموودی ١٨٣٥ز و | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | محەمەد پاشا بەیرەقدار والی میسل ١٨٣٥ز مورتەزا پاشای والی وان ١٨٢٧ ز و رەشید بەگ بۆ سەر جەزیرە بەهاوکاری بەدرخانییەکان حافز پاش ١٨٣٥ ز محەمەد رەشی پاشا ١٨٣٦ز بەدرخانییەکان بۆ سەر گوندی مەزیراح و تور عابدین ساڵی ١٨٣٤ ز و حافیز پاشا ١٨٣٥ ز محەمەد رەشید پاشا ١٨٣٦ ز عومەر پاشا والی میسل ١٨٤٠ ز و محەمەد پاسا ١٨٤٤ز. و محەمەد پاشای ئەلکرێدی ئۆغلو ١٨٤٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ز. و تەیار پاشا ١٨٤٦ ز. و یەزدان شێر ١٨٦٤ ز. هێرشی سەر گوندی دلانای ١٨٣٠ز. ی عوسمانییەکان وهێرشی مەدحەت پاش١٨٦٩ ز و١٨٧٢ ز وعومەر وەهبی وفەریق پاشا ١٨٩٠ز وبەکر پاشا ١٨٩٤ز وئەسعەد پاشای دورزی ١٨٩٥ ز. | |
| سەدەی بیست | ٨ | فەرمانی ئەسعەد پاشا دورزی ١٩١٠ ز فەرمانی ١٩١٣ز بۆ سەربازگیری وفەرمانی قایمقامی شنگال ئیراهیم بەگی میسلاوی | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ١٩١٧ ز وگواستنەوەی ئێزدییەکان لەسەرحەد بۆ ئەکەزی ١٩١٤ ز ودواین هەڵمەتی عوسمانییەکان لەگرانی گەورە ١٩١٨ ز. و | |
| | | هێرشی ئینگلیزەکان بۆ سەر شنگال ١٩٢٥ وهێرشی لیوای عێراق فەوزی بەگی میسلاوی لەسەر رەتکردنەوەی باج وسەرانە ١٩٣٥ ز. | |

سەدەی بیست ویەک / ٢ دانە لە ساڵی ٢٠١٣ تەقینەوەی دوو لۆری بارهەڵگر لەلایەن قاعیدەو وهێرشی داعشی ٢٠١٤ بۆ سەر شنگال کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە ١٢٠٠ کەس وهەتککردنی ژنانی ئێزدی.

فەتوا ئایینییەکانی مەلاکان کە زۆربەیان لە کوردەکانن و سەر بەدەسەڵات بوون خشتەی ژمارە( ٢)

| ناوی مەلاکان | ساڵ | تێبینیەکان |
|---|---|---|
| مەلا ساڵحی هەکاری | | لە دەسەڵاتی عوسمانیەکان نزیک نەبووە بەڵام ئێزدی بەکافر داناوە |
| ئەبوسعودی ئامێدی | ١٥٦٦ زاینی | |
| مەلاعەبدوڵای رەبەتی | | |
| شێخ حەسەنی شیڤکی | | |
| شێخ عەبدولڕەحمانی جەلی زادە کۆیی | | |
| محەمەد ئەمین خەیرولای العمري | ١٦٩٩ | |
| مەلا یاسینی عەمری | | |
| تاج العارفين شێخ الكوردي | | |
| امام احمد الحنبلي | ١٦٤_٢٤١ کۆچی | |
| ابوليث سمەر قەندی | ٣٧٣ کۆچی | |
| مەلای خەتێ | ١٨٣٢ زاینی | |
| مەلای ئیحیای مزوری | ١٨٣٢ | بۆ هێرشکردنە سەر شنگال لە تۆڵەی مامی مەلا یحیای مزوری |

| | | |
|---|---|---|
| امام فخرەدینی الرازی | ٥٤٤_ ٦٠٦ | لە پێناو تۆڵەکردنەوەی لەعەلی بەگی ئێزدی کە مامی کوشت بوو |
| شریف جرجانی | | |
| محمد برقعلی کوردی | | |

_ رێبوار رەمەزان بارزانی/ {جینۆسایدی ئێزدییەکان لەسەدەی بیست و یەکدا، ل١٨ }_ {داود مراد ختاري(٢٠١٠)/ الحملات والفتاوي على الكورد الايزيديين في عهد العثماني(١٥١٣_١٩١٨)الطبعة الثانية / دهوک_ ص٢٤ . }

_ {میرشەرەف خانی بدلیسی(٢٠٠٦)/شەرەفنامە_مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان_ وەرگێرانی مامۆستا هەژار / چاپی سێیەم _ دەزگای ئاراس،ل٣٥١ }.

_ {داود مراد ختاري/ عدد حملات فرمانات على الايزيدية / موقع کۆمنیست .}

## تەوەری چوارەم:

## فەرمانی ٧٤

بەرەبەیانی رۆژی ٣ی ئابی ٢٠٢١ رێکخراوی داعش هێرشێکی بەرفراوانی هێنایە سەر گوندی کۆجۆ و ناوچەی شنگال، دوای ئەوەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتەواوی لەو ناوچانە کشاندەوەو خەڵکەکەیان بەتەنیا بەجێ هێشت لەو شارۆچکە و ناوچەکانی دەوروبەری ئەو شارۆچکەیەو چەندین تاوانی گەورەی ئەنجامدا، کە لە یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەکۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی هەژمار دەکرێ وئەوەندەی گرتی و کوشتی وژنەکانیشی کردە کەنیزە بۆ خۆیان،"لەئۆردوگای جەزیرە ٥٠٠ ولەناحیەی قەحتانیە٣٠٠ ولە عەدنانیە ٧٥ و لە گوندی رمبوسی ٧٥ لە ناوخۆی شنگال ٢٠٠ لە گوندی کانیە عیدو ٥٠ و لە گوندی قنێ ٦٥ و گوندی کۆجۆ ٤١٣ و لە تەل قەسەب ١٥٠ و لە تەل بەنات و ١٠٠ و لە گوندی حەردان١٥٠، کەسیان کوشت"{م.د.فاضل عبدالزهرة الغراوي(٢٠٢٠)/انتهاكات عصابات داعش الارهابية للقانون الدولي الانساني/ كلية قانون_جامعة تكريت}، هەروەها بووە هۆی ئاوارەبوونی ٣٦ هەزار کەس کە بووە هۆی ٢٥٠ منداڵ لەبارچوونی سکی ژنان و بەهۆی تێنوێتی و برسێتی وخۆکوشتنی کۆمەڵێک لەژنانی شنگال لەتاو دەست درێژیکردنی سێکسی لەلایەن داعشەکان و وێرانکردنی ٦٨ مەزارگەی کە پیرۆزە لەلای ئێزدیەکان"{م.د.فاضل عبدالزهرة الغراوي(٢٠٢٠)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوەو....} ، لێرەدا دەکرێ بەپێی ئەو ئامارەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ

کاروباری ئێزدیان لەوەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان پشت ببەستین کە پشڕاستکراوەتە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانیش" ژمارەی شەهیدانی رۆژی یەکەمی هێرشەکەی سەر ئێزدیان ۱۲۹۳ کەسن بەتەنیا لەکۆجۆ ٤١٣ کەس لە٨١ گۆڕی بە کۆمەڵ نێژراون و ژمارەی ئەو مندالانەی کە بێ باوک بوون لەو تاوانەدا ٢٧٤٥ منداڵ ئەوانەی ئاوارەی تاراوگە بوون ۱۰۰ هەزارەو ئەوانەی فڕێندرابوون ٦٤١٧ کەس لەوانە ٣٥٤٨ ژن و پیاو ٢٨٦٩ کەسن لەوانەی رزگاریان بوو ٣٥٢٨ و لەوانەدا ۱۱۹۹ ژنن و ٣٣٩ کەس پیاون و منالّی مێینە ۱۰٤۰ و نێرینەش ٩٥٠، ئەوانەی ماون تا ئێستا ٢٨٨٩ کەسەو ١٣٠٩ ژن و ١٥٨٠ پیاون "{رنا جاسم محمد حمزة (٢٠٢١) / بواعث ارتكاب الابادة الجماعية للايزيدين _ دراسة اجتماعية ميدانية / بحث منشور في مجلة جامعة دهوك المجلد ٢٤، العدد ١العلوم الانسانية والاجتماعية ٣٤٧_ ٣٦٧ / ٢٠٢١ عدد خاص}، هەروەها "بەزۆر پڕدانی ژنان و بەکۆیلەکردن و بەکەنیزە کردنیان و بازرگانیکردن بە کڕین و فرۆشتنیان بۆ سێکس بە زۆر سک پڕکردنیان و بە زۆر موسڵمان کردنیان لەگەڵیاندا ئەنجام دراوە لەو ماوەیەدا"{ رنا جاسم محمد حمزة (٢٠٢١) / هەمان سەرچاوەی پێشوو....}،ئەگەر چی هاندەری ئەو کارەیان بە هەنجەتی دین بووە بەڵام لە جەوهەردا مەبەستی سیاسی لەپشت بووە بۆ تێکشکاندن وزەلیلکردنی کەسایەتی کورد وبێ ئیرادەکردنیان لەداهاتوودا.

# بەشی دووەم

**تەوەری یەکەم: داعش لەچەند پێناسەیەکی جیاوازدا.**

**یەکەم: داعش کوڕی رۆژێک نییە.**

**دووەم: داعش وکۆمەڵگەی عارەب.**

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی داعش.**

**تەوەری دووەم: دەرکەوتنی داعش لەنێوان سروشتی ودەستکردیدا.**

**تەوەری سێیەم: سیمای خێڵەکی لەرەفتارەکانی داعشدا.**

**یەکەم: لەرووی سایکۆلۆژیەتی عارەبی وبەکارهێنانی هێزدا.**

**دووەم: ئامانج ودەسکەوت پەیداکردن (أنفال).**

**سێیەم: فەلسەفەی داعش وتەکفیروئیدارەی تەوەحشدا.**

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم:

### داعش لەچەند پێناسەیەکی جیاوازدا

ڕەگ وڕیشەی فیکرو رەفتارەکانی داعش هەر ئاو لەچوارده سەدەی ئیسلام ونزیکە سەدەیەکی ئیسلامی سیاسی ناخواتەوە، بەڵکوو لە کەلتووری عەرەبایەتیش دەخواتەوە،{ سعد بن طفلة العجمي/كلنا داعش /جريدة الصباح الكويتي/٢٠١٤/١٠/٦} بەڵام وەک رێکخستنی داعش دوای ئەوەی لەساڵی 2003 هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکە، عێراقیان داگیرکرد، ساڵی 2004 ئەبوموسعب زەرقاوی لەگەڵ چەندین لێپرسراوی بەعسی وسەلەفی ویاخی بوو لە سوریاو عێراق سەر بە ئەلقاعیدە کە لەسەر دەرپەڕاندنی داگیرکەری ئەمریکە لەعێراق و بە تاموبۆیەکی ناوچەگەریی وسەلەفی و جیهادی لەژێر ناوی (جماعة التوحيد والجيهاد ) هەماهەنگ بوون، زەرقاوی کە زۆر هۆگری" ئەبو عەبدوڵلا ئەلموهاجیری میسری " پەرتووکە نامۆیەکەی بە ناوی (مسائل من فقه الجهاد) کە بە "فقهی خوێن" ناسراوە ، لای ئەو شێخەی خوێندوە و رێبازی جیهادی خۆی لەسەر ئەو فیقهە خوێناویە دامەزراندووە {گۆڤاری گوڵان /ئازاد قەزاز / داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکییەوە،ل ٤٧}و دوایی موبایەعەی بۆ ئوسامە بنلادن و ئەلقاعیدە کرد و هەر لەبەر ئەوە،ناوەکەی کردە رێکخستنی(القاعيدة فى البلاد الرافدين)کە چالاکیەکانی زیادکرد و بەهۆی ئەوەی لەسەنتەری ئەلقاعیدە دوور بوو بەکەمێک ئازادی لەو رێکخستنە، کاریان دەکرد، تەنانەت لەنێو ئەو دوو رێکخستنە جودایی پەیدا بوو ئەوە

بوو لە15ی تەممووزی 2006 ڕێکخستنەکە کرایە "ئەنجومەنی شورای موجاهیدن" کە لەو ڕێکخستنانە پێک هاتبوو (تنظیم قاعدة الجهاد فی بلاد الرافیدین ، سرایا انصار التوحید، سرایا الجهاد الاسلامی ، سرایا الغرباء، کتائب الاهوال ، جیش أهل السنة والجماعة) کە ئەبو مەیسەرە وتەبێژی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەعێراق لەسایتی"الحنین"ی جیهادی جاڕدانی ئەوڕێکخستنە نوێیەی ڕاگەیاند بە ڕابەری عەبدوڵلا ڕەشید ئەلبەغدادی (ابو دعاء–شیخ الشبح)، هەر لەهەمان مانگ ،زەرقاوی کوژرا و"ابو حمزة المهاجر" کرایە ڕابەری ئەو ڕێکخستنە و ئەوەبوو ١٥ی ت١لەلایەن ئەبوحەمزە هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێکخستنەی ڕاگەیاند وچوونە ناو ڕێکخستنی"دولة العراق الأسلامیة" بە ڕابەرایەتی "ابو عمرالبغدادی" ئەوەبوو لە 19ی نیسانی 2010 ئەبوحەمزە وئەبو عومەر بە جووتە لەناوچەی سرساری نزیک ڕومادی سێ گۆشەی سونە لەلایەن ئەمریکییەکان کوژران، دە ڕۆژ پاش کوشتنیان ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی لەکۆبونەوەی نائاسای خۆیدا بڕیاریدا، (ئەبوبەکر بەغدادی) یان کردە ئەمیری ئەو ڕێکخستنە، ئەوەبوو لەدوای ڕوداوەکانی سوریا و دروستبوونی بەرەی نوسرەی سەر بە ئەلقاعیدە لەو وڵاتە، تا لە9ی نیسانی 2013 هەردوو ڕێکخستن (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق وبەرەی نوسرە ) لەسەر زاری ئەبوبەکر بەغدادیی یەکگرتنیان ڕاگەیەند بە ناوی( دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام) و تا لەلایەن "ئەبو محەمەد ئەلجولانی لێپرسراوی یەکەمی بەرەی ئەلنوسرە" ئەو فکرەیە ڕەتکرایەوە جارێکی دیکە نوسرە، موبایعەی ئەیمەن زەواهری و ئەلقاعیدە ڕاگەیاندەوە، لەشوباتی ٢٠١٤ داعش پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ ئەلقاعیدە ، دوای ململانێیەکی هەشت مانگی ئەوجا ئەلقاعیدە

رایگەیاند لەئاکامی " الاستعصاء سیء السمعة" پەیوەندی لەگەڵ بەرەی نوسرە پچڕاند و "زەواهیری لە10ی حوزەیرانی 2014 داعشی هەڵوەشاندەوەو ئەبوبەکر بەغدادیش رەتی بڕیارەکەی کردوەوە و گوتی داعش دەمێنێ"{ ابراهیم الحیدری _سوسیولوجیا العنف و الارهاب ،ص١٧٥}، یەکێ لەکردەوە تیرۆرستییەکانی داعش لەکۆتایی مانگی ساڵی 2013 و سەرەتای 2014 تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئێران بوو لەبیروت کە لە ١٩ی تشرینی دووەم کە لە ٢٠١٣ رویدا تیادا ٢٣ کەس کوژران و ١٦٠ بریندار لەناویندا مولحەقی رۆشنبیری ئەو باڵوێزخانەیە بوو و دەسبەسەراگرتنی شاری فەلوجە50 کم لەبەغدا دوور ، لە 9ی حوزیرانە 2014 هێرشی بردە سەر موسڵ لەماوەی دوو و سێ رۆژدا شاری موسڵی بە تەواوی داگیر کرد بە تەواوی هێزەکانی عێراقی لەو شارە رایانکرد کە خۆی لەقەرەی 60 هەزار کەس دەدا و هێزەکانی داعش بە پێی مەرسەدی سوری لە 4 هەزار چەتەوە بۆ 50 هەزار چەتە زیاد بوو، هەر لەدوای چڕ بوونەوەی شەڕی ئەهلی سوریا، داعش ناوچەیەکی فراوانی لەسوریا داگیر کرد کە زۆربەی ئەو ناوچانە بوون کە لەدەست سوپای ئازاد و بەرەی نوسرە دابوون و لەرەقە و لە 29ی حوزەیران ساڵی 2014 داعش خیلافەتی ئیسلامی راگەیاند و ئەبوبەکر بەغدادی خۆی بە خەلیفە ناساند و لە بەرەبەیانی ٣ی ئاب هێرشی هێنایە سەر شنگال و رەبیعە و زومار و بەنداوی موسڵ ولە ٧ی ئاب ، قەزای مەخمووری گرت لەماوەی چەند رۆژێکدا توانی ٥ قەزاو ١٠ ناحیە وپتر لە٣٠٠ گوندی باشووری کوردستان داگیر بکات، داعش موفاجەئەکی هەزارەی سێیەم بوو بۆ ئەوەی گروپە بچووکەکانی دیکەی جیهادی قوت بدات.

## یەکەم _داعش کوڕی ڕۆژێک نییە

دیاردەی داعش لەرووی فکر ورەفتاردا لەنێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەمێکە بەڕێگەوەیە، نوسەرێکی عارەبی دەڵێ " وەک هەندێک ئەستێرە وایە ئێستا تیشکی پێمان دەگات"، رەگ وڕیشەی زۆربەی رەفتارەکانیان بۆ دەورانێک دەگەڕێتەوە کە ئیسلام ناوی ناوە نەزانین(جاهیلی) ولەکاتی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان ئەو رەفتارە ئاوێزانی هەندێک لایەنی فقهە ئیسلامی بوو وئێستاش لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بەبۆیەکی ئایینی خۆی نمایشدەکاتەوە،"کە لەزۆر روودا سیمای خێڵەکیەتی عارەبی بە زەقی پێوە دیارە، تیرۆر گەورەترین خزمەتی دوژمنانی ئیسلام دەکا "لە ناوەڕۆکی روکەشیدا بۆ ژیانەوەی ئیسلامە بەڵام لە جەوهەردا بۆ مردنە..... بۆتە نەخۆشییەکی گەورەی ئیسلام" {روجیه غارودی/الاصولیات المعاصرة اسبابها ومظاهرها تعریب د. خلیل احمد خلیل، ص٧}، هەر ئایین کەلتوور دروست ناکات، بەڵکوو کەلتووریش پێدزە دەکا ودەخزێتە ناو هەندێ جومگەکانی ئایین وناهێڵێ ئایین وەک تەهزیب ووێژدانی مرۆڤانە بە پوخت وخاوێن لەمێشکی مرۆڤدا بمێنێتەوە! وبەڵکوو ماسکی ئایینی لەسەر دەکا وبەناوی خودا ئەو نەریت وکەلتوورانە دەکاتە بەشێک ئایین ولەراستیشدا ئەو جۆرە (توندڕەوی وپیتاک وتاڵان تێزانە، ئاییێکی بێ خودایە، کە کۆکردنەوە) تێکەڵ بەعەقیدە وشەرع دەکات! وهەر وەک ئەدینوسی شاعیری سوری گۆتەنی" تیرۆر بەشێکە لەمێژووی عارەب"{ئەدینوس"عەلی ئەحمەد سەعید ئیسبەر" نازناوەکەی لە ئەفسانەیەکی فینیقی وەرگرتوە، شاعیرێکی سوریە و رای وایە لەوەتەی دەوڵەتی ئیسلامی دروست بووە ، لەشەڕی

"هەڵگەڕاوەکان " بەو مەبەستەی " ئاسمان لەخۆ رازی دەکەن " بە تایبەتی کە مرۆڤ بونەوەرێکی دینامیکییە ولەگۆڕان ناوەستێ، خوێندنەوەکانی بەرەو ئەو ئارەزووانە دەبات کە لەناو هەناوی خۆی دەژیت و بەرژەوەندی دێنێتە دی و"هەوڵدانە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی دی"{ حنة اردنت/ في العنف،ص ٣٢}،ئیسلام ئاراستەکانی دژ بەعارەبی جاهیل بوو، ئیسلام چەندە کاریگەری لەسەر مرۆڤی عارەبکردووە، عارەبی جاهیلیش کە هاتە ناو ئایینی ئیسلام، هێندە کاریگەری کردە سەر هەندێک رەفتاری لایەنە بە ناوی ئایینی ئیسلام و لەدەروازەی فیقهە و شەرع خۆی خزاندە ناو هەندێ لەجومگەکانی ئایینی ئیسلام، تاڵان و بڕۆ وپاتارخۆری وپشک پشکێنە، کەیەکێ لەسیماکانی خێڵەکی عارەبییە، بەناوی ئایین لەفقهە ئیسلامی رەوایی زۆری پێدرا، لەکاتێکدا شەڕ ئەو کاتە لەئیسلام رەوایی دەبێ کە هەڕەشەیەک بۆ سەر ژیان و کەسوکار و خاکی مرۆڤی موسڵمان هەبێت، کەچی سەلەفییە جیهادییەکان بێ قەید و شەرت کۆمەڵگەی ئێستای ئیسلامیان کردۆتە" دار سلام و دار الحرب " ،کە لە ئیسلامدا بوونی نییە، لەگەڵ ئەوەی ئەرکەکانی ئایینی ئیسلام بەجێ دەگەیەنن، بەڵام ئەوەی لەگەڵ تێزەکانیان نەبێ ، دەکەوێتە نێو دار الحرب، بە "کۆمەڵگەی جاهیلی دادەنێ چونکە بە شەریعەتی ئیسلام دەسەڵات بەڕێوە نابەن"{ رضوان السید/ هەمان سەرچاوە،ص١٣٥}، سەربڕین، زیندەبەچاڵ، کۆیلەکردن..... هتد ئەمانە هەمووی نەریتی خێڵەکی عارەبی بووە نەک ئیسلامی، بەرامبەریان بەڕێوە دەبرێت، هەروەک عەلی وردی دەڵێ"مهنە لەمهانە یانی سوکایەتی" لەزمانی عارەبی هاتووە، عارەبی بەدو، پیشە و کار بە شەرمەزاری بۆ خۆی دەزانێ، بۆیە دەیەوێ بە زەبری شمشێر، نان بۆ بژێوی

ژیان پەیدا بکات، "وێن العدو احنا البدو" بەجۆرێکی دیکە لەسەلەفیەتی جیهادی گوزارشتی لێکراوەتەوە ، مرۆڤەکان وەک یەک لەدایک دەبن، بەڵام کۆمەڵێک فاکتەر هەیە ئەو مرۆڤانە دەخولڵقێنێتەوەو زۆر جار دەیکاتە گورگ ئاسا "هەرجینات مرۆڤ دروست ناکات بەڵکوو ژینگەو پەروەردەش مرۆڤ دەخولڵقێنێ"{گۆڤاری گولان/ ئازاد قەزاز_ داعش لە گۆشەنیگەی سایکۆپۆلتیکەوە،ل٣٤_٣٦} ،تیرۆرستیش بەتیرۆرستی لەدایک نابێت بەڵکوو بە"هۆی کۆمەڵێک هۆکاری ژینگەو کۆمەڵایەتی و سیاسی وعەقائیدەیی دروست دەبێت "{ فرانسیس فۆکۆیاما/نهایةالانسان و عواقب الثورة البیوتکنولوجیة – ت احمد مستجیر – ابریل٢٠٠٢ ، ص٦٤} بەم شێوەیە مرۆڤێکی نامۆ دەردەچێ و"تووشی رەشبینی لەهەموو شتێک دەبێ تەنیا راستییەکان لای خۆی دەبینێ" { ابراهیم الحیدري/ سوسیولوجیا العنف والارهاب – دارالساقی – طبعة الاولی ٢٠٠٥.،ص٢١٧}، کاتێ مرۆڤ بە ئەقڵی رابردوو شەقاو بۆ داهاتوو بنێ و هەر بە بەرهەمی مردووەکان بژیت و بیجوڵێنێ و ئەو تەڵبەندانەی کە بەدەوریدا کێشراون نەبینێ، ئازاد نابێ و ناتوانێ ئاڕاستەی مێژوو بگۆڕێ وهەر بە دیلی لەزیندان دەمێنێتەوە و پەیڕەوکردنی دەقی هەزاران ساڵ و لێکدانەوەی بیرمەندی مردووی چەندین سەدان ساڵە، کە بۆ ئەوڕۆ ئەفسانەیە!؟، دەرچوون لەو زیندانەش هێندە ئاسان نییە " تەسەورات هەنگەمە بۆ مرۆڤ دروست دەکات"{ ابراهیم الحیدري/ /نفس المصدر ،ص٢٢٦) بۆیە لەسەرهەڵدانی ئیسلام رواوە، وا ئاوی بدات بێ ئەوەی بزانێ ئێستا ئیسلام بۆتە پارک"{ جدو کریشنامورتی/ الحریة من المعلوم،ص٧٢}، عەلی شەریعەتی گوتەنی "نەخوێندنەوەی پەرەپێدانی جیهانی ئیسلامی

بەو مێژووەی، چوارده سەده فت دەکا "و لاهوتییەتی ئیسلام هەر بە دۆگمایی دەمێنێتەوە وبەردەوام بۆ دواوە دەگەڕێتەوە "، و هاشم سالحی جەزائیریش گۆتەنێ تا" ئەو دیاردانە بەسەر ئاو نەکەون نەخۆشییەکە بە دەرناکەوێ "، بۆیە دەڵێین داعش هەموو نەخۆشیەکە نییە بەڵکوو نیشانەیەکی نەخۆشیەکەیە.

## دووەم_داعش وکۆمەڵگەی عارەبی

لێتوژینەوە زانستییەکان و واقیعی کۆمەڵگەی عارەبی پێمان دەڵێ هێشتا پابەندی زۆر بۆ لە بەهاو داب و نەریت و ئەقڵیەتی بەدەویی ماون و کە بە بنکەیەکی ستاتیکی نەک دینامیکی بەیەکەوە بەستراوەو خۆ ڕاتەکاندن لەو واقیعە بەدەوییە کارێکی هاسان نییە و ئەو گەلانەی خۆیان لەو ستاتیکیتە رزگار کرد و شێوازی دینامیکیەتیان بۆ بەشداری هەڵبژارد لە بەشداری کاروانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی ،ئایین و داب نەریتی تایبەت بە خۆیان پاراست و پێگەی نویشیان بۆ خۆیان لەکاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەڵبژارد ، وەک ژاپۆنییەکان، کۆرییەکان ، ئیسرائیلییەکان، ........هتد .ئەقڵی عارەبی هێشتا دیلی کۆمەڵێک دەسەڵاتە کە هەندێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووری وروناکبیری وئایینیی تایبەت بە خۆیانە، هەموو لە ناو یەکدا (کارلێک)تەفاعول وهاوکاری یەک ودوو دەکەن بۆ ئەوەی کاریگەر دروست دەکەنە سەر تەفکیری عارەبی ورەنگدانەوەی هەبێت لەسەر رەفتارو گوفتار وتێڕوانینی تاک وکۆمەڵگەی عارەبی، زۆر لە روناکبیرانی عارەبی وەک محمەد عەبدەو جەمال دین ئەفغانی وتەها حوسێن وعەلی عەبدولرەزاق ونەسر حامد ئەبو زید وفودا ....... و، هەوڵیان دا بۆ ئەوەی کۆمەڵگە دەرباز کەن لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتۆنیدا، بەڵام هەر یەکە لەو

بەهرەمەندانە بە شێوەیەک لە شێوەکان  سزا دران، ئەوە تا ئیستاش رۆڵی کاریگەری هەیە لەنێو بونیەی سەرەکی  تەفکیرو ئەقلی عارەبی  رەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی هەیە بەسەر تاکی عارەبی بگرە کۆمەڵگەی عارەبیدا و لە بواری زانستی و روناکبیری و فکری و پراکتیکی و ئابووری و سیاسی ، کە بەهرەمەندی دەکوژێ و دەرفەت دەداتە تاریکپەرستان پەیدا ببن و کایەی نوێ دروست بکەن وەک داعش، ماسکی ئایینی بەبەر داخوزییەکان بکەن و خەرمانەی  پیرۆزی پێ بدرێ بۆ مەبەستی سیاسی نەک ئایینی و بەم شێوەیە لە لایەک بازرگانی بە ئایین بکرێ و لەلای دیکە درێژە بە دواکەوتن بدەن و کۆمەڵگە خەڵتانی خوێن بکەن. کارکردن بۆ رزگاربوون لە دواکەوتن نەک پێشینە دان بە دژایەتی رۆژئاوا گۆمەکەی شێلوترو قوڵتر کردەوە، راستە رۆژئاوا خۆسەپاندنی خۆی بەسەر عەرەبدا دەفرۆشی و کاریگەری زۆری بەسەریان دادەکات کە رابردوو پەرست بن نەک بیر لە داهاتوو بکەنەوە،  بەڵام لەراستیدا کۆمەڵگەی ئیسلامی وعارەبیش هاندەری ئەو هەیمەنەیە و تا ئیستا بیر لەوە دەکەنەوە هێرش بکەنەوە سەر ئیسپانیا و ڤیەنا و ئیتالیا، بۆیە بە ئەقلی "شەڕی پیرۆز" سەیریان دەکات و هەوڵ دەدەن ئیسلام ناشیرین نیشان بدەن و گروپە سەلفییە جیهادییەکان بۆ مەرامی سیاسی رەفتارەکانیان ئەوە دەخوازێ کە ئیسلام لە ئینسانیەت بشواتەوە، بە ناوی گەڕانەوە بۆ بنەمای ئیسلامی شەڕی ناوەڕۆکی ئیسلام بکات، داعش لەو بابەتانەیە کە خزمەتی رۆژئاوا دەکات نەک زیندووکردنەوەی ئیسلام وپێکهاتەو رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی ئیسلام ئالیکاری ئەو رەوتەی نێو هەناوی کۆمەڵگەی ئیسلامی دەکات، ئەوەتا تا ئیستا " ٣٠ % دانیشتوانی عارەبی بەدەوین و زۆربەیان  ٩٥%باوەڕدارن بەو شێوەی کە

ویعاز بۆ دەسەڵاتدارانیان قەبوڵە نەک ناوەڕۆکی ئایینی" {م .م. عقيل حسن ياسر/ (٢٠١٩)/ بحث اكاديمي / السكان والتحضر في الوطن العربي دراسة جغرافية / مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية ، ص٢٩٥}، و ئەوەتا "گەنجانی سعودی ٩٢ % و ٤٦ % ئاکپارتی تورکیا و وڵاتانی دیکە، هاوسۆزی داعشن و هاوکاری ماددی و مەعنەوی ومرۆیی داعش دەکەن"أحمد ت كورو(٢٠١٣)سياسة ذات مرجعية دينية بدون دولة إسلامية/ ص٥) ، چەندین بانک وهەوڵی پارە سپیکردنەوە دەدەن بۆ ئەو مەبەستە. بۆیە داعش هەر هێندە دەخوازێ کەڵک لە ئیسلام وشەریعەت وعەقیدە وەرگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ مرازە سیاسییەکانیان بەدەست بهێنێ {ویکیپیدیا/ تنظيم الدولة الإسلامي(داعش) حزيران –٢٠٢٢} وبۆمەبەستە خێڵەکییەکەی ونەتەوەییەکەی، خاڵە

سەرەکییەکانی ململانێ ناو داعش  کە جودایی لە نێو عارەب و غەیرە عارەب و هێنانە پێشی عێراقییە  بەعسییەکان و ناتەبایی لە نێوان زانای بواری شەرع و کۆلەوار لەو بورەدا وئیرستۆکراتییەتی داعش و خەڵکی خوارێیان ئەوەمان پێ دەڵێ کە داعش ناتوانێ درێژە بە ناوەڕۆکی خۆی بداو لەناوەوەش هەڵدەوەشێتەوە و ئەو هەڵوەشانەوە لەگەڵ شکستە سیاسییەکانی خۆی نیشان دەدات و هەست پێ دەکرێت، لە کۆتایدا  ئەو گوتەیەی فاروق رەفیق دەڵێمەوە ، کاتێ دەڵێ " بت شکاندن پێویستی بە فەیلەسوفی کلاسیکی هەیە نەک مۆدرێن" ئەو سیمایەش لە تێکشکاندنی بت پەرستی داعش نە دەبینرێ و نە هەست پێ دەکرێ و نە دەشتوانرێ مرۆڤەکان لە ئەشکەوتەکەی ئەفلاتۆن دەربهێنری و هەر بە هەمان زهنیەتی داعش وبەکار هێنانی هێز لەیەکلاکردنەوەی شەڕی دژە تیرۆری داعش بەکاربهێنن، ئەوەی بەهێز لەناو بچێ بە هێزیش دێتەوە.

## سێیەم_ تایبەتمەندییەکانی داعش

دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام"داعش " وەک رێکخراوەکە نەک وەک " دیاردەکە"، کۆمەڵێک تایبەتمەندی وسیمای خۆی هەیە، کە لەوەو پێش لەگروپی ئیسلامییەکاندا نەبووە، بە تایبەتی لەجۆری گەشەکردنی سیاسی وسەربازی وتوانای دارایی وراگەیاندندا لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا، خۆی کردە وێردی سەر زمانی دۆست ودوژمنەکانی!! وبەردەوام پانتاییەکی فراوان لەهەواڵ ورووداوە گەرمەکانی ناوچەکە ودونیا دادەپۆشێ، وا لێ هاتبووە جغزی سنووری رۆژهەڵاتی ناوەراست ببەزێنێ وخۆی لەسنوور وهێلە سوورەکان بدۆزێتەوەو لەوێوە هەڕەشە ومەترسی دروست بکات! وپەیام بنێری بۆ دوژمنە دوور ونزیکەکانی!! و سنووری دوو دەوڵەت لەسەر نەخشە رەش

بکاتەوە و قەوارەیەکی سیاسی نوێی نامۆ بە یاساو ڕێساکانی دونیا قیت کاتەوە بە ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام"، ئەو مەترسییە هەر لایەنی ئایینی نەگرێتەوە وبەڵکوو فراوانخوازییەکەی ئەوروپا و جیهانی کریستیانی گرتەوەو{ ویکیپیدیا/ تنظیم الدولة الإسلامي(داعش) حزيران ـ٢٠٢٢}، مەترسی ئەوە لێک بدەنەوە کە ئیسلام هەڵدەکشێ و بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە، ئیسلامگەرایی والێکدەداتەوە، کە شەڕی خاچپەرستی و سایکس پیکۆ بە ڕەنگ و بۆیەکی دیکە خۆی نوێکردۆتەوە، لەماوەی نزیکە سەدەیەکدا کە ئیسلامی سیاسی چەکەرەی کردوە و سەریهەڵداوە ، پتر لەچارەکە سەدەیەکی سەلەفییە جیهادییەکانی نێو ئەو ڕەوتە، گروپێکی وا خوێناوی و خوێنڕێژ پەیدا نەبووە بە ماسکی ئایینەوە، بتوانێ بەو خێراییە هێز لەخۆی کۆکاتەوە و بتوانێ پانتایی جوگرافیای بندەستی فراوان بکات، گەنج بەو قەوارەیە و ڕێژەیە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، نەک هەر گەنجی بێکار و بێ ئیش لەکۆمەڵگەی دواکەوتووی ڕۆژهەڵات و ئیسلامیدا، بەڵکوو لەو پەڕی ڕۆژئاوا ، ئەکادیمیست و خاوەن ژیانێکی مسۆگەری شاد و پڕ لەماددیەت و دوور لەروحانییەت ، بهێنێتەوە لەو خۆشیە هەڵیقەنێنێ و تەوزیفی بکات بۆ روحانییەت و خۆکوشتنی پێ ئەنجام بدات بە ناوی شەهادە و بەهەشتەوە و "ژیان لەدەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامی کفرە'(مسائل من فقه الجهاد/ ابو عبدالله المهاجر، ص12}،هەڵقۆستنەوەی سیاسی و تەنگژەی ئابووری و سەربازی و ئایینی بۆ بەرژەوەندی خۆیدا، وەک داعش پەیدا نەبووە کە بە قازانجەکانی خۆیانی ببات لەو ماوەیە کورتەدا و زۆر بە خێرایی گورز بوشێنێ" وەک مار لەناو تاشەبەردان جولە دەکات وزۆرترین زەرەری گیانی بگەیەنێ لەکاری تیرۆرستی بروسک ئاسا" {باتريک کوکبيرن/ ترجمة ميلثين حبيب/دار الساقی / طبعة الاولی / بيروت٢٠١٥، ص٢٠}،ئەوجا ئەو توانا

راگەیاندنەوەی لەفرە کەناڵیدا بەکاری بهێنێ بۆ داکۆکیکردن لەخۆ و رەتدانەوەی بۆ ئەو رەخنە و دژایەتیانەی لەبەرامبەریان ئەنجام دەدرێت وئەو رقە مەزهەبییە برەو پێ بدا بۆ قازانجی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی بەکاری بهێنێ کە تیایدا "بە سەرکەوتویی و لێهاتوویی و بەهرەمەندیی خۆی نیشان بدات و دوژمنی خۆی بخاتە گۆشەنیگای داکۆکیکردن نەک هێرش بردن"{ ذ وات / العدد(١) مجلة تصدرها مؤسسة المؤمنون بلا حدود ، ص٢٢}، و روداو و پێشهاتەکان بقۆزێتەوە و تەفاعلیان لەگەڵدا بکات بۆ مەبەستی خۆیدا و لەرووی دارییەوە توانیویەتی ئابووریەکی باش بۆ خۆی و کاربەڕێوەبردن وئیدارەکردنی دەوڵەت و رێکخراوەکەی خۆی دروست بکات و دەیان سەرچاوەی بۆ رابکێشێ کە هەندێکیان لەگروپی ئیسلامییەکان دوورە و ئەوجا ئەو پلانە مەحکەمە سەربازیانە دابڕێژێ و تیایدا سەرکەوتوو بێت و شەڕی چەند بەرهەم بهێنێ بە مرونەت و سەلابەت، کە بتوانێ ببێتە ئەو پرۆژە گشتگیرەیە لەسەر ئاستی فیکری و فراوانخوازییەی ئاستی جوگرافی و ببێتە تاقانەی لێکدانەوەی ئایینی و هەرچی لەو لێکدانەوە و تائویلانەی ئەو دوور بێت بە کافری لەقەڵەم بدات و ئەو دەوڵەتەی کە خۆی بە زەبری هێز وخوێنڕشتن دایمەزراندوە، باوەڕ بەو توێژە فراوانە بکات کە تەنیا دەوڵەتی باوەڕدارانە، هەرچی لەدەرەوەی ئەو دەوڵەتە بێت ئەوا لەدەولەتی فاحشیە وکافرەو خوێنێ حەڵاڵ{ ابو عبدالله المهاجر/ مسائل من فقه الجهاد، ص٨}.

## تەوەری دووەم:

## دەرکەوتنی داعش لەنێوان سروشتی ودەستکردیدا

سەرهەڵدان ودروستبوونی داعش وەک رێکخراو، گفتووگۆییەکی زۆری خوڵقاندوە لەسەر ئەوەی کە داعش بۆ مەبەستی دەرەکی دروست بووە یا خۆد لەژینگەی خۆی وەک وەڵامدەرەوەی ناوخۆیی خۆی سەریهەڵداوە، هەر یەکە و لەگۆشەنیگایەک لێکدانەوە و ئەنالیستی بەپێی بەرژەوەندی و جیهانبینیی خۆی بۆ دەکات ، کە گەلەک جار ئەو ئەنالیستییە دیفاکتۆی دروستبوونی داعش وەک خۆی بە لاڕێ دەبات و وا نیشان دەدات کە داعش دەستکردە و بۆ مەبەستێکی دەرەکی هاتۆتە مەیدان، یاخۆد لەئاکامی هۆکارە ناوخۆییەکان بێ ئەوەی لایەنی دەرەکی لەبەکارهێنانی دەرەکی لەبەر چاو بگرن، گرنگ ئەوەیە وێنایەکی راستەقینە و واقیعی نادەن لەلێکدانەوەکاندا، لەراستیشدا، دروستبوونی داعش هەردوو لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی لەبەرهەمهێنانیدا خرِبۆتە و هەر یەکە پێگەی خۆی هەیە بە تێکهەڵکێشراوی لەنێو رایەڵەی سەرهەڵدانی داعشدا، فەرامۆشکردنی هەر یەکەیەکی دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی لێکدانەوەی زانستیانە بۆ ئەو رێکخستەنە،لایەنی دەرەکی لەهۆکاری ئابووری بەتایبەتی لەهێڵی هەژاری وبێکاری ونادادوەری دەسەڵاتداران ولایەنی کۆمەڵایەتی ومەزهەبیدا وبۆشایی دەروونی،کە توێژێکی گرنگ وبەرفراوان تەیار بکا ولەئامێز بگرێ،ئاڕاستەیان بکات بۆ ئەو مەبەست ومەرامانەی کە خۆی دەیخوازێ، ئەو توێژە وەک گرێکوێرەی وتێکشکانی مرۆڤی عارەبی لەبەردەم شارستانیەتی رۆژئاواو و دەسەڵاتە شمولییە ناوخۆییەکاندا و تێکشکانی و سەرنەکەوتنی رەوتە سیاسییەکانی دیکە لەخواستەکانیان، بەردەوام وەک فریادرەس بە

هەموو کەموکوڕییەکان، وەربگیرێن باوەڕ نەبوونەوە بە خود.لەگەڵ ئەوەشدا گرنگ ئەو بتانە بۆ مرۆڤی عارەبی ئیسلامی بشکێنێ و ئەو گرێکوێرانەی بۆ بکاتەوە کە خوازیاریەتی، عەلی وەردی گۆتەنی "مرۆڤی عارەبی چەندە خۆی بە مۆدرین و پێشکەوتووخواز بزانێ ،هێشتا نەیتوانییوە لەو سایکۆلۆژیەتە "بدوية" یە عارەبییە خۆی رزگار بکات و شتەکان بە جۆری" ڤیدیۆیی نەک فۆتۆیی ببینێ "، بڕوابوون بە چارەسەرکردنی مژارەکان بەهێز و لەزەت وەرگرتن لەخوێنڕێژی و کە تەبیعەتێکی نەفسی عارەبیەو پێدزەی کردۆتە نێو ئیسلام و ماسکی ئایینی پێدراوە، ئەم خواستە سۆسیۆلۆژییەو کۆمەڵاتییەو ئابوورییە وسیاسییە و فەرهەنگی و کەلتووری ونەریتی عارەبییە، زەمینەی بۆ داعش و دیاردەی داعشیزم خۆشکردەوە لەسەر زەمینەی عارەبی و ئیسلامی بڕوێ و لەخەیاڵدانی عارەبیدا تۆڵەی مێژوو لەشارستانیەتی رۆژئاوا دەکاتەوەو کێماسییە کەسایەتییە نەتەوەییەکانی پێ پڕ دەکاتەوە، کە هێندێ لەو بە ناو موجاهیدانە شادە بە محەمەد ناهێنن، نوێژو رۆژو ناگرن و لایەنی ئایینی پاڵنەریان نییە و ئەوەش ناوەڕۆکی پڕۆژە خێڵەکییەی داعشە نەک پڕۆژەی ئایینی کە بانگەشەی بۆ دەکات!!. بێ ئەوەی هێزی دەلالەت لەفەلسەفەی داعش رەت بکەینەوە کە کردویەتە دێوەزمەی رۆژگار و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنێ و ناکرێ ببەزێ کەچی، دێوەزمەی "بەزیین نازانیین" لەسەردەستی هێزی پێشمەرگە و شەڕڤانان ، توڕی تێهەڵدرا، ئەگەر بۆیەی ئایینی پێ نەدرێ ، مەحاڵە بتوانرێ مرۆڤ پەلکێشی بەکوشدان و خۆکوژی بکات ، لەبەر ئەوەی " گەورەترین هێز کە دەتوانێ جولە بە مرۆڤ بکات هێزی ئایینە"{هەمان سەرچاوە،ص٢١}، بۆیە ناکرێ لایەنی عەقائیدی فەرامۆش بکرێ لەو نێوەندەدا وەک پاڵنەر نەک تەواوی هۆکارەکان.هۆکارە دەرەکییەکان بۆ مەبەستی سیاسی و

پاراستنی بەرژەوەندی هەندێ وڵاتی ئەقلیمی و باڵادەستی دونیا ، کەبەرژەندیان لەوەدایە بەردەوام باڵانسی سیاسی و سەربازی و ئابووری بەو هەڕەشانە رابگرن لەناوچەکەدا، وەک ئەندەر سنودەنی سەر بە وەکالەتی سی ئای ئەی کە لەسایتێکی ئینتەرێت بڵاوکراوەتەوە "داعش بەهاوکاری ئەمریکاو ئیسرائیل وبەریتانیا بۆ ئەوە دروست بوو تاوەکوو بتوانێ توندڕەوانی ئیسلامی لەپێگەیەکی دیاریکراو کۆ بکاتەوە پێی بگوترێ هێلانەی زەردەواڵە"{ایج پریس_ سایتێکی ئەلکترۆنییە ،١٤/٧/٢٠١٥ }، کە تیادا دروشمی توندڕەوی ئیسلامی بەرزکاتەوەو ململانێکان لەبری ئاراستەی ئیسرائیل، ئەوا ئاراستەی ناوخۆی ئیسلام دەکات!، سیبل دەنیز ئیدموندز لەچاوپێکەتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (RT) رووسی ، راوێژکاری پێشووی نوسینگەی لێکۆڵینەوەکان ، دەڵێت: "داعش دروستکراوی FBI و ئەمریکایە هەر وەکوو قاعیدە کەپێشتر بۆ شەڕی یەکێتی سۆڤیەت دروستکرا"{ هەمان سەرچاوەی پێشوو}،هەر ئەو لێپرسراوە دەڵێ "داعش نە مەترسی بۆسەر ئەمریکا هەیە نە ئەمریکاش لەداعش دەترسێت{ هەمان سەرچاوەی پێشوو}، بەڵکوو داعش بۆ ئەوە دروستکراوە بازاڕی ئابووری ئێستای جیهان بگۆڕێت و چەکەکانی ئەمریکا بازاڕی جیهانییان بەهێز بێت، چونکە ئەگەر شەڕ نەبێت بازاڕی چەکیش نابێت وئەوەتا خۆ بە ئاشکرا فڕۆکەکان دەنیشنەوەو پێداویستی سەربازی بۆ داعش دابین دەکەن" . هەروەها گوتی "داعش داخوازییەکەی ئەمریکای هێنایە دی و داخوازی ئەورپاییەکانیش لەوەدایە کە ئیسلام بە تیرۆر ببەسترێتەوە" {شرۆڤە / سایت ئێن ئاڕ تی/٢٤/١/ ٢٠١٥}،فڕۆکەی بار هەڵگر بە تەقەمەنی و چەک، لەفڕۆکخانەی تەلەعفەر نیشتیتەوە و هاوکاری سەربازی داوە بە داعش و ئەوەتا سەرچاوەیەک لەسوپای عێراق ئەوهەواڵەی داوە کە "دوو هەلیکۆپتەری سەربازی لەناوچەکانی سەر بە پارێزگای دیالە ، چەکداری

لەناوچەکانی ژێر دەسەڵات داعش دادەگرن"{تۆڕی هەواڵی سلیمانی سی ئێن ئێن ٢٠١٥/٢/٤}، جۆرە هەواڵانە چەندین جار دووبارە کراوەتەوە، ئەم لێدوانانەی سەرەوە هەمووی قسەی موخابەرایەتین و تەنیا ئەوەندەیە وڵاتانی ناو هاوکێشە ئەقلیمی ونێودەوڵەتییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدوورەوە کەڵک لەهەبوونی داعش وەردەگرن ،لەراستیشدا لەناوبردنی تیرۆر"پێویستی بە هاوکاری هاوبەش هەیە، کە تیادا ئامانجە لەپێشینەکانی ئەو لایەن و وڵاتانە لەبەرچاو دەگیرێن کە تیایدا بەشدارن" { دیڤید کین / حرب بلا نهایة ،ص٥}، لەگەڵ ئەوەش وەک دیڤید کلارک راوێژکاری حکومەتی کرێکاری بەریتانی پێشوو گۆتەنی "پەلاماردانی تیرۆرستان پێویستی بەهەڵمەتی سەربازی بۆ لەناوبردنی تاوانباران و هەڵمەتی سیاسی بۆ گۆشەگیرکردنیان هەیە ، کەچی لەشەڕی دژە تیرۆردا هیچیان لەبەرچاو ناگیرێ" { دیڤید کین / هەمان سەرچاوە ،١٥ص} ، هەر بۆیە شەڕی تیرۆر هەندێ پێشینەی هەیە بە ئاشکرا دەبینرێ ، زۆر گومان دروست دەکات ، کە ئامانجی نهێنی هەبێت لەهەبوون و بەڕێوەبردنیدا، ئەوەتا سعودیاو پاکستان تا سەر ئێسقان لەپەیوەندیدان لەگەڵ سەلەفییەکان، کەچی گەورە لێپرسراوانی وەک جۆرج بۆشی باوک و دیک چینی وکۆندۆلیزا رایز،پەیوەندی بازرگانی پتەویان هەیە لەگەڵ دەوڵەتی سعودیاو لەهەڵمەتی وشککردنی سەرچاوەی دارایی تیرۆرستان،خۆگنخاندن دزینەوە لەگەڵ سعودییەکان،هەستپێدەکرێ و ئەمریکییەکان ساڵی ٢٠٠٢ داگیرکردنی کابولیان پێ ئەولەویەتتر بوو لەدیلکردنی بنلادن"{ دیڤید کین / هەمان سەرچاوە ،ص١٠٥}.

# تەوەری سێیەم:

## یەکەم: سیمای خێڵەکی لەرەفتارەکانی داعشدا

ئەگەر ڕەگی توخمەکانی مێژووی ئەو ڕەوتە نامۆ و سەیرانەی کە ئێستا بە دەمارگرژییەکی زۆرەوە وبە توندوتیژی نمایش دەکەن لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا توخمی مێژوویی پێکهاتە ورەگی سەرهەڵدان وداهاتووی ئەو رەوتە دەستنیشان نەکرێ و نەخوێنرێتەوە ورەفتاری ئەکتەرەکانی سەر شانۆی مێژووەکەی هەڵنەسەنگرێ و لێک نەدرێتەوە کە چ هێزگەلێکی لەدروستکردنی ئەو مێژووەدا خۆی حەشارداوە، زانستییانە نابێ بۆ خوێندنە وهەڵسەنگاندنی داعش، ئەگەر لەچوارچێوەی تۆیەکەی خۆی کە لەقوڵایی مێژووی خۆیدا نەبینرێ، داوەری کارێکی ئاسای نابێ قسەی لەسەر بکرێ، کە هەندێک دەڵێن" وەک تیشکی ئەستێرەیە ئێستا روناکییەکەی پێمان دەگات"، خێڵ پەرستی داینەمۆی ئەو کۆمەڵگەیە عارەبییە بووە کە ئیسلامی تیادا سەریهەڵداوە، لەهەندێ لایەندا هێزێکی متبووی نێو هەناوی ئەو ئایینە بووە، پێدزەی کردۆتە نێو کاراکتەرەکانی سەر شانۆی نمایشکردنی ئەو روداوە گەورەیە لەدوورگەی عارەبدا رویداوە، تا ئەورۆش ئەو خێڵ پەرستییە رۆڵ دەبینێ، پێغەمبەری ئیسلام کە سەر بە بەرەبابی هاشمییەکانی قوڕەیش بوو، باڵادەستی سەرەکی نێو ئەو خێڵە بووە، ئیسلام ویستی خۆی لەسەر بنەمای ئومەتی عەقیدەپەرستی تاک خودای خۆی بینا بکات، بەڵام سۆزی بۆ خێڵ پەرستی و هێزی متبوی نێو هەناوی ئەو بونیاتە تازەیە تا سەر دێزە بەدرخۆنە بکرێ ، دەست نەوشاندن لە پێغەمبەری ئیسلام لەلایەن قوڕیشەوە بەهۆی پاشخانی رۆڵی

هاشمییەکان و بەنی نواف بوو لە نێو ئەو خێڵەدا، دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر لەخیلافەت ودەستنیشانکردنی خەلیفەکان کە تا ئێستا رەنگرێژی خۆی بە جۆرێک لەجۆرەکان ماوە هەر بینای لەسەر خێڵەکییەت بوو ئیسلام ئاراستەی مرۆڤی بتپەرستی عارەبی جزیرە بوو، کاتێ لەبەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی ئیسلام دەستەوەستان مانەوە بە ناچاری بوونە ئیسلام بەو ئومێدەی بە مردنی محەمەد ئیسلام هەڵدەوەشێتەوە، هەوڵی هەڵگەڕانەوە لەدوای وەفاتی پێغەمبەر بۆ ئەو مەبەستە بوو، بەڵام سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانە کە هەندێک ئیمتیازاتی پێ بەخشین لەناو ئیسلامدا عارەبی داوەراندەوە، سەقیفەی بەنی سەعد وامان پێ دەڵێ ، جێنشینەوەی پێغەمبەر(خەلیفە) لەسەر بنەمای ئایینی نەبوو بەڵکوو خێڵەکی بوو کە کێ هێزی لەپشت بوو ئەو گرەوەکەی بردەوە ، کاتێ ئەبوبەکر بە خەلیفە هەڵبژێردرا ، بەرامبەر بە ئەنسارەکانی مەدینە گوتیان ئێمە میراتگری پێغەمبەرین و ئیسلام لەسەردەستی ئێمە دروستکراوەو بۆیە ئیمامەت لەدەست قوڕەیشەو خوارەوەتر دەکرێ لەدەست خەڵکی دیکە بێت، لەبەرامبەر هاشمییەکان وترا " پێغەمبەر لەئێوە بوو و دەبێ خەلیفایەتی لەئێمە بێت ، هەر بۆیە بەنوئومییە کە خۆی بە سەرۆکی هەموو قوڕەیشییەکان دەزانی لەسەردەمی جاهیلیەت و دوای خیلافەتی راشیدینیش توانیان گرەوەکەی ببنەوە ، لەسەردەمی راشیدیندا گەورەترین رێگر بوون بۆ بەدەسەڵات گرتنەدەستی ئال و بەیت، تا وای لێهات معاویە زۆربەی قوریشیەکانی لەدەوردا بووە و عەلیش زۆربەی عارەبەکانی لەدەوردا بووە ، هەڵگەڕانەوە و فیتنە هەر لەناوخندا خێڵەکی بوو. داعش تەواوکەری ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرەی نێو مێژووی پتر لە ١٤٠٠ساڵەی ئیسلامە ودەخوازێ جارێکی

دیکە بەو فێرژنەوە خۆی نمایش بکاتەوە لەدەورانێک کە کەڵچەری نەتەوەیی کز بووە و باهۆزی کەلچەری ئینتەرناسیولیستی دەخوازێ جێگیر ببێت لەهەموو دونیا، ئەگەر دەمارگرژی عارەبی و خێڵەکی نەبێت بۆ عێراقییەکان لەناو داعش سەرقافڵەی دەسەڵاتن ، جێیی متمانەی بەغدادی دەبن ، بۆ دەبێ دەسکەوت و تەکفیرو تەوەحش و تۆڵەکردنەوەو بە سوک سەیرکردنی ژن بەو شێوەیە بێت، ئەگەر خێڵەکی نەبن بۆ دەبێ هەر بە قیلە و قالەی سەلەف مژوڵ بن و نەزانن بۆ داهاتوویان بکەونە کار و بەو چەکەی کە رۆژئاوا پێشکەوت و خۆی رزگارکرد هەوڵ نادات کۆمەڵگەیان پێشبخەن، ئیسلام ئایینە نەک کەلچەری خێڵەکی و پێغەمبەری ئیسلام هەوڵی دا لەسەر عەقیدە خەڵک کۆ کاتەوە نەک لەسەر بنەمای خێڵەکی و نەتەوەیی و هەرێمی ، کەچی سەلفییە جیهادییەکان تەوەری گرنگی زیندووکردنەوەی خێڵەکیەتن و هەمان رەفتار پراکتیزە دەکەن کە ئەمەوی و عەباسییەکان پێش پتر لەهەزار ساڵ پەیرەویان کردوە و ئیدارەیان پێ بەڕێوە بردووە ، ئایینییان بۆ خێڵەکییەت و پاراستنی کەلچەری خێڵەکیەت بەکارهێناوە و بەکاردەهێنێتەوە و شەڕ لەسەر دادوەری و بنەمای ئیسلام نییە بەڵکوو شەڕ لەسەر پاراستنی بنەماکانی خێڵکیەتی عارەب نەژادە بە بۆن بەرام و بۆیەکی ئایینی کە لەراستیدا ئایینەکە سوک دەکات.

## دووەم: سایکۆلۆژیەتی خێڵەکی عارەبی لەبەکارهێنانی هێزدا

سیاسەتی قوڵکردنەوەی کارە وەحشیگەراییەکانی داعش وەک دیاردەو پراکتیزەکردنی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی داعش، وەک ستراتیژیەتی شەڕێکی سایکۆلۆژیەتی دژ بەنەیارانی لەموسڵمانان وغەیرە موسڵمانان بڵاوکردنەوەی ترس وتۆقاندن وپەیامێکی خوێناوی بۆ راکردن یاخۆد خۆبەدەستەوەداندا، چەندە ئەو تاوانانە گەورەو نامرۆڤانەتر بێت، ئەوە لای راگەیاندنی داعش پانتایەکی زۆرتر وەردەگرێ. یەکێ لەبنەماکانی خێڵەکی عارەب پشت بەستنە بە هێز لەیەکلاکردنەوەی کێشەکان، ئەمەش دوورە لەئیسلام و نزیکە لەسایکۆلۆژیەتی خێڵەکیەتی عارەب کە شیرو شمشێر رۆڵی سەرەکی بینیوە لەژیانی مرۆڤی عارەبیدا، زانستی سایکۆلۆژی هەر وامان پێ دەڵێ کە جوامێری وئازایەتی و خانەدانی وبوێری بەشی سەرەکی سایکۆلۆژیەتی مرۆڤی لادێییە، وەک عەلی وەردی دەڵێ "هەر بۆیە فەیلەسوف بە دەگمەن لەناو کۆمەڵگەی لادێیی هەڵدەکەوێت، بە پێچەوانەوەی شارستان ئەقڵانیەت لەلای ئەوان گرنگترە لەئازایەتی"، داعش وەک میراتگرەوەی ئەو ئەقڵیەتە بەدەوییە عارەبییە نەک سەلەفی جیهادییە دەخوازێ کەلچەری خێڵەکییەتی عارەبی نەک ئایینی ئیسلام، بپارێزی، لەبەردەم هەستکردن بە تێکشکانی نەفسیەتی خۆ بەگەورەزانی حوکمڕانی پتر لە ١٠٠٠ ساڵەیان کە دونیای ئیسلامی ئێستایان لەدەست دابووە کەچی ئێستا وا لەبەردەم رۆژئاوا بچووک بونەتەوەو دواکەوتوونە لەرەوڕەوەی مێژوودا، دەخوازن ئەو گەورەییە بۆ عارەب بەدەست بهێنەوە نەک دادوەری و یەکسانی و خۆشەویستی و برایەتی و ....، کە ئایینی ئیسلام بینای لەسەر کردو گرنگی وبەهرەمەندی پتری تیا دەخولقێنرێت، ئەو شەڕەی کەداعش دەخوازێ بیکاتە شەڕێکی

پیرۆز لەپێناو پارێزگاری ئیسلامدا ، لاسایکردنەوەی بەناو " شەڕی پیرۆزی "کریستیانە کە لەسەدەی یازدەمەوە بەڕێوە چوو خوازیار بوو ئیسلام لەئینسایەت بشواتەوە، ئەوا رێک داعشیش بەو پەیامە خوێناویانەی بۆ موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکان ئیسلام بەهەمان جۆر ببات، کە "ابی بکر ناجي" دەڵێ " گواستنەوەی ئومەتە لەقۆناخی تاریکی و شەڕەوە بۆ قۆناخی ئاشتەوایی"{ ابی بکر ناجی / ادارة التوحش ،ص١٥٠}، کە بە ڕای ئەو نوسەرە، ئەو ساتە وەختە کە ئێستا تێیداین، بەهەمان دەورانی وەفاتی پێغەمبەر وێنا دەکات کەهەڵگەڕانەوە دەستی پێکردو لەجاهیلییەوە بۆ چەسپاندنی ئیسلام شەڕ دەکات و بۆ وەک خەلیفە ابوبەکر توندڕەوی نیشاندا بەرامبەر هەڵگەڕاوان ، ئەوا پێویستە داعشیش هەمان کار بکەن و بەشیرو شمشێر و توندڕەوی بێڕەحمانە ئیسلام بەرز راگرن ، کە لەگۆشەنیگای یاساکانی دارستان بەڕێوەدەچن و کە هێز یەکلاکەرەوەی هەڵوێست دەبێت ، کە بەهۆکاری سەرکەوتنی عەباسییەکانی دەزانی وبۆیە پێویستە ئەو تەوەحشەی عەباسییەکان بەڕێوە ببرێترەوە وهەمان ڕیبازی وەهابییەکانە لەمێژوودا وبەکارهێنانی وەحشیگەریانە لەکاتی پێویستدا، گەلەک پێویستە، هەروەها ئەبی بەکر دەڵێ" ئەم وەحشیگەرییە وناوبانگی"موجاهید" بەرز رادەگرێ و ترس وتۆقاندن دەخاتە دڵی دوژمنان"{عبدالباري عطوان / الدوله الاسلامية،ص١٦٣}وبەڕێوەبردنی سیاسەت بەو ئەقڵیەتە کارێکی یەکجار ئالۆزەو هەندێک رایان وایە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە بۆ کەلتوورو پلەی شارستانیەتی ئەو گەلە دەگەڕیتەوە (هنتنگتون)لەپەرتووکی ململانێی شارستنیەت شرۆڤە دەکات وهەندێکیش بۆ هۆکاری ئابووری کۆمەڵاتی دەگرێتەوە، وەک ئیبن خەلدون گۆتەنەی " عارەب لادێی (بدوي)ترین و دوورترینین لەپیشەسازی،لەنێو گەلانی سەر دنیان"{علاء الاعرجي/ ازمه التطور الحضاري،ص٧٦}

لەراستیشدا کاتێ مرۆڤایەتی لەقۆناخی سەرەتاییەوە( کۆکردنەوەی تۆ وبەرهەمی کشتوکاڵی وراوکردندا) هاتنە سەر قۆناخی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ وقۆناخی دابەشکردنی ئیش ونیشتەجێبوون لەشارەکان ودوای بازرگانیکردن و پاشان پشەسازی،"عارەبیش بە قۆناخی کشتوکاڵی وپیشەییدا رەت نەبوینە، لەقۆناخێ لادێیەوە گەیشتونەتە سەر دەسەڵات و ەءز و پارە بەسەریان باریوە ، ئەم تێپەڕنەبوونە زۆربەی بەهاو کەلتوورەکانی دەورانی لادێی هێشتۆتەوە لای ئەم میللەتە"{علاء الاعرجي/هەمان سەرچاوە ،ص٧٩ } بەم شێوەیە عارەب لەبەردەم دەستگرتن بە ستاتیکییەتی پاشماوەی بەهاو ئەقڵیەتی بەدەوی بەرێوە دەبەن بێ ئەوەی دینامیکیەتی گۆڕان بدۆزنەوە، بەتایبەتی ئەو بینای شارستانیەتیان کردوە دەستیان لە کەلتووری خۆیان هەڵنەگرتووە."٢٥ %عارەب بەدون و لەو رێژەیە ٧٥% بۆ ناوەڕاستی دوورگەی عارەب دەگەڕێتەوە"{ علاء الاعرجي/ هەمان سەرچاوە،ص٧٩}، ئەم بەها وکەلتوورەی بەداوەتەوە تێکەڵبووە بە لەبونیەتی سەرەکی ئەقڵی عارەبی ئاڵاوە و بەشێوەی نەرێنیەوە رەنگی داوەتەوە سەر ئەدائی فیکری وسیاسی و ئابووری و .....، کە بەهەرەمەندی دەکوژێ و دواکەوتن زیاتر دەبێت، بەم شێوەیە ئەو ئەقڵە ساکارەو خێڵەکییە نەیتوانی لەرۆژگار بگا وبنەمای گەمەی سیاسییەکان تێنەگەیشتون، لەکاتی سەر هەڵدانی ئیسلام هەوڵی دا ئەو بەهاو کەلتوورە تور تیاهەڵدات بەڵام وا پێ دەچێ سەرکەوتوو نەبوو بێت، هەر بۆیە دەبینین ئەقڵیەتی سیاسی و ئایینی عارەبی دەسبەسەرکراوی دەسەڵاتی فەرمی وداب ونەریتی کۆمەڵگە وکاریگەریەتی ئایینی و مەزهەبیەتە، کە بە کۆی هەموو ئەو لایەنانە تەفاعول وهاوکاری یەکدی دەکەن لەبەدیهێنانی تەفکیرو رەفتار وتێڕوانینی بۆ شتەکان، بۆیە کارێکی هێندە ئاسان نییە ئینسانی عارەب خۆی

لەو هەموو فشارانە راتەکێنێ ودینامیکیەتی گۆڕان بگرنە بەر بۆ بەشداریکردن لەئیزافەکردن و لەکاروانی شارستانیەت.
بۆیە ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتە دیلی ئەو ئەقلیەتەی کە داعش بەوەرەسە بۆی ماوەتەوەو لەدەورانێک کەلتوورێک بەڕێوەی دەبات کەدونیا سەراوبنی گۆڕاوە تەنیا ئەو نەبیت. لەراستیدا هۆکار تەنیا لایەنی کەلتوری نییە،بەڵکوو هۆکاری جۆراوجۆردا ئەم کارە رودەدات ، زانستی سایکۆلۆژیەت پێمان دەڵێ ،کە مرۆڤ لەو کاتانەدا کەئەنجامی ئەوجۆرە تاوانانە دەدات توشی لادانی کەسایەتی دەبیت (دابڕان) "کەسایەتی دەبێتە کەسایەتی دیکە وئەقلیەتی باتینی دەگۆڕێ ودەبیتە ئەقلیەتی باتینی هەموارکراوی جودا لەئەقلی باتینی نۆرمەڵی ئەوکەسە وئەو مرۆڤە هەست بەهەیەجان دەکات لەزەت لەو تاوانانە دەبینێ و دەکەوێتە رکابەریەکی ماتماتیکی لەگەڵ هاوسەنگەرەکانی"{عبدالباري عطوان/الدولە الاسلامية،ص١٥٠}، لە چاخی روکردندا ، کە ئینسان لەو دەمدا توندوتیژ بوەو لەگرێکۆرەی " ئێش وخوێن ومردن – کە پەیوەستە بەراوچی چاک "{ عبدالباری عطوان/ هەمان سەرچاوە ، ص١٤٩}، لەکۆتایدا قسەیەکی دۆناڵد جی داتون دەڵێ "هۆکاری سەرەکی ئەو توندوتیژییە بۆ دەمارگیری خێڵەکی دەگڕێتەوە کە وزەیەک دەدات بۆ لەناوبردنی گەلێک بە تەواوی"{ عبدالباری عطوان/ هەمان سەرچاوە، ص ١٤٩}

## سێیەم:

## دەسکەوت پەیداکردن

ئەلئەعراب لەقورئان ناویان هاتووە، لەنان پەیداکردندا پشتی بە شمشێرو شیر، بەستووە تەنانەت عەلی وەردی دەڵێ وشەی (میهنة)ی عارەبی لەمهانەو شەرمەزاری پەیدا بووە، لەبەر ئەوەی ئەلئەعراب پێی شەرمە نانێک بە زەبری شیر پەیدا نەکات بیخوا، ئەم نەفسیەتە تا ئیستاش پەنگی خواردۆتەوە بە شێوەیەکی متبوو ڕەنگڕێژی هەیە لە ناو نەفسیەتی ئینسانی عارەبیدا ،ئەگەر رای فەیلەسوفی ئەلمانی یورگن هابرماس بەراست وەرگرین کە دەڵێ" ١١سپتێمبەر هۆکاری سیاسی و ئابووری لەپشتدا بووە نەک هۆکاری کەلچەری وەک هینتگتۆن بۆی دەگێڕێتەوە"، ئەوا هۆکار ئابووریش لەپشت سەرهەڵدانی داعش و ڕەفتارەکانی داعشدایە، زۆر لەو چەتانەی داعش پەیوەستداری عەقیدەی ئیسلام نیین و تەنانەت نازانن رووی قیبلە لەکوێیە ، کەچی بەرپرسن لە نێو داعشدا، ئەوەی ئیسلام حەرامی کردوە بەڕێوەی دەبەن، ئەوەتا یەکێ لە هۆکاری سەرەکی بەرفراوانبوونی لەشکری داعش بێ کاری و ئاستی دابەزینی هەژاریی کۆمەڵگەی عارەبییە، کە خۆی لە قەرەی پتر لە٥٠_٦٠% دەدات و یەکێ لە هۆکاری خۆبەکوشدان و هێرشەکانی داعش هۆکاری ئابووری و دەسکەوت بێ ،کە لەروی نەفسییەوە ئەو مرۆڤە نەزانانە تێر دەکات لە دەسکەوت و داگیرکردندا ـ لەئیسلام غەنیمە هەیە وبەڵام نەک هی ماڵی موسڵمانان، وەک ئیستا داعش کردویەتە دار "حرب وسلام" وتەنیا خۆی بە ئیسلام دەزانێ

وباقی ئیسلامی دیکە بە کافر دادەنێ ووەک بت پەرست سەیری دەکات، ئەو خواستە ئیسلامیی نییە بەڵکوو بنەماو رەگی لە ناو سایکۆلۆژیەتی خێڵەکییەتی عارەبی هەیە وداعش دەخوازێ گوزارشت لەو خواستە بکاتەوە.

## چوارەم:

## فەلسەفەی تەکفیرو تەوەحش لەلای داعشدا

لۆژیکی تەکفیرکردن و ئیدارەدانی ململانێ بە شێوازی تەوەحش لەشارێگەکانیەتی پەیرەوی دەکات وکە "لایەنی شەرعی بەخۆ دەدات بۆ لەناوبردنی رکابەرەکانی ئایین و مەزهەبە جوداکان لەخۆی و تەنانەت داعش خۆی بەتاکە پێشرەوی ئیسلام دەزانێ،هەر گروپ و جڤاتێکی جیهادی نەکەوێتە دوای بەجێهێنانی فەرمانەکانی خەلیفە دەبێتە کافرو ناپاک و هاوەڵی شەیتان و لەناوبردنیان پێویستیەکی رەوایە و ئەگەر ئەنجامی نەدەن دەبێتە فیتنەو پشێوی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی"{رێبوار رەمەزان بارزانی(٢٠١٨)/جینۆسایدی ئێزدییەکان لەسەدەی بیست و یەکدا/ چاپی یەکەم،ل٧} ئەوجا هەر غەیرە موسڵمان ناگرێتەوە، بەڵکوو خودی موسڵمان وتەنانەت ئەوانەی خەڵکانێکی باوەڕدار بەتێزەکانی خۆشیان دەگرێتەوە گەلەک جاران،کاتێ نەگونجێن لەگەڵ باوەڕە توندڕەوییەکانیانی ناوداعش یەکانگیر نەبن، ئەوە بەهەمان دەردی کافر بەبۆچوونی ئیسلام دیکە دەچێ وتەکفیر دەکرێن بە جۆرێکی وەحشیگەرانە وەک لە سەردەمی عەباسییەکان دژ بە ئەمەوییەکان موعتەزیلەو گروپەکانی دیکەی ئیسلام و وەهابییەکان دژ بە شیعەکان ، تەکفیرکردن لای داعش زۆر ئاسانە و زۆربەی جاریش بۆ کاری

سیاسی بەکاردەهێنرێ ، ئەوەتا یەکێ لەقازییەکانی خۆی تەنانەت لەبەر ئەوەی ئەیمەن زەواهیری کافر نەکرد،کافریان کرد وکوشتیان، بەکارهێنانی توندوتیژی و تەکفیر و تەوەحش، راشکاوانە داعش رایدەگەیەنێ کەیەکێ لەپێداویستییەکانی فقهە بۆ مەبەستی جێگیرکردنی پێگەیان وبەشێکە لەشەڕی سایکۆلۆژیەت دژ بەنەیارانی ورەخنەگرانی، ئەم تەکفیرە لەلایەن کەسانی هێندە نەزان لەشەرعی ئیسلام دەردەچیت "وەک( ابو علاء الجعفری- نائب البغدادی) کەتوندڕەوترین کەسی نێو داعشە ودەستییێکی باڵای لەناو ئەو رێکخراوەدا هەبوو زۆری لەسەرکردەکانی داعش نزیکەو سەر بەباڵی بن عەلییە ولەبەرامبەریاندا باڵی الحازمی نەرمترن لەو باڵەی سەرکردایەتی وعومەر کوێتی سەر بەو باڵە بوو"{عبدالباری عطوان/ الدولة الاسلامیة/ص١٤٩}،ئەوەی تەکفیر بەپێی تێزەکانی ئەوان نەکات کافرە وخوێنی حەڵاڵ دەکرێ،هەندێکی هەن وسەریان لەناو داعش هەڵداوەو تەنزیر بۆ ئەوە دەکەن"هەرکەسێ موبایەعە نەداتە ابوبەکر بەغدادی وەک خەلیفەی و هەموو موسڵمانانی نەناسن ، ئەوا لەدەرەوەی ئیسلامە وکافرەو کوشتنی حەڵاڵە"{ الاخبار/ بدر ابراهیم/ داعش ولا وهابیة والتكفیر ت٣/ "من كفرنی اكفره-کافرم بکەی کافرت دەکەم}، داعش هەموو موسڵمانانی تەکفیر کرد کەلەبن قەلەمڕەوی ئەودا ناژی بەپێی ئەوفەرمودەی پێغەمبەر کە ئەوان بەراستی دەزانن (من بێ بەریم لەوانەی کە لە ناو موشرکین دەژین _ انا بريء من كل مسلم يقيم بين اظهر المشركين"{ ابو عبدالله المهاجير/ مسائل من فقه الجهاد،ص١٧}، و پێویستە بچێتە

دارئەلسلام ودارئەلحەرب بەجێ بهێڵی ئەوەی بەجێی ناهێڵێ کافرە وهیجرەتیش تەواو نابێ تا تۆبە تەواو نەبێ و تۆبەش ئەو کات تەواو دەبێ کەرۆژ لەرۆژئاوا هەڵدێت "لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة ولاتنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها"،زۆرجار بەخەوارج ناوزەدیان دەکەن کەدوای کوشتنی خەلیفەعەلی دەستی پێکردو هەردوو خەلیفەی راشیدینیان بەو تۆمەتەوە کوشت (عوسمان و عەلی) بەو شێوەیە هەموو خەڵکی وڵاتانی موسڵمانان و پۆلیس وسەرباز و فەرمانبەرانی موسڵمان ن وتەنیا ئەو پێگە جوگرافیەی کەخۆیان هەڵیان بژاردوە ناویان ناوە دەوڵەتی ئیسلامی)، لە کاتێکدا ئەبو تەیمیە دەڵێ تا ئیجماع و دەلیل وەک رۆژی رووناک نەبێ کەس تەکفیر ناکرێ" { ابو عبدالله المهاجير/ هەمان سەرچاوە ،ص١٧} ، کەچی داعش ئەوانە تەکفیر دەکات کە لەلایەن ئەمریکاوە بەردەدەرێن و بەو مەزەندەیەی ئەمریکا دەیانکاتە جاسوس ئەوجا بەردەدرێن "{شبكة الاسس الاسلامييه / داعش والحقائق الثلاث}، کەچی ئەو بڕیارە ئەبوبەکر بەغدادی ناگرێتەوە، لەلای داعش لەسەر بنەمای تۆڵەو بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و رێگەگرتن لەنارەزایی بەکاردەهێنرێ و وای لێهاتووە موسڵمان وغەیرە موسڵمان لێک ناکرێتەوە و تەحکیمکردنیش دەبێ زانایانی ئاینی وسەنتەری وەک ئەزهەر بیدات، کەچی ئەوانەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان خۆی دەدزنەوە،هەرچەندە بەدرێژایی حوکمی ئیسلام هەر شیر حوکمی سەرەکی لەدەستادابووە بەلام لەتەکفیرکردندا بەگرانی بۆی چوون وتەنانەت پێغەمبەر لەبەرامبەر مونافیقەکان هێورانە مامەلەی لەگەڵدا کردوون نەوەک خەڵک بڵێن مەحمەد

هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێ،هەر بۆیە بەبێ تامی داعش برەو بەتەکفیرکردن وزووو جلەسەردان دەکات، کەس نازانێ کێ ئیسلامە وکێ کافرە.

# بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم: مەرگەساتی ژنانی ئێزدی سەردەستی داعش

## تەوەری دووەم : ئاسەواری داعش لەسەر ژیان وداهاتووی ژنانی ئێزدی

# بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم

## مەرگەساتی ژنانی ئێزدی سەردەستی داعش

شوێن پێگەیی ژن لەکۆمەڵگەی ئێزدیایەتی بەرزەو شایستە بەخۆیانە و ئاوێنەی جۆری تێفکرین و ئاستی تێگەیشتنیانە ورۆڵی گرنگیان بینیوەو دەبینێ لەبنیاکردنی کۆمەڵگەکەیاندا بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی پشتیوانی پیاو لەبوارە جیاکانی ژیاندا، تەنانەت لەدێرزەماندا"ژن لەلای ئێزدییەکان خودای لافاو خیروبێر بووەو بۆیە تا ئێستاش پێ دەگوترێ پیرا ئافات و خاتونا فەخرا "{ رناجاسم الشمري (٢٠٢١) / من جحيم العبودية الى معاناة المخيمات....../الطبعة الاولى_مطبعة روژهەلات_أربيل _أقليم كوردستان ،ص٥٢}، بۆیە جێگەی رێزە لەلای پیاوانی ئێزدی و لەساڵانی چل وپەنجاکانی سەدەی رابردوو"مینا خاتوون میرێکی ئێزدییەکان بووەو رۆڵی زۆری لێ گێڕاوە لەکاروبارهەڵسوڕاندنی ئێزدییەکان.

لە "گرتنی شنگال ٦٤١٧ کەس گیران لەوانە ٣٥٤٨ ژن و٢٨٦٩ پیاو لەوانەی رزگاریان بوو ٣٥٢٨ ولەوانەدا ١١٩٩ ژنن و٣٣٩ کەس پیاون ومناڵی مێینە ١٠٤٠ ونێرینەش ٩٥٠، ئەوانەی ماون تا ئێستا ٢٨٨٩ کەسەو ١٣٠٩ ژن و١٥٨٠ پیاون "{رنا جاسم محمد حمزة (٢٠٢١) / بواعث ارتكاب الابادة الجماعية للايزيدين _ دراسة اجتماعية ميدانية / بحث منشور في مجلة جامعة دهوك المجلد ٢٤، العدد ١ العلوم الانسانية والاجتماعية ٣٤٧_ ٣٦٧ / ٢٠٢١ عدد خاص}.

"کۆیلەیی وبەندە یەکێ لە یاساوەری داعش کە رەوایی پێ داوەو بۆ ئەندامەکانی وەک بیروباوەڕ وستراتیژیەتی داعش، هەر بۆ

ئەو مەبەستەیەش چەندین یاسای بڕیاری دەرکردوە کە دەبێتە هۆکاری کوشتن وسەربڕین کە بە جیهادی نیکاحی ناوزەد کرد بۆ ئەو مەبەستەش بە هەزاران گەنجی تینو بۆ سێکس وئەو جۆرە جیهادە پەیوەندیان بەداعش کرد"{رێبوار رەمزان بارزانی (٢٠١٩) / سوق الرقيق في تنظيم الدولة الاسلامية (داعش) / الطبعة الاولى، ص ٢} وەک ستراتیژیەت سوکایەتی کردن بە ژن (کەنیزەو کۆیلەو خزمەتکردنی ماڵان وسێکسکردن ....) لەلای داعش دیاردەیە و ئەوەی ژن لە دونیا بەدەستی هێناوە ئەوە داعش لێیدەستێنێتەوەو دەیکاتە ئامرازی رابواردن وبازرگانیکردن و لە ئینسانەوە دەیکاتە پاشکۆی پیاو، ژن بە پلە دوو تەماشا دەکاو لەلای دیکە ژنی غەیرە ئایینی دیکە، وەک کاڵاو دەسکەوت دەبینرێ و لەهەمان کات ئامرازە بۆ لەزەتکردن وهەر ئەو تێڕوانینەیە کە قێزەوەنترین رەفتارە لەگەڵ ژن دەکرێ بە پێشێلکاری یاسا نێودەوڵەتییەکانیش دەژمێردرێ و سزای لەسەرە و وای کردوە"مەسەلەی جیهادی نیکاح بە ژنان بکات وتوندوتیژی سێکسی وفرۆشتنیان وبازرگانی پێکردن وکردنە دیاری وبەزۆر شووپێکردن وهەموو جۆرە سوکاتیەکی دیکە"رنا جاسم الشمري(٢٠٢١)/هەمان سەرچاوە ،ص٩١}،لەهەمان کات وەک جۆرێک لەهەڕەشە بەکاری دەهێنێ و ئەوەی نێتە بن باری تێزەکانی داعش، ئەوە بە دەستگرتن بەسەر ژنەکانی هەڕەشە دەکات .داعش لەهێرشەکانیدا بۆ سەر شنگال یەکێ لەتەوەری سەرەکی تاوانەکانی (ژن) بوو، تاوانی یەکجار قێزەوەنی دواکەوتووی بەسەردا هات کەوەک خۆیان دەیگێڕنەوە بۆ زەمەنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام رەفتار دەکەن ، کە ئەو کات پێغەمبەری ئیسلام ململانێی لەگەڵ بتپەرستان بوو، نەک خاوەن ئایینێکی یەکتاپەرستی وەک ئێزدی، دیارە پێش

هێرشکردنەکە ئەو لێکۆڵینەوەیان بۆ خۆیان کردوە کە ئایینی ئێزدی ئەهلی زیمەن یاخۆد هەڵگەڕاوەن لە ئایین یاخۆد کافر و موشریکن ، "دیارە لە ئەنجامی ئەو لێکۆلینەوە شەرعیەیاندا بە کافر هەژمار کراون هێشتنەوەیان لەدوارۆژدا( قیامەت لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێ)و بەشەرعی ئیسلامیش کافر سەرو ماڵ وژن وموەتەلەکاتیان دەبێتە حەڵاڵی موسڵمانان"{ Fidah الحركة العالمية لحقوق الانسان(٢٠١٨)/ العراق الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي :دور المقاتلي ألاجانب في تنظيم "داعش"/ اكتۆبەر ٢٠١٨ العدد ٧٢}. داعش بە بەرنامە و چەند قۆناخێک تاوانەکانی بە کەنیزەکردنی ژنەکانی ئێزدی بەڕێوە برد وەک ڕێنمایی لە ژمارە ٤ دابق دایبەزاندووە{ رێبورا رمضان بارزانی(٢٠١٩)/ هەمان سەرچاوە ،ص٣} ، لەسەرەتادا ژن و پیاوەکانی لێکتر جودا کردوەو دوایی ئەوکچانەی کە مێردیان نەکردبوو لەگەڵ ئەوانی دیکەیان جودا کردوەو پاشان ئەو ژنانەی کە مێردیان هەیەو مێردیان نییەو لێکتریان جودا کردنەوەوئەوانەی منالیان لەگەڵ بوو لەگەڵ ئەوانەی منالیان لەگەڵ نەبوو لێکتریان دابڕیوە { رنا جاسم الشمري (٢٠١٩)/ السبايا،، ص١٩}، ئەوەندە کچەی کە بێ شوو بوون بەسەر ئەمیرەکانیان دابەشکرا ئەوانی دیکە نێردرانە تەلەعفەرو میسل و رەقەو پاشان مافیان دایە چەتەکانیان بیان کڕن ژن بە ١٥٠٠ دۆلارو منالیش ٥٠٠ دۆلار و لە بازاڕەکان بیان فرۆشن، ئەو کارەشیان کردوە وەک خۆیان لە بڵاوکراوەکی بەناوی" لێکدانەوە بۆ کۆیلەکردن"، بڵاویان کردۆتە کە بەکەنیزەکردن لەناو چووەوپێویستە زیندوکرێتەوەو پێش لەدەست چونیدا، بۆ ئەوەی " دوژمنانی داعش (لێرەدا مەبەست ئێزدییەکانن) لەزەت دان بە چەکدارەکانیان و سوککردنو

شکۆشکاندنی دوژمنانی ئیسلام  بکرێن ، سونەتی پێغەمبەری ئیسلام نوێ بکرێتەوەو( رئفة)بەزەییشیان بەوانە هاتووە کە توانای ژن هێنانیان نەبووە ونییە "{رنا جاسم الشمري (٢٠١٩)/هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص ٥}، کە لە ستراتیژیەتی کۆتایی هەموو تاوان ورەفتارە دڕندەکانیاندا قڕکردنی کورد بەگشتی و کوردە ئێزدیەکان بە تایبەتی بوو .ئەو تاوانانەی کە دژ بە ژنانی کوردە ئێزدییەکان کراوە لە بەکەنیزەکردن وکۆیلەکردن وبازرگانی ولێکترداب‌ڕانیان لەگەڵ منالّ و کەس و کاریان وتوندوتیژی سێکسی وبەزۆر بەشودان و .....، ئەمانە هەمووی دژ بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەو سزای توند دەیان گرێتەوە.

## تەوەری دووەم :

## یەکەم:  ئاسەواری داعش لەسەر ژیان وداهاتووی ژنانی ئێزدی

دوای ئەوەی پتر لە  ١٣٠٩ژن لە کۆی ٢٨٨٩کەسی شنگالی ، لە ژنان مانەوە لەبەردەستی داعش، کەوتنە بەر جوداکردنەوەی ژن و پیاوان  وژنەکانیش بەپێی تەمەن و جوانی و خاوەن مێرد ومندالّ لەگەڵ بووندا لێکیان جودا کردنەوە ، ئەوانەی لە تەمەنی پتر شەست ساڵیدا بوون لە ڕۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٤ لە بەناو ئامۆژگای فاروق للاشبال لە رەقە پتر لە ٨٠ پیرێژن بە زیندووی لە چاڵێکدا خۆڵیان بەسەردا کر { چاوپێکەوتنی ڕۆژی ٢٢ی تشرینی دووەم ٢٠٢١ی کاک ناسر ئێزدی ) و ئەوانی دیکەشیان دابەش کرد.

**گواستنەوە**: یەکێ لە کردوەکانی داعش گواستنەوەی ژنان لە شنگال بەپێی کۆمەڵێک جوداکاری بۆ موسڵ و رەقەو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی داعش ،ئەم گواستنەوەیە بۆ "هۆکاری ئەمنی وپتر ئاسایشی تێدابێ و لەترسی ئەوەی شوێنەکانیان ئاشکرا بکرێ و خستنە بەردەستی ئەو ژنانە بۆ چەتەکانیان یاخۆد نیشاندانیان بۆ بازرگانی"(دنیا علوان (٢٠٢١) الحماية الجنائية للايزيديات / دراسة مقارنه رسالة ماجستير/ص١٩٢}

## دەستدرێژی بەزۆر(Rape_ اغتصاب):

پڕدانی بەزۆری ژنان لەمەترسیدارترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ دادەنرێ ویەکێکە لەتوندوتیژی سێکسی ویاسا نێودەوڵەتییەکان دەیگرێتەوە. مادەی ٢٧ لەرێککەوتنی جنێڤی چوار، پڕدانی بەزۆریی قەدەغەکردوەو بە پێی مادەی ١٤٧ بە ئازاردان و شکۆشکاندنی داناوەو سزای بۆ بڕیەوەتەوە هەروەها دادگای تاوانکاری تایبەتی یوگوسلافیاICTY لەمادەی ٥/ز و راواندا ICTR لە مادەی ٣.ز دەستنیشانی کردوە"{ دنیا علوان ناموس (٢٠٢١)/الحماية الجنائية لايزيديات في تشريع العراقي ،ص ١٢١}. دیارە لەو دوو شوێنەش رویداو بەتایبەتی کە شوێنەواری کۆمەڵایەتی و نەفسی و تەندروستی سلبی بەجێ دەهەێڵێ ، لەوانە اغتساب کراوان هەیە لەلای یەک کەسەو تێشیان دایە لەلای چەند کەسێک دەستدرێژی کراون و هەشن لەو ژنانە دەڵێن دەستدرێژی نەکراوەتە سەریان( رنا جاسم(٢٠١٩)السبايا/ ....ص ١٧٨) .ئەگەر واش بێ هۆکاری تەمەن و ناشیرینی بووە .

## ئایین گۆڕین :

هەوڵی زۆریان لەگەڵ دراوە بە زۆرداری ئایینی باوک باپیرانیان بەجێ بهێڵن و ببنە ،موسڵمان بەبێ خواست و باوەڕ بوونی خۆیان . ئەوانەی دەرفەتیشیان دانێ و لێیان گەڕان هۆکاری تەمەن زۆریان بوون ( لەسەروی شەست) . ئەوانەی لەخوار تەمەنی ٩ساڵی بوون بردنیانە معهد فاروق لەوێ فێرە دەرسی شەرعیان دەکردن(هەمان چاوپێکەوتن) .

## بەزۆر شوودان :

یەکێ لەو پێشێلکاریانەی کە داعش دژ بە ژنانی ئێزدی کردنیان بەزۆر شوودانە ،بەپێی شەرعیەتی خۆیان، ئەوانەی مێردشیان هەبووە دوای بێ نوێژی بوونیان وئەوانە زگیان هەبووە دوای منداڵ بوونیان لەخۆیان مارەکردون. لەبەر ئەوەی ئەتەکێتی ئەوان ئەوها بووە،ئەوانە هەمووی بەزۆر وبەدەستدرێژی وسوکایەتی بەژن بووە. ئەو جۆرەش دەچیتە نێوتاوانەکانی توندوتیژی سێکسی وهەڵوەشانەی بونیادی خێزانی کوردە ئێزدییەکان بەمەبەستی قڕکردنیان.{رنا جاسم (٢٠٢١) من الجحيم الى معاناة المخيمات، ص١٠٩} .

## کڕین وفرۆشتنی ژنان لە بازاڕەکان:

یەکێ لەو تاوانانەی کە دژ بە ژنانی ئێزدی ئەنجامدراوە لەبازاڕەکان فرۆشتنیانن بە هەزار تاوەکوو پازدە هەزار دۆلار بەپێی جوانی و تەمەن بووە. زۆر جاریش لەبەرامبەر شتێکی دیکە کەل وپەل بە دەیان ڕێگای ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆدا،

کەهەندێک جار لەتۆڕە کۆمەڵاتییەکان ڕێکلام کراوەو بە جووتێ ئەدیداس دراوە.{ Fidah الحركة العالمية لحقوق الانسان (٢٠١٨)/العراق الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي: دور المقاتلي الأجانب في تنظيم "داعش/ اکتۆبەر ٢٠١٨ العدد ٧٢٣/ ص٢٦}. کە دەبوایە ئەو ژنانەی بکڕێن کابرای کڕیارو داخواز، داوایەک بۆ داگاکەی داعش بەرز کاتەوەو دوایش ژنەکە لە شوێنەکە ببینێ لەسەر نرخەکەی ڕێککەون و بچێ پارەکە لە مالیەکەیان بداو ئەوجا ڕەزامەندییەکە بداتە شوێنێ گیرسانەوەی ژنەکەو پاشان بۆ خۆی ببیا و هەندێکی زەواجی ڕەسمیان لەگەڵدا دەکردن ، هەوڵیان دەدا سکیان پڕ نەبێ و چونکە لە نرخەکەیان کەمی دەکردەوە. ئەوەی بیکڕیبایە دەیتوانی ئازادی بکا و بەناوی (عتق الرأس ){ Fidah الحركة العالمية لحقوق الانسان(٢٠١٨)/ العراق الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي دور المقاتلي ألالجانب في تنظيم "داعش"/ اکتۆبەر ٢٠١٨ العدد ٧٢٣،ص١٨}. پسولەیەکی دەدرایێ .

## توندوتیژی سێکسی

توندوتیژی سێکسی وەک پێناسەکراوە لە لایەن خاجی سووری نێودەوڵەتی "هەر کارێک کە سروشتی سێکسی پێوە بێ بەبێ خواست وداخوازی کەسەکە ئەنجام بدرێ"{غلوريا غاجيولي ( ٢٠١٤)العنف الجنسي في النزاعات المسلحة انتهاك للقانون الدولي الإنساني وقانون حقوق الانسان / المجلة الدولية للصليب الاحمر... ص٥١٤}، ئەوا بە پەیوەندی جەستەیی بێ، بەزار بێ، یاخۆد فشاری نەفسی بێ، تەشقەڵەی سێکسی، جل

لەبەرداکەنین، ئەوا بەتوندوتیژی سێکسی دەژمێردرێ (هەمان یەکێ لە تاوانەکانە کە دژ بەژنانی ئێزدی سەرچاوە ص٥٠٧). داعش ئەنجامی داوە ، ئەو تاوانەش هەر بەکردەوە نییە یانی سەرجێکردن و لەشفرۆشی پێکردن ونەزۆکی و بەکەنیزەپێکردنە{رنا جاسم الشمري (٢٠٢١) / من جحيم العبودية الى محاناة المخيمات، ص١٠٩} ، بەڵکوو بە زارو قسەی ناشیرین و فشاری نەفسی و ترساندن و جۆرەکانی دیکەش هەر توندوتیژییە کە پێشێلکاری تایبەتمەندی ژنانی دەکات. ئێزدییەکانیش بەشێکی گرنگ و رەسەنی کوردەوارین، ئەو دابو نەریەتی لای ئەوانیش هەیە هەروەک کۆمەلگەی کوردەواری و رۆژهەلاتییە و پارێزگارە و شەرمەزاری لەکەی کۆمەلایەتی چاوشۆڕی وبە سوک سەیرکردنی تێدایە و بۆیە ئەو فشارە کۆمەلاتی سایکۆلۆژی و ماڵباتیانەی دێنە سەر ژنەکەو ماڵباتەکەیان، بەگران دەوەستێ لەگەڵ ئەوەش دەکرێ باسی گرنگەکانیانی بکەین :

## فشاری کۆمەلایەتی :

فشاری دابونەریت و پچک وپەلاری ئەوێ و ئێرەو بەسوک سەیرکردنی ژنان لەو حاڵەتەدا دەبێتە هۆکارێکی فشاری و تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییە کۆمەلاتییەکان و پەیوەندی خێزانی و رۆلی ئەو ژنە لە نێو کۆمەڵگەدا ، چونکە ئامانجی سەرەکی داعش لەفراندن بەکەنیزەکردن و دەستدرێژی سێکسی هەر بۆ تێکشکاندنی شکۆی ژن نەبووە بەڵکوو بۆ

هەڵوەشاندنەوەی خێزان کە کاکڵەی سەقامگیری کۆمەڵگەو خۆشەویستی و یەکخستنی کۆمەڵگەیە ودەبێتە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و ئاسانکاری بۆ قڕکردنیان، ئەو دەستدرێژی و پڕدانەی بەزۆر دەرئەنجام و زادەی خراپی لەتێکچوونی بەهاو بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە و زۆر جار دەبێتە کۆچکردنی ناچاری بۆ ژن و خێزانەکە "ژیانی ناچاری لەژینگەیەکی نامۆ کاریگەری سلبی دەبێت بۆ سەر ژیانی ئەو ژنە "{ رنا جاسم الشمری (٢٠١٩)/ من جحیم الی معاناة، ص١٢٣}.

## فشاری نەفسی

ئەو جۆرە تاوانانە ، دەبێتە هۆکاری سوو لەخۆ بوونەوەو خۆ لەبەرچاوکەوتن و شەرمکردن لەخۆ و هەستکردن بەکەمی، فشاری سایکۆلۆژی ڕەنگە ببێتە هۆکاری خۆکوشتن وشەڕ بەردەوام فشار دەخاتە سەر کۆمەڵگە لە بوارەکانی جودادا( کۆمەڵایەتی ، ئابووری، مۆرالی ، سایکۆلۆژی) ، بەڵام کاریگەری زیاتر لەسەر هۆکاری نەفسییە کە زۆر جار بە شوێنەواری دوای سەدمەکە ناوزەد دەکرێت، شارەزایانی بواری سایکۆلۆژی لەو مەترسیە بەردەوام هۆشداری دەدەن و " دەبێتە هۆکاری تاوانی زۆرو بەهۆی برین وگرێی سایکۆلۆژیەکەیان کە هاسان نییە لەبیر بکرێ دەبێتە ڕەفتاری دوژمنکاری و تاوانکاری"، کە "ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر ڕەفتارو گوفتارو لەگەڵ ڕۆژگار دەبینێتە بەشیک لە هەستی کۆمەلایەتی "{رنا جاسم الشمري (٢٠٢١)/ من جحیم العبودیة، ص١١٩+١٢٠}،

داعشەکان لەکاتی دیلکردن و رفاندنی ژنانی ئێزدی زۆر شێوازی بەکارهێنانی ئازاردانیان بەکار هێناوەبۆ تێکدانی ئەو ژنانە لەرووی نەفسی وروحی و جەستەیی و لە کاتی بەزۆرپڕدان وپڕکێشکردنیان و توندوتێژی سێکسیدا، ژنان تووشی ئازاری رەحم و میهبەل دەبن وکە میزیان پێ راناگیری بەهۆی زۆری چوونە لایان و رشانەوەوکەم خەوی و خوێن بەربوون و هەندێک کاری تر کە بەدارو ئاسن و دەست لێیان داون وجەستەیان لەدەست ولاق و سەر ئازاری جەستەیی دیکەیان پێ گەیشتوە و ئیستاش شوێنەواری هەر ماوە .

## دووەم :

## چۆنیەتی چارەسەری یاسایی و سزادانی تاوانباران لەگەڵ داعش

یەکێک لەو کێشانەی کە روبەڕوی قوربانیانی ئێزدی بۆوە ساڵی ل٢٠١٤ لەسەر دەستی داعش شنگال کە تووشیان هاتووەو لەوانەش دەستدرێژی وتوندوتیژی سێکسی، لەبەر ئەوەی عێراق ئەندام نییە لەدادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی پەیماننامەی رۆمای ١٩٩٨و یاساکانی عێراق ئەو تاوانانەی تێدا نییە کە رووبەڕوی ئێزدییەکان هاتووە لەشنگال وتەنیا بە یاسای ١٣ی دژە تیرۆر سزایان دەدات، بەم شێوە یاساکانی ناگونجێ بۆ سزادانی کۆمەڵکوژی دژە مرۆڤایەتی ئازاردان و دەستدرێژی سێکسی، بەم شێوە ماددەو بەندەکانی قەزائی عێراقی بە گشگرەوە قسە دەکاو پێناسەی نییە بۆ ئەو تاوانانەی کە ژنانی کوردی ئێزدی رووبەڕویان بۆتەوە، هەرچەندە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەدیکۆمێنتکردنی ئەو تاوانانەی داوە کە داعش ئەنجامی

داوه لەگەڵ ژنانی ئێزدی، لەبەر نەبوونی یاسای سزادان کە بتوانێ مافەکانی ژنە ئێزدییەکان وەرگرێتەوەو بەسزای موستەحقی خۆیان بگەیەنێت لە دیکۆمێنتکاریەتکردنداهێوەتر نەڕۆیشتووە ، "لائحەی لاهای ١٨٩٩و ١٩٠٧ کە بەڕونی باس لەپاراستنی شەرەف وشکۆی مرۆڤ دەکا.{غلوريا غاجيولي ( ٢٠١٤)العنف الجنسي في النزاعات المسلحة انتهاك للقانون الدولي الإنساني وقانون حقوق الانسان / المجلة الدولية للصليب الأحمر، ص٥١١} و باس لەپاراستنی کەسەکان دەکا لە پڕدان و توندوتیژی سێکسی، هەروەها رێککەوتنی جنێڤی ١٩٢٩ باس لەپاراستنی دیلە ژن و پیاوەکان دەکا لەو بارەوە، هەروەها رێککەوتنی جنیفی سێی و چواری ١٩٤٩ و هەردوو پرۆتۆکۆلەکەی١٩٧٧ باسیان لە رێگری لەو کارە کردوە و قەدەغەشیان کردوە بەڵام سزاکەیان بەقەد ئاستی تاوانەکە نییە ، لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان٤٨ /١٤٣/کە لە ١٩٩٣هاتووە "ئیغتیساب تاوانێکی زۆر گەورەیە و سوکاتیکە گەورەیە بە ژنان، هەروەها ئەو تاوانە (توندوتیژی سێکس) ، ئەگەر لەزەمنی شەڕدا روبدا، ئەوا بەتاوانی جەنگ حساب دەکرێ بەپێی ماددەی ٨ لە پەیماننامەی رۆمای ١٩٩٨ ، هەروەها دەکرێ بە تاوانی کۆمەڵکوژی دابنرێ ئەگەر هاتوو دژ بە نەتەوەیەک یاخۆد ئەتنیکەکی یاخۆد عرقی دیاریکراو بوو و زۆر جاریش بەرز دەکرێتەوە بۆ تاوانی دژە ئینسانیش وەک لەتاوانی توندوتیژی سێکسی لە دادگای تاوانباری راوانداو یوگسلافیای جاراندا، ئەنجومەنی ئۆڕپی لەساڵی٢٠٠٢راسپاردەی کردوە کەنابێ پڕدان و توندوتیژی سێکسی رووبدات{غلوريا غاجيولي ( ٢٠١٤)/ هەمان سەرچاوە / ص٥٢٠}.

# بەشی چوارەم

تەوەری یەکەم:مانای کۆمەڵکوژی لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا.

تەوەری دووەم:کۆمەڵکوژییەکەی سەردەستی داعش بەرنامە رێژکراو بوو.

تەوەری سێیەم:ڕۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی داعشدا.

تەوەری چوارەم:مامەڵەکردنی عێراق لەگەڵ دۆسێی تاوانەکانی سەر ئێزدییەکان.

تەوەری پێنجەم:رۆڵی حکومەتی هەرێم لەدۆسێی تاوانەکانی داعشی سەر ئێزدییەکان لە ساڵانی ٢٠١٤_٢٠١٩ .

داعشی دژ بە ئێزدییەکان.

تەوەری شەشەم: رێککەوتنامە. نێودەوڵەتییەکان دەربارەی کۆمەڵکوژی.

تەوەری حەفتەم : تایبەتمەندییەکانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان .

# بەشی چوارەم

## تەوەری یەکەم:

## کۆمەڵکوژی لەیاسا نێودەوڵەتییەکاندا

کۆمەڵکوژی تاوانێکە لەتاوانە مەترسیدارەکان کە هەڕەشە لەتەواوی ژیانی مرۆڤایەتی بەگشتی یاخۆد لایەنێکی ژیانی دەگرێتەوە لەئاشتی جیهانی وماف وئازادی وکەرامەت وهەبوونی گەلان وتاوانێکە روبەروی کۆمەڵێک یاخۆد تاکی ئەو کۆمەڵەی نەتەوە وئایین وئەتنی وخێڵ یاخۆد مەزهەبی دەبێتەوە لەمافی ئینسان لەژیاندا کە یەکێ لەمافە سەرەکییەکانی مرۆڤە "ئەوەش جاڕی مافی مرۆڤی جیهانی جەختی لەسەر کردۆتەوەو و نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیان پێ بەستووە لە١٠ی دیسێمبەری ١٩٤٨کوشتن یاخۆد بەرەو لەناوبردن لەگەڵ روح ومەبەستی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ناکۆکە،کە یاسا نەک دژایەتی بەڵکوو توندترین سزای لەسەر داوە بێ ئەوەی کەس ببورێ یاخۆد پارێزبەندی رۆڵی هەبێ لە گەورەترین لێپرسراوی دەوڵەت تا کەسێکی هاوڵاتی"{ د.امجد محمد منصور و د.محمد نصر القطري(٢٠١٧)/المسؤولية الجنائية والمدنية والدولية لمرتكبي جرائم الابادة امام القضاء/ بحث نشر في مجلة كلية الشريعة و القانون بطنطا/ العدد الثاني والثلاثون – الجزء الثالث_يونيو ٢٠١٧} وهاوکاری وڵاتانی پێویستە.لەسەرەتای سەدەی بیستەم کۆمەڵێک تاوانی گەورە ئەنجامدرا کە ئاسایش وئاشتی و بەیەکەوە ژیانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خستە مەترسیەوە ، کە چەندین جۆرو شێوازی لە کوشتن بەڕێوە چوو کە هەندێکی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێ ،تاوانی

کۆمەڵکوژی کە ڕەفتارو دیاردەیەکی لادەری نەریتی کۆمەڵگەیە دژ بە کۆمەڵێک خەڵک لەکوشتن و رفاندن و شکۆشکاندنی مرۆڤ و سوکایەتی بە ماف و بوونی کۆمەڵێک خەڵک، تاوانبار بەپێی زانستی کۆمەڵناسی و ئەنتەرپۆلوژی، تاوان یاخۆد ڕەفتاری ناشایستە بەرهەم دەهێنێ، کە ژیانی مرۆڤ کۆتایی پێدەهێنێ بە جۆری تەواو یاخۆد نیمچەیی.ئەوەی ڕووبەڕوی کوردە ئێزدییەکان بۆوە لەشنگال لە ٣ئابی ٢٠١٤ تاوەکوو ئازادکردنیان لەئۆکتۆبەری٢٠١٥، تاوانێکە پێشێلکاری چوار یاسای نێودەوڵەتییە (تاوانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و دژ بە مرۆڤایەتی ، تاوانی جەنگ و تاوانی پاکتاوی نەژادی (جینوساید) و هاندانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان"(کرمانج یونس(٢٠٢١)/هەمان سەرچاوە/ل١٧)، دەرچونێکە لەکۆمەڵکوژی وفڕاندن و دەستدرێژی سەر ژنان وبە کۆیلەکردنیان وبازرگانی کردن پێیان رێک کۆمەڵکوژییەو کۆڵگەکانی(ارکان) ئەو تاوانە دەگرێتەوە، هەرچەندە بەرلەمانی عێراق و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق وحکومەتی عێراقیش ئەو تاوانەی داعش بە تاوانی جینوساید دەناسێنن لەگەڵ ئەوەش ، کچەکردنەوەی بە تاوانی تیرۆر وتاوانی ناوخۆیی مامەڵەکردنی"لەسەر ئاستی عێراق وەک تاوانی تیرۆرو تاوانێکی نێوخۆیی ئەژمار کرا"{کرمانج یونس عوسمان (٢٠٢١)/ تاوانەکانی داعش لە چوارچێوەی بژاردەکانی دادگایی کردنی و گرنگی ئەرشیفکردنی دا/ چاپی یەکەم _ هەولێر/ ل ١٠ } ، ئەو مامەڵەیەی عێراق لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسا نێودەوڵەتییەکانی دەرهەق بەو تاوانە ناگونجێت لەو تاوانە ئەوەی لە پەیماننامەی رۆماو هاتووە لە نێوان ماددەکانی ٥_٩ لەسیستەمی یاسای دادوەری عێراقدا بوونی نییە، واتا لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای

بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٦ و نە لەیاسای سزادانی عێراقی بەرکاری ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ تێیدا نییە"( کرمانج یونس عوسمان (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە / ل١٠+١١) ئەوەش لە دڕودۆنگی و سنووورداری عێراق دەردەخا  لە مامەڵەکردن لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییەکان بە پێی یاساکانی نێودەوڵەتی کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری لەسەر دراوە ، ماددەی ٦ ی دادگای نۆرمبۆرگی کە لە ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥کە"دەرچوونێکە لەبنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی و ئاکاری (مۆڕاڵی) کۆمەڵگەیەک کە ئازاری ئەو کۆمەڵگایە دەدات و توڕەی دەکات بە توندی"{سرمد جاسم محمد (٢٠٢٠)/جريمە الابادة الجماعية دراسة سيسيو انتروبولوجية (الايزيدين نموذجا)/ ص١٧٨} هەروەها ٢٨ی ئەیاری ١٩٥١ هاتووە"هەموو ئەو وڵاتە دەگرێتەوە کە واژۆ یاخۆد واژۆیان لەسەر تاوانی جینوساید نەکردوە"{تەها سلیمان(٢٠١٤)/جینوسایدی گەلی کورد، ل١٠}سزاشی خستە سەریان و وەک تاوانێکی سەربەخۆو تایبەتی هەبێ لەگەڵ تاوانەکانی دیکە ولێپرسراوەتی و سزای قوڕسیشی لەگەڵدا بکرێ(تەها سلیمان(٢٠١٤)/هەمان سەرچاوە ل١٠+ ١١} ،مامەڵەی ،بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٥٢٠ی ٢٠١٦ بەرلەمانی یەکێتی ئەورپا وسەبارەت بە کۆمەڵکوژی دەستی داعش کە لە ٣ی شوباتی ٢٠١٦ بڵاو کراوەتەوە ئەو تاوانە قەدەغەکراوە و"بەتاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وتاوانی پاکتاوی نەژادی(جینۆساید) دەناسێنن"{تەها سلیمان(٢٠١٤)/هەمان سەرچاوە،.ل ١٠} هەروەها لەبەندی سێ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ٩٦ ناسراوە کە تیایدا هاتووە" تاوانێکە نکۆڵی لەمافی ژیانی کەس یاخۆد کەسان

دەكات" {تەها سليمان(٢٠١٤)/هەمان سەرچاوە ص١٧٨} ، بەهەمان شێوەی سەرەوە لەماددەی٢و٣ی رێككەوتنامەی ١٩٤٨ پێناسەكە هاتوە كە بەپێ ماددەی دوو تاوانەكە دژ بەكەسێک بێ یاخۆد كۆمەڵێک ئەوا واقیعی تاوانەكە سزاكە دەگرێتەوە" قڕكردن وفەوتاندن و بێبەشكردن لەژیان ژمارە گرنگ نییە بەڵكوو ئامانجی كردارەكە گرنگە"{تەها سلێمان (٢٠١٤)/هەمان سەرچاوە،ل ١١}، و بەپێی بەندی سێ" بكەری تاوانەكەو ئەوەی هانی دەداو دەستی تێدایەو یاخۆد رێخۆشكەرە بۆ ئەنجامدانی ئەوا بەرپرسیارەیەتی وسزادان دەیان گرێتەوە"{تەها سلیمان(٢٠١٤)/ هەمان سەرچاوە ، ل ١١}، وهەروەها بەپێی بنەما سەرەكییەكەی رۆمای كە بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (ICC) دانراوە لەماددەی شەشیدا هاتووە "هەر كردارێک كە دەبێتە هیلاكەت بوونی جەسەدی و ئەقڵی و نەفسی و فڕاندنی ئەنقەست و رێگری گرتن لە زاوزێكردن و بەزۆر پڕدانی ژنان و لە یەک جوداكردنەوەی منداڵ و دایک و باوک بەزۆر هەڵقەندنی خەڵک لە زێدی خۆیان"{ تەها سلیمان(٢٠١٤)/هەمان سەرچاوە، ص١٧٨}، هەرچەندە بڕیاری ٢٣٧٩ ساڵی ٢٠١٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان كە بە یونیتاد UNITAD ناسراوە مامەڵە لەگەڵ مافی مرۆڤ وتاوانەكانی داعش دەكات ، هەوڵەكانی نێودەوڵەتی سستن كە ئەو تاوانە دادگایەكی نێودەوڵەتی تایبەتی یاخۆد تێكەڵاوی(نێودەوڵەتی و ناوخۆیی) بۆ دابمەزرێ، كە لەدەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەییە بە پشت بەستن بە بەندی حەفتی پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان، كە بەبڕیاری پێنج ئەندامی هەمیشەیی یاخۆد بەكار نەهێنانی ڤیتۆ دادەمەزرێ .

# تەوەری دووەم:

# کۆمەڵکوژیەکەی سەردەستی داعش بەرنامەڕێژ بوو

هێرشەکەی سەر ئێزدیانی شنگالی بەرەبەیانی ٣ی ئابی ٢٠١٤ لەخت و خۆڕای و تەنیا بە فکری داعش نەبوو ، ئەگینا بۆچی داعش لە بن بەغداوە ئاراستەی گۆڕا بۆسەر کوردستان، بەڵکوو هێرشەکە فرەلایەن و فرە رەهەندی لۆزانچییەکانی تێدابوو، ئامانجی سەرەکی لێدانی جولانەوەی نیشتیمانی وتەواوی دۆزی کوردستان بوو بە تایبەتی شنگال :

١_شوێنپێیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە چاودێرکردنی هەرسێ وڵاتی تورکیاو سوریاو عێراق، کە هەرسێکیان کورد بە هەرەشە بۆ سەر ئەمنی نەتەوەی خۆیان دادەنێن ،

٢_ شنگال پردی نێوان رۆژئاواو باشووری کوردستانەو بە بەستنەوەی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان دەرفەتی پرد دروستکردن لە نێوان ئەو پارچەیە لەگەڵ باکوور بە هاسانی دروست دەبێ و لۆزانچی و داگیرکەرانی کوردستان ترۆقیان لەو پەیوەندیەی نێوان ئەو پارچانە چووە، چونکە یەکێتی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوەو ئەو یەکێتیە چەکی سەرەکی تیکشکاندنی لۆزانچییەکانە بەدەست گەلی کوردستاندا.

٣_ ئێزدیەکانی شنگالیش دانیشتوی رەسەنی ئەو ناوچە ستراتیژیەن و رەهەندە کۆمەڵاتی و ئابووری و جوگرافی و

مێژووییەکانیان هاندەر و کەرەسەی زەمینە سازی ئەو پرۆسەیەن کە لۆزانچییەکان لێی دەترسن رووبدات.

٤_ ئێزدیایەتی وەک ئایین، سیمای شارستانیەتی زاگرۆسییەکانە لەمیزۆپۆتامیادا، بۆیە توخمێکی رەسەن و کاریگەری ئەو ویستەن بۆ دروستکردنەوەی ئەو پێناسەیەی کە لۆزانچییەت هەڵوەشێنتەوە .

هەر بۆیە گورزوەشاندن لە شنگال و ئیزدییەکان بە پیلان و پلانی ئەو تەوەرەن کە دەخوازن لۆزانچییەت بە پیرۆزی بهێڵنەوە بۆ بەرژەوەندی کاپیتالیزمی جیهانی وکۆنپارێزی هەرێمی، ئەوجا بۆیەش بەروارەکەیان هەڵبژاردوە چونکە رۆژی پێشتر جەژنی چلەی هاوینی ئێزدییەکان بووە و لەو رۆژەدا ، ئێزدییەکان مژوولی جەژن و خەریکی کەیف خۆشی و سازانی چێژ وەرگرتنی ئەو بۆنەیەن، چەکەکانیان لەلایەک داناواو لەهێرشکردندا کەمترین بەرگری روبەڕویان دەبێتەوە، ئەوجا هەڵبژاردنی گرزەرک (رەمبوس) کە یەکەم پەلامار لەوێدا دەستی پێکرد لە کاتژمێری دووی شەو کاتێ بە دەیان سەیارەی دۆشکە لەسەر هەمەری دەسکەوتوو لە داگیرکردنی موسڵ بەدەستیان هێنابوو، ئەو گوندە لەتوندڕەوانی ئێزدییەکانی لێ نیشتەجێن وئەگەر ئەوانە بشکێن ئەوا ناوچەکانی دیکەی شەنگال بە هاسانی تەسلیم دەبن، بەرۆڵ دیتنی داعشە تورکمانە سونەکانی تەلعەفەرو بەرابەرایەتی یەکێک لەسەرکردەکانی تورکمان و کشانەوەی هێزەکانی پارتی لەو ناوچەیە، ئەوە دەسەلمێنێ کە تورکیا دەستی زۆری لەو هێرشەدا هەبووەو هاوکاری تورکمانە سونەکانی تەلەعفەر عەشیرەتەکانی عارەبی تەعریب بلیج و خاتونی و متبلوت و هەندێ عەشیرەتی کوردی وەک کێچەلی کە

یەکەم ئەمیری داعش لەوان بوو بەناوی"محمود خەلەف عەلو" بوو ،هەندێک لەبنەماڵەی کورد لەوناوەدا هاسان کاری ورێنوێنیان داوەتە داعش بۆ ئەوەی مەبەستەکەیان بهێنە دی .

## تەوەری سێیەم:

## ڕۆڵی دادگا نێودەوڵەتییەکان لەبەرامبەر تاوانەکانی داعشدا

تاوانەکانی داعش لەبەرامبەر کوردە ئێزدییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کێشەی نییەو کۆڵگەکانی ئەو تاوانە هەیە و لە بواری ماددی و مۆڕاڵی و شەرعی دا ، تا ئێستاش بوار ماوە بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەتمەند بە ئێزدییەکان یاخۆد دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (ICC)، لەبەر ئەوەی بەڵگەی تەواو هەیە:

١_ ئەو تاوانەی کە داعش کردیەتی تاوانی جینۆسایدەولە سۆشیال میدیاوە وەک ئازایی و پاڵەوانەتی بڵاویان دەکردەوەو هەروەها لە رۆژنامە نەگریسەیەکەیان( دابق) وەک فەتوای ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە ئێزدییەکان کراوە ، وەک دیکۆمێنت هەیە وا

٢_ گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە تا ئێستا(٨١) لێ دۆزراوەتەو بەپێی قسەی لێپرسراوی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی وەزارەتی شەهیدانی هەرێمی کوردستان تەنیا (١٥) گۆڕی لێ هەڵدراوەتەوە و تاقیکردنەوەی DNA لەرێگای ئێسک و پروسکەکانی کە تیایاندایە ، هی ئێزدییەکانە.

گۆڕە بە کۆمەڵەکانی هەڵدراوەی ئێزدییەکانی دەستی تیرۆرستانی داعش/ شنگال خشتەی ژمارە(٣)

| تێبینی | نەتەوە | لایەنی هەڵدانەوە | شوێنی بەخاک سپاردن | رێککەوتنی هەڵدانەوە | ژمارەی گۆڕ روفات | شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کوردی ئێزدی | و. شەهیدان | شارەدێی سنونێ | ٢٠١٥/١٢/٥ | ٢٩ لەیەک گۆڕی بەکۆمەڵ | گوندی خانەسۆر لە ناحیەی سنونێ / اشنگا | ١ |
| | کوردی ئێزدی | و. شەهیدان | شارەدێی سنونێ | ٢٠١٥/٢/٥ | ٢ یەک گۆڕی بە کۆمەڵ | چواڕیانی سنونێ | ٢ |
| | کوردیئێ زدی | و. شەهیدان | شارەدێی سنونێ | ٢٠١٥/٢/٥ | ١ یەک گۆڕ | ناوەندی شارەدێی سنونێ | ٣ |
| | کوردی ئێزدی | و. شەهیدان | ------------- | ٢٠١٥/٢/٦ | ٢٤ یەک گۆڕ | بەنداوی موسڵ بەلای شارەدێی زمار | ٤ |
| تیمی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دهۆک پێی هەڵساون | کوردی ئێزدی | و. شەهیدان | سونێ | ------------- | سێ گۆڕ وسێ روفات | خانە سۆرک /سونێ/ شنگال | ٥ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | وادي عگاب / پارێزگای موسڵ | ١ | ٢٠/٨/١٤ ١٧ | ______ ______ ____ | و. شەهیدان | کوردی ئێزدی | قوربانیەکە ژن بوو بەناوی زێرین |
| ٧ | گوندی گۆجۆ / شنگال | ٢ گۆڕ/ ٣١ روفات | ٢٠_٣/١٤ ٢٠١٩ /٣/ | ------ ----- | و. شەهیدان | کوردی ئێزدی | لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگەی پزیشکی دهۆک دراوەتەوە خاوەنەکانیان |
| ٨ | گوندی کۆجۆ / شنگال | ١٠ گۆڕ ١١٠ روفات | ١١/٤- ٤/٣٠ ٢٠١٩ | ------ ----- | و. شەهیدان و ب. پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بەغدا وپەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدا | = | ب. پەیمانگەی پزیشکی بەغدا |
| ٩ | کۆجۆ | ٥ گۆڕ ٩٤ روفات | ٦/٢٥_ ٧/١٥ ٢٠١٩/ | | و. شەهیدان و ب. پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بەغدا وپەیمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدا | = | = |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | | | | | | | |
| ١٠ | ناوەندی قەزای شنگال | یەک گۆڕ و ٤ روفات | ٢٠/١١/٣ ٢٠ | --------- | تیمی نیشتیمانی ودەستەی لێکۆلینەوە لە دهۆک بە هاوکاری ریکخراوی یونیتاد (ICMP) | کوردی ئێزدی | ٣ پیاو لەگەڵ یەک ژن، ٣ روفاتی تەواو ویەکی ناتەواو |
| ١١ | گوندی سۆلاغ سەر بە شارەدێی قەیرەوان / شنگال | یەک گۆڕ / ١١٠ روفات | ١٠/٢٤_ /١١/٤/ ٢٠٢٠ | --------- | تیمی نیشتیمانی ودەستەی لێکۆلینەوە لە دهۆک بە هاوکاری ریکخراوی یونیتاد (ICMP) | = | |
| ١٢ | گوندی کۆچۆ رۆژهەڵاتی گوندەکە | یەک گۆڕ ٣٠ روفات | ١٠/٣_٦/ ١٠/ ٢٠٢٠ | ------- | تیمی نیشتیمانی ودەستەی لێکۆلینەوە لە دهۆک بە هاوکاری ریکخراوی یونیتاد (ICMP) | = | لە ٣٠ روفات ٢٨ی تەواو بوو تەنیا دوانی ناتەواو |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ک ۆ | | ٢٨ گۆڕله کۆی ٨١ گۆری به کۆمەڵی دۆزراوه که تەنیا ٥٤ دەست نیشان کراوه / ٤٤٦ روفات | | | | | |

وەزارەتی شەهیدانکوردستان.

٣_ جیاکاری لەنێوان خەڵکی موسڵمان وناموسڵمان و سونەو شیعەش کراوه ، ئەو جیاکارییه خۆی لەخۆیدا رەگەزێکی جینۆساید پێک دەهێنێ .

٤_کەسانی تاوانبار له زیندانەکانی هەرێم هەیه لەبەردەستی حکومەتی عێراق هەن ئێزدییەکانی رزگار بوو دەیاناسنەوه لەرێگەی دەستەی لێکۆڵینەوه کۆکردنەوەی بەڵگەکان (CICE)، له ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٦ بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژماره ١٥٦ دامەزراوه .

٥_ دەربازبووەکانی ئەو نێو ئەو تاوانە زۆریان هێشتا زیندوون دەکرێ وەک شاهید حاڵێک وەربگرین بۆ ئەو مەبەستە . ئەو دادگایە کە پێویستە هەبێت بە پێی بەندی ٧ی نەتەوە یەکگرتووەکان لەرێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە بڕیاری پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەو ئەنجومەنە یان ئەگەر هاتوو ڤیتۆ نەبوو ، وەک دادگای یەگسلافیاو رەوانداو خوارووی سودان .....،.

ئەو دادگایە تایبەتمەندە ئەگەری دروستبوونی زۆرە بەتایبەتی:

١_ هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکان رەتی ناکەنەوەو ئەگەر بڕیاردانی زۆرە بەتایبەتی کە داعش دوژمنی هەمووانەو کاری تیرۆرستی بەرامبەر هەمووان کردوەو ئەو پێنج وڵاتەش بەشدارن لە هاوپەیمانەتی دژ بەداعش.

٢_ئەمریکاو روسیاو چین لەسەر پەیماننامەی رۆما مۆریان نەکردوەو بۆیە ململانێی سیاسی و ڤیتۆ بەکار هێنان نابێ ، چونکە ئەوان پشتگیری لە دادگای کاتی دەکەن و تایبەتمەند دەکەن نەک هەمیشەیی.

٣_عێراق لەسەر پەیماننامەی رۆما واژۆی نەکردوەو ئەگەری زۆرە رەزامەند بێ و بەم شێوەیە رزگارمان دەبێ لە کێشەی شیعەو سونەو شۆڤینیەتی عارەب و گچکە کردنەوەی تاوانەکەو دۆزەکەش پتر بەدونیا دەناسرێ .

دادگایی تاوانکاری نێودەوڵەتی ICC

ئەگەر هاتوو عێراق داوایک پێشکەش بە ئۆفیسی داواکاری گشتی ئەو دادگایە بکا بۆ ئەوەی لەسەر تاوانی سەرکوردە

ئێزدیەکانی سەردەستی داعش کاتی هێرشەکەی کە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ دەستی پێکردوەو تا ئێستاش هەر بەردەوامە ئەو دادگایە دەتوانێ لەسەر ئەو دۆسێیە لێکۆڵینەوەو دادگایی بکات و سزای خۆی بدات و رێچکەی یاسایی و بەشێک لە کێشەکانی لەگەڵ کورد تەواو دەبێ .

## تەوەری چوارەم:

## مامەڵەکردنی عێراق لەگەڵ دۆسێی تاوانەکانی سەر ئێزدییەکان

دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ کە باڵاترین یاسایە لەعێراق ، هاوڵاتیان بێ جیاوازی نەتەوەو ئایین ومەزهەب وجێندەرو رەچەڵەک، رەئی و بیروباوەڕ یاخۆ پێگەی کۆمەڵایەتی ئابووری دەپارێزێ لە ماددەی دوو بڕگەی دوو بە روونی ناوو پێناسەی ئێزدییەکان هاتووە ، بەڵام بەردەوام رووبەڕوی پەراوێزی رەتکردنەوەو سوکایەتی چەوسانەوە دەبنەوەو کەسیش لەسەریان بە جەواب نییە" {رنا جاسم الشمري(٢٠٢١)/ جحيم العبودية الى معاناة المخيمات ،ص٦٦}، ئامادەش نییە دان بەو فەشەلەی خۆیدا بنێ لە جیاوازکاری نێوان پێکهاتەکانی ئەو سنوورە سیاسییەی کە پێی دەگوترێ عێراق، و بەو زهنیەتەو مومارەساتانە ناتوانێ ئەو کەمە نەتەوەیی وئایینی وکۆمەڵاتیانە بپارێزێ و داکۆکی لە مافەکانیان بکات و لەژێر چەتری ئەو وڵاتە هەست بە ئەمانەت و ئۆقرەیی ناکەن. دەوڵەتی عێراق واژۆی لەسەر پەیماننامەی رۆما ١٩٩٨ نەکردوەو بۆیە پەیوەست نییە بە ماددەکانی ٥_٩ کە ئەو ماددانە سزا دەخەنە ئەو جۆرە تاوانانە و هەر لەبەرامبەر داعش کاری بە یاسای دژە تیرۆر کردوەو ئەوجا بەشێکیشیان

لەدەسەڵاتدارانی عێراق هەم هۆگری ئیسلامی و هەم نەتەوەیین بە زهنیەتی هاوڵاتیبوون نانوارڕنە ئەو تاوانە کە بەسەر کوردە ئێزدییەکان هاتووە، لەهەمان کاتدا " ئەمریکا خۆی بەشداری ئەو پەیمانە نەبووەو هانی ولاتانیش نادا بەشداری بکەن ، لەکاتێکدا لە زەمەنی کە عەلاوی سەرۆک وەزیران بوو هەوڵی دا ببێتە ئەندام لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بەڵام ئەمریکە فشاری خستە سەرو پەشیمانی کردەوەو ، ئەم فشارەی ئەمریکا سەد وەستانی لەسەر پێویستە، هەر بۆیە خاو خلیسکی و" بێ ئەولەویەتی لە تاوانەکاندا کە بە مەترسیدارترین تاوان دادەنرێ ،بەبێ سەروبەری(عشوائی) و بێ ستراتیژیەتی نیشتیمانی لە دادگاییکردنەکەدا زۆری پێوە دیارە "{ تقرير هيومان رايتس وۆچ (٢٠١٧) / عدالة منقوصة_ المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق/ص٢٤} لەبەرامبەر ئەو دۆسێیە، دیارە پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی بە پێشێلکاری سەر سەروەری عێراق و دەستوەردان لەکاری نێوخۆیی وڵاتی دادەنێن وەک حەیدەر عەبادی بۆ لێپرسراوێکی هیومەن رایتس وۆچ گۆتویەتی (تقرير هيومن رايتس وۆج (٢٠١٧) /هەمان سەرچاوەی سەروو }، بەڵام دۆسێی ئەندامانی بیانی کە٨١٠ تیرۆرستن لە ٢٠١٨ تاوەکو ٢٠١٩ ، لەو مەسەلەیەش عێراق پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی وڵاتانی دیکەش هەیە بۆ دادگایکردنیان بۆیە لە ئابی ٢٠١٧وەزیری دەرەوەی عێراق ( ئیبراهیم جەعفەری)بە نامەی فەرمی ئاگاداری ئەنجومەنی ئاسایشی کردەوەو کە" هاوکاری عێراق بکەن لەدۆسێ تاوانەکانی داعشدا بە مەرجێ سەروەری عێراق لە پرۆسەکە پارێزراو بێت "{ کرمانج یونس عوسمان (٢٠٢١)/ تاوانەکانی داعش لە چوارچێوەی بژاردەکانی ،ل ٣٥} ، ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ٢٣٧٩ تیمێکی لێکۆڵینەوەی

نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق دا بۆ ئەو مەبەستە و کە بە یونیتاد ناسراوە.لەو قسانە ئەوە دەردەکەوێ کە عێراقییەکان کار لەسەر بەناوخۆکردنی ئەو دۆسێیە دەکەن و هەر لە چوارچیوەی یاسای بنبڕکردنی تیرۆری ژمارە ١٣ی ٢٠٠٥ کە تەنیا لەسەر پەیوەندی بوون بەداعش سزا دەدرێ و ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤاتی وتاوانی شەڕ لێی دەردەچن وئەو سەرکردانەی کە تاوانی گەورەیان کردوە لەگەڵ ئەوانەی کە تەنیا پەیوەست بەڕێزەکانی داعش بوینە وەک یەک سەیر دەکرێن نەک گچکەیی و گەورەیی تاوانەکە وەک بەکۆیلەی و بەکەنیزەکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و بازرگانی بە ژن و بەزۆر سێکسکردن و بەم شێوەیە زۆر لەتاوانەکانی(کۆمەڵکوژی ، دژ بە مرۆڤایەتی ، تاوانەکانی شەڕ) کە داعش ئەنجامی داوە دادەپۆشرێن، چونکە سزادانی لە یاساکانی قەزای عێراقیدا نییە، ئەو میتۆدەش ئێزدییەکان شایستە نیین بەو شێوەیە تاوانکاری تاوانەکانیان لێی دەرچن و نەزاهەت و دادوەری عێراقی دەخاتە بەردەم هەڵوەستەی زۆر .

## تەوەری پێنجەم:

## ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لە دۆسێیەی تاوانەکانی داعشی سەر ئێزدییەکان لە ساڵانی ٢٠١٤_٢٠١٩.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە کەم ئەزموونی ناپرۆفیشناڵ و کەم دەستڕۆیشتوو بێ، هیومان رایتس ووچ لەراپۆرتە ٥٣ لاپەڕەیەکەی لەکەمتەرخەمی لەدادوەری هاوێری نەکردوەو هەمان رەخنەی لە هەرێمی کوردستانیش گرتووە کە پشتی بەیاسای بنبڕکردنی تیرۆر (ژمارە٣ساڵی ٢٠٠٦)،بەستووە، ئەوا لە هەمبەر ئەو دۆسێی تاوانبارانی داعش ودامەزراندنی

دادگایەکی نێودەوڵەتی ئەگەرچی وەک پێویستیش نەبێ هەوڵی خستۆتە گەڕو کاراتر بووە ،"لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی وپێکهاتە ئاینییەکانی تر"دامەزراندوەو هەروەها دەستەی باڵای لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەکانی راگەیاندوە، بارەگاکەی لەشاری دهۆکە هەوڵی داوە بۆ لۆبیکردن بۆ ئەو مەبەستە لە دەرەوەو ناوخۆدا ، بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند یاخۆد تێکەڵاو لەگەڵ دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ICC ، چەندین جاریش لەسەر ئەو مەسەلەیە "داواکاری خستۆتە بەردەستیان کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ "{کرمانج یونس عوسمان (٢٠٢١) / تاوانەکانی داعش لەچوارچێوەی... ،ل٣٧}، سەرۆکایەتی هەرێم وبەرلەمان حکومەتی هەرێم بڕیاری ٢ ساڵی ٢٠١٩ سەرۆکایەتی هەرێم و بڕیاری ١١ ی ٢٠١٩ی بەرلەمانی کوردستان و فەرمانی ٦٧٧ کە لە ٢٠١٧/٢/٥ ، ئەو تاوانەیان بە جینۆساید ناساندووەو جەخت لەسەر دادگایکردنێکی نێودەوڵەتی دەکەنەوە ، ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد بەفەرمانی ٨٠ رێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٨ دەستەیەکی نوێی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردوە و گەلالەنامەیەکیشیان ئاڕاستەی بەرلەمانی کوردستان کردوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر دامەزراندنی دادگایەکی تاوانکاری کوردستانی بدرێت لەسەر بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتی و بنەمای رۆما بۆ تاوانکاری ، بەڵام بەرلەمانی عێراقی رێگرە لەو مەسەلەیەدا ،ئەو هەوڵانە کارێکی باشن بەڵام کۆتا و هەموو شت نییە و پێویستی بەهەوڵی زیاتر هەیە بەتایبەتی لە گرتنەبەری ستراتیژیەکی نیشتیمانی کە بتوانێ مافەکانی تاوانەکانی سەر کوردە ئێزدییەکان وەربگرێ و تاوانکارانی کۆمەڵکوژی و بەکەنیزەکردن و بازرگانی بە ژنان و منداڵان و

سەربڕین و هەتککردن و سوکایەتی و... وەربگرنەوە هەروەها
تواناکان بخرێنە گەڕ لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش و
کەڵک وەرگرن لە بڕیاری ٢٣٧٩ کە لایەنی کەم دەکرێ
گەڵاڵەنامەیەک ئامادە بکری و هەوڵی دامەزراندنی دادگایەک
بدرێ بۆ ئەو مەبەستەو بارەگاکەی لە هەرێمی کوردستان بێت
نەک بەغدا.

## تەوەری شەشەم:

## تایەبتمەدییەکانی تاوانە نێو دەوڵەتییەکان

### تاوانە نێودەوڵەتییەکانی هەندێ خەسڵەتی تایبەتی یاسای بەخۆیەوە هەیە کە لە تاوانەکانی دیکەی جودا دەکاتەوە لەوانە :

١_ مەترسیدارە: ئەو تاوانە لەتاوانی ناوخۆییەکان پانتایی وشمولیەتی فراوانترە، کە رەنگە ببێتە هۆکاری وێرانکردنی شارێک وکۆمەڵکوژییەکی زۆر ئازارو وەحشیگەرایەکی زۆری تێدا روبدا ، وەک لێژنەی یاسایی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان باسی لێوە کردوە لە ئاداری ١٩٥٠"ئەو تاوانە سەرجەم بنەمای کۆمەڵگەی دەگرێتەوە"{یونڤیرستی /الجریمەالدولیة و خصائصها}.

٢_ تەسلیمکردنی تاوانباران : ئەگەر لە بەدواچوون بۆ داواکارە سیاسییەکان رادەستکردن ،قەدەغە بێ ،ئەوا لە رادەستکردنی تاوانبارانی نێودەوڵەتی بۆ دادگا کارێکی ئەمریەو پێویستە، ئەو هاوکارییە لەنێوان دەوڵەت و قەزای نێودەوڵەتی زامنی ئاسایش یاسا جێبەجێکردن دەکا و بەتایبەتی تاوانباری نێودەوڵەتی لەهەرکێیەک بێ و سەر بەهەروڵاتێک نەتەوەیەک بێ ئەوا دوژمنی گشتە.

٣_ داخستنی دۆسێیە : بەهیچ جۆرێک ئەو تاوانانە دۆسێیەکەیان داناخرێ و وەلا نانرێ لەهەر شوێنێک جێیەک بێ بەدوای دەبێ ،نە دادگای نۆرمبۆرگ و نەدادگای تۆکیو ئەو داخستنەی تێدا نییە

بەڵام ئەڵمانیا لەم دوایە باس لە داخستنی دوای ٢٠ ساڵ دەکا ، لەگەڵ ئەوەش ماددەی ٢٩ی پەیماننامەی رۆما جەخت لەسەر رادەستکردن و دانەخستنی دەکاتەوە.

٤_ لێبوردن نایگرێتەوە:هەر تاوانێکی ناوخۆیی دەسەڵاتی راپەڕاندن و یاسادانان لە توانایدایە لێبوردن لەو تاوانبارە بکات ، بەڵام لێرەدا لەبەر ئەوەی مەترسیدارترین تاوانەو دادگای نێودەوڵەتی سەرپەرشتی دەکا چۆن ناتوانن تاوانە دابخەن ئەوهاش ناتوانن لێبوردنی بۆ دەر بکەن .

٥_ پارێزبەندی نییە : لەیاسای نیشتیمانی پارێزبەندی هەیە بۆ سەرۆک کۆمارو لێپرسراوەکان، غەلیومی دووەم ئەڵمانی نەیگرتەوە ساڵی ١٩١٩ لەبەر ئەوەی وای بۆچۆن ئەو نوێنەرایەتی گەلێک دەکا و دەبێ گەلەکەی سزای بدا نەک گەلێک سەروەری نەمێنێ سزای بدرێ، بەڵام لەدوای نۆرمبۆرگ ئەوپارێزبەندییە هەڵگیراو کەسی لێ دەرناچێ .

## تەوەری حەفتەم :

## رێککەوتننامە نیودەوڵەتییەکان دەربارەی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان .

### یەکەم _ رێککەوتنامەی لاهایی ١٨٩٩_١٩٠٧

دوو پەیماننامەن لەلاهای هۆڵندە بەسترا بۆ ئاشتی که بۆتە هەوێنی رێککەوتن و بڕیارەکانی یاساکانی دیکەی کۆمەڵکوژی و بنەمای یاسایی بۆ سزادان، پەیمانامەی لاهای یەکەم ١٨٩٩ ، لە ١٨٩٨٢٩ی ئاب لە لایەن قەیسری روسیا نیکۆلای دووەم و

کۆنت میخائیل نیکۆلایڤیچ مۆرافیۆف وەزیری دەرەوەی ئەوسای روسیا ، پێشنیار کراو رۆڵی سەرەکیان لە بەستنی ئەو کۆنگرەیە بینی و یەکێ لە دەقە بنەڕەتییکانی ، ئەو دوو کۆنگرەیە لە پاڵ کۆنگرەی جنێڤی ١٨٦٤ بە سێ راگەینراوی فەرمی دادەنرێ لەبواری یاساکانی ئیدارەکردنی شەڕو تاوانەکانی شەڕ ،لە بواری یاسا نێودەوڵتییەکاندا، "بە پێی یاساکەی لیبر کە ٥٦ ماددەی لێوەرگرت لەبۆ(شەڕو دیل و خەڵکی سڤیل و ئاگربەست و گۆڕینەی دیل و تالان و سیخوڕ ....، ) کە ئەبراهامی لنکهۆلنی سەرۆکی ئەمریکی لە٢٤ نیسانی ١٨٦٣ واژۆی لەسەر کرد لە کاتی شەڕی ناوخۆیی ئەمریکا بۆ سوپای یەکگرتووی ئەمریکا" ( اتفاقية لاهای ١٨٩٩_١٩٠٧) واش بڕیار بوو کۆنگرەی سێ لە ١٩١٤ ببەسترێ دوایی دواخرا بۆ ١٩١٥ و بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەنجام نەدرا ،لەهەردوو پەیماننامەکەدا باس لە چەک داماڵین ویاساکانی شەڕ و تاوانەکانی جەنگی باس لێوەکرایە ، هەوڵی سەرەکی بۆ پێکهێنانی دادگایەکی نێونەتەوەیی بوو بۆ شەڕ راگرتن ئاگربەستی بە زۆر ،بەڵام وڵاتانی بەشدار بوو نەیانتوانی ڕێک کەون لەسەری بۆیە مونتەدایەکیان بۆ ئەو مەسەلەیە دروست کرد لە ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا روسیا و چین ووڵاتی فارس پێک هات کە خۆبەخش بوو، لە١٨ی مایو ١٨٩٩ رۆژی لەدایکبوونی قەیسەری روسیا کۆنگرە کرایەوەو لە ٢٩ی مایسی ١٨٩٩ لەسەرسێ پەیماننامەو سێ راگەینراو و دیکۆمێنت رێکەوتن و واژۆی لەسەر کرا و لە ٤ی سبتیمبەری١٨٩٩ کەوتە واری بەجێ گەیاندن.

لەکۆنگرەی لاهای دووەم ١٩٠٧ کەبە کۆنگرەی دوویی لاهای ناسراوە ، لەسەر پێشنیاری سەرۆکی ئەمریکی سیودۆر رۆزفلت بوو ،ساڵی ١٩٠٤ بەڵام دوا خرا بەهۆی شەڕی نێوان ژاپۆن و روسیا دواخراو کۆنگرەی دووی لە ١٥حوزەیران بۆ ١٨ئۆکتۆبەری ١٩٠٧ دوا خرا، مەبەستی سەرەکی بۆ فراوانکردنی رێکەوتنەکانی ١٨٩٩ بوو هەروەها بۆ زیادکردنی بواری دەریایی لەو رێکەوتنانەدا لە ٢٦ی ١٩١٠یەنایری ١٩١٠ کەوتە بواری بەجێ گەیاندن و ١٣لە ١٣ پەیماننامە ١٢ دانەی تیادا مۆر کرا ، ئەو دوو کۆنگرەیە وەک کۆنگرەی ئاشتی لە نێوان وڵاتانی ئەوسا سەیر دەکرێ وەک یەکێتیەکی سیاسی بۆ چارەسەری ئاشتیانەی نێوان وڵاتانی دونیای ئەوسا و دامەزراندنی دادگاییەکی نێودەوڵەتی بەڵام بەهۆی لاری جەرمانستان ئەو بیرۆکەیە رەتکرایە.

**دووەم _ رێککەوتنامەی جنێڤ ١٩٢٩**

بەهۆی شەڕی یەکەمی گەورەی دونیا کەمکوڕی زۆر هەبوو لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی ئەوسا سەبارەت بە شەڕ وپاراستنی قوربانیانی شەڕ ،ئەو رێککەوتنە لەسەر داوای حکومەتی سویسرا بەستراو لەشاری جنێف، کە کۆنگرەیەکی دیبلۆماسی نێوان ٤٧ وڵات بوو ،کەسێ رێککەوتن کران سەبارەت بە قوربانیانی سەربازی شەڕ بەتایبەتی هێزی دەریایی .

**سێیەم _ رێککەوتنی لەندنی ١٩٤٥**

دوای کۆتایهاتنی دووەم شەڕی گەورەی دونیا ، وڵاتانی هاپەیمانی سەرکەوتوو لەشەڕدا لە لە لەندەن کۆ بوونەوە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ سزادانی ئەوانەی

که تاوانی گەورەیان ئەنجامدا لەدژی مرۆڤایەتی تاوانی شەڕ لەسەردەمی نازیەتدا ، ئەوەبوو لە ٨ی ئابی ١٩٤٥ لەسەر دامەزراندنی دادگایەک ڕێککەوتن و بۆ تاوانبارانی شەڕ کە دوایی بە داگای نۆرنبۆرغ ناسرا کە دامەزراندن و تایبەتمەندی ئەو دادگایەی نیشان دا لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەڕ کە لە ماددەی٢و ٦بە رونی باسی لێوەکراوە کەدەبێ سزا بدرێن .

**چوارەم _ پەیمانی رۆما**

پەیماننامەی رۆما لە١٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٩٨ لە رۆما بەسترا بۆ ئەوەی بنەیەکی سەرەکی بۆ دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دامەزرێنن، ساڵی ١٩٩٣ لێژنەی یاسایی نێودەوڵەتی رەشنووس و گەڵاڵەنامەیەکی ئامادەکردو لەساڵی ١٩٩٤ پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردو لێژنەی ئامادەکاری بۆ دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی شەش دانیشتنی ئەنجامدا لە ١٩٩_١٩٩٨، ئەوە بوو لە دەروازەی یەکەمدا ماددەی یەک دادگاو پێکهاتەی دادگای دەستنیشانکردوەو لە ماددەی دوو پەیوەندی دادگای لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان و مادەی سێ شوێنی بارەگاو ماددەی چوار دەسەڵاتەکانی دادگاو لەدەروازەی دووەمدا ماددەی پێنج دا ئەو تاوانانەی کەدەبێتە کاری و لە ماددەی شەشدا باس لە کۆمەڵکوژی دەکاو لە ماددەی حەوتدا تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و لە ماددەی ٨ باس لەتاوانەکانی جەنگ دەکات وماددەی ٩ باس لە ئەرکانەکانی تاوان دەکاو لە ١٢٦ مادده پێک دێ و ١٢٥ باس لەبڕیاردانی دەکا و لە ١٢٦ باس لە بەجێ گەیاندنی دەکا .

**پێنجەم _ دادگای یوگسلافیا ١٩٩٣**

ئەو دادگایەیە کە لەرێگەی نەتەوە یەکگرتوەکان دروست بوو بڕیاری ٨١٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ٢٥ی ئەیاری ١٩٩٣ کە بارەگاکەی لە لاهایە ، بۆ بەدوا داچوون وسزادانی ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووە لە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ و دژە مرۆڤایەتی لە یوگسلاڤیای پێشوو لە ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ١٩٩٥ ( بۆسنە و هرسک و دۆڵی لاشڤا و کروات .....) کە لە ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥ پەیماننامەی "دیتریت" بۆ ئاشتی بەسترا، کە تیایدا لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٢ ، ٢،٧٠٠،٠٠٠ کەس ئاوارە بوون لەوانە ٧٠٠،٠٠٠ کەس داوای پەناهەندەییان لەئەوڕپا کرد ، تیادا ٢٠٠٠_٥٠٠٠ ژنیان هەتک کرد.

**شەشەم _ دادگای راواندا**

**International Criminal Tribunal for (Rwanda/ICTR)**

بۆ ئەو کەسانەی کەدەستی تاوانباریان هەیە لە راواندا لە (٧ نیسانی ١٩٩٤ تاوەکوو ناوەڕاستی مایسی ١٩٩٤ ) کە بارەگاکەی لەئورشای تەنزایایە ، تیایدا لە" ٨ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤ بە بڕیاری ٩٥٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دامەزرا، کە تیایدا ٨٠٠" هەزار کەسی توتسی و میانڕەوی هوتوو کوژران لە سەر دەستی هوتوە توندڕەوەکان کە دەکاتە ٪٧٥ توتسییەکانی راوەندا ، ٣٥٤،٤٠٠ ژنی توتسی رووبەڕووی ئیغتیساب بوونەوە لەسەردەستی هوتییە توندڕەوەکان، کە نزیکەی ٢٠٠٠ منالی لێکەوتەوە"{ویکیبیدیا

الابادة الاجماعية في رواندا } لەو دەستدرێژییە . ئەمانە هەمووی پاڵپشتن بۆ ماف وەرگرتنەوەی کوردە ئێزدییەکان .

# بەشی پێنجەم :

## دەرئەنجام

لەکۆی ئەو توێژینەوەدا گەیشتینە چەند سەر ئەنجامێک :

١_ئایینی ئێزدیی یەکتاپەرستیەو کافر نیین وەک دوژمنەکانیان باسی لێوە دەکەن ، ئەو تۆمەتانەی داعش بۆ بڕوبیانو هێنانەوە بووە بۆ ئەو رەفتارانەی کە ئەنجامیان دا .

٢_ لە درێژەی مێژوودا ئێزدییەکان روبەڕووی ٧٤ فەرمان هاتوون ، کە بەشێکی لەسەر دەستی میرەکانی کورد یاخۆد هاوکاری عەشیرەتە کوردە موسڵمانەکان بووە بە پشتیوانی و هاندانی سەفەویەت و عوسمانی و ئینگلیزی و عێراقی و تورکیا .

٣_ بەکەنیزەکردنی ژن لەلایەن داعش قێزەوەنترین کاریان بووەو رەهەندێکی شەرعی ئیسلامیشی هەیە کە لەسەردەمی سەرەتایی ئیسلام پیادە کرابوو.

٤_ پەلامارەکەی داعشی بەرەبەیانی ٣ی ئابی ٢٠١٤سەر ئێزدییەکانی شنگال ، پلاندارێژراوی وردو فرەلایەن بوون بە سەر ژنانی کوردی ئێزدی، تەنیا بە تایبەتی توندوتیژیەکانی ئەقڵی داعشەکان دانەڕێژرابوو، بەڵکوو تەواوکەری پرۆسەی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە بوو کە لەدەورانی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و هاتنەسەرکاری بەعس کە لەگەڵ داعش دوو روی یەک دراون ، چڕترو بەرفراوانتری کردەوە.

٥_ ئەوەی بەسەر کوردە ئێزدییەکانی شنگال هاتووە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و دژە شەڕو دژ ئینسانی دەیگرێتەوەو یاساکانی تاوانکاری عێراقی و کوردستان لە ئاستی پێویستی مافەکان نییە کە قوربانیان و نەجات بووانی ئەو کۆمەڵکوژیە دەیخوازن .

٦ _هەڵبژاردنی پەلامارەکە لە سەعات دووی شەوی رۆژی ٣ی ئاب کە رۆژی دوای جەژنی چلەی هاوینی ئێزدییەکان بەدیراسەت بووە، بۆ ئەوەی بەکەمترین زیان زۆرترین کوشتاری کوردە ئێزدییەکان بکەن.

٧_ پردێک دروست بکەن بۆ بەستنەوەی رەقە بەموسڵ و دابڕاندنی رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ باشووری کوردستان لەلایەنی پەیوەندییە کۆمەڵاتی و ئابووری و سیاسییەکاندا ، لەو شوێنە ستراتیژییە وپیرۆزەی ئێزدییەکان، بۆئەوەی بەئاسانی پەلاماری ئەو ناوچانە بدەن .

٨_شوێنپێیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە چاودێرکردنی هەرسێ وڵاتی تورکیاو سوریاو عێراق، کە هەرسێکیان کورد بە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنی نەتەوەی خۆیان دادەنێن.

٩_ شنگال پردی نێوان رۆژئاواو باشووری کوردستانەو بە بەستنەوەی ئەو دوو پارچەیەی کوردستان دەرفەتی پرد دروستکردن لە نێوان ئەو پارچەیە لەگەڵ باکوور بە هاسانی دروستت دەبێ و لۆزانچی و داگیرکەرانی کوردستان ترۆقیان لەو پەیوەندیەی نێوان ئەو پارچانە چووە، چونکە یەکێتی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوەو کە چەکی سەرەکی تێکشکاندنی لۆزانچیەیە بەدەست گەلی کوردستاندا.

١٠_ ئێزدیەکانی شنگالیش دانیشتوی رەسەنی ئەو ناوچە ستراتیژیەن ورەهەندە کۆمەڵاتی وئابووری وجوگرافی ومێژووییەکانیان هاندەر وکەرەسەی زەمینە سازی ئەو پرۆسەیەن کە لۆزانچیەکان لێی دەترسن رووبدات.

١١_ ئێزدیایەتی وەک ئایین سیمای شارستانیەتی زاگرۆسییەکانە لەمیزۆپۆتامیا، بۆیە توخمێکی رەسەن و کاریگەری ئەو ویستەن بۆ دروستکردنەوەی ئەو پێناسەیەی کە لۆزانچییەت هەڵوەشێنتەوە .

١٢_ هەر بۆیە تاوانەکانی سەر ئێزدییەکان، سستی وکەمتەرخەمی و چاوپۆشینی تێدا دەبینرێ ناساندنی وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی و سزادانی تاوانباران راکردنە لەبەردەم دادوەری جیهانیدا.

١٣-خۆ دزینەوەی عێراق لەداگاییکردنی داعشەکان بە پێی سیستەمی بنەڕەتی رۆما و واژۆنەکردنی عێراق لەسەر ئەو سیستەمە بۆ فشاری دەرەکی(ئەمریکە) دەگەڕێتەوە.

١٤_ دەرچوونی بڕیاری ٢٣٧٩ی ساڵی ٢٠١٧ بە دروستکردنی کۆمسیونێکی نێودەوڵەتی بۆ کۆکردنەوەی وپاراستن و ئەو بەڵگانەی سەر داعش کە ئەنجامی داوە و پاشان خستنە بەردەستی دادگاکانی عێراق نیشانەی ئەوەیە ئەنجومەنی ئاسایش بە نیاز نییە ئیحالەی دادگای جینائی نێو دەوڵەتی بکا و عێراقییەکانیش بە یاسای دژە تیرۆرو تەنیا تۆمەتباربوون بەوەی ئینتیمای بۆ داعش هەیە بەپێی ماددەی ١٣ی ساڵی ٢٠٠٥ نەک لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە دادگایی دەکرێت .

١٥_ زۆر لەو ژنانەی ئێزدی بەزۆر بەشودراون و بەشێکیان کراونە کەنیزە و لە بازاڕەکان فرۆشراون بە پارە، کە ئەوە گەورەترین شکۆشکاندنی مرۆڤە لەو رۆژگارەدا .

١٦_ئەو کۆمەڵکوژییە لەسەر بنەمای پاکتاوی نەژادی (کورد)و ئایینی (ئێزدی) ئەنجامدراوە بە مەبەستی قڕکردنیان.

## پێشنیارەکان

١_فشارخستنە سەر دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی واژۆ لەسەر سیستەمی رومای بنەڕەتی بکا، بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ پێشنیاری ژمارە دوو بکرێ .

٢_ داوا لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بکرێ کەیاسایەک دەر بکا بۆ تاوانەکانی دژ بە داعش کە دەرهەق بە ئێزدیەکان کراوە بۆ ئەوەی دادوەری (قضاء) عێراق ، بواری بۆ بڕەخسێ بەپێی ئەو یاسایە تاواناکارانی داعش کە ئەنجامیانداوە سزا بدات.

٣_پێویستە حکومەتی هەرێم فشار بخاتە سەر دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی داوا لەئەنجومەنی ئاسایش بکا کە بڕیارێک دەرکا سەبارەت بەدروستکردنی دادگایەکی جەزائی سەبارەت بە تاوانکارەکانی داعش هاوتای جولەکەکان وسرب و دارفور و هتد.

٤_ هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دەرکراوەکانی شنگال و دەوروبەری بەهەر جۆرێک بێت و کۆتایی بە کەمپنشینی بهێنرێ.

٥_ هەوڵدرێ دوای دادگایکردنی تاوانکاران قەرەبۆی زەرەرو زیانەکانیان بکرێتەوە.

٦_ بۆ ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵایەتی بکرێتەوەو دابینی سەرەتایەکانی بژێوی خۆیان بکەن و لە نەخۆشییە نەفسییەکان دوور بخرێنەوە، پێویستە کاریان بۆ بدۆزرێتەوەو دابین بکرێ.

٧_ هەوڵبدرێ لەگەڵ پیاوانی ئایین ئەو جۆرە پڕوپاگەندە نادروستانەی سەر ئێزدییەکان بڕەوێنرێتەوەو ژیانی برایەتی هاوبەشی بەیەکەوە گرێدان لە پێناو دوا رۆژی گەلی کوردستان دابین بکرێ.

٨_ حکومەتی هەرێم لەرێگەی حکومەتی عێراقەوە داوای ئەو ژنانەی ئێزدی بکاتەوە لەوڵاتانی لیبیاو تورکیا و سعودیا وکەنداو وئەو وڵاتانەی کەمەزەندەی بوونی ژنانی ئێزدی لێ دەکرێ تیادا هەبن .

٩_داوای قەرەبووکردنەوە ماددی لەحکومەتی عێراقی بکرێتەوە بۆ قوربانیان و رزگاربووانی ئەو کۆمەڵکوژیە .

١٠_سەنتەرێکی فەرمی دروست بکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێم و بە پاڵشتی ماددی حکومەتی فیدرال بۆ دیکۆمێنتکاری ئەو تاوان و زانیاریانەی کەلەسەر ئەو کۆمەڵکوژیە بەردەستە.

١١_ تاوانکارانی سەرەکی جودا بکرێنەوەو بدرێنە دادگای تایبەت لەناوخۆ ونێودەوڵەتیدا سزا بدرێن لەسەر ئەو کۆمەڵکوژیەی کە دەرهەق بە ئێزدییەکانی شنگال کردویانە.

١٢_ سەنتەرێک بکرێتەوە بە سپۆنسەری ماددی حکومەتی فیدراڵ بۆ چارەکردنی نەفسی و ڕێنمایی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ژن و منداڵانەی کە تووشی ئازار هاتوون .

١٣_کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکانیش لەبەرئەوەی ڕووداوێکی نوێ و گرنگە هەربۆیە پێویستیی بە دامەزراوەیەکی تایبەت هەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و خودی سەرۆکوەزیران بەڕێوەببرێت.

١٤_ کردنەوەی بنکەیەک بۆ ناساندن وجێبەجێکردنی کاروباری کارەساتی شنگال وئاوارە کوردە ئێزدییەکان لە ئەوروپا.

١٥_دامەزراندنی مۆزەخانەیەک بۆ ئەو کارەساتەی شنگال، وکۆکردنەوەی تەواوی بەڵگەنامە ودیکۆمێنتەکان لە ناوەندێکی ئەرشیفیی تایبەتدا.

١٦_ژیانی کۆمەڵایەتی وئایینیی کوردە ئێزدییەکان کۆمەڵکوژییەکانی شنگال ودەوروبەری بکرێنە بەرنامەی خوێندن ولە تەواوی خوێندنگاکانی کوردستاندا بخوێنرێن.

١٧_بەستنی کۆنگرەیەکی ساڵانە لەدەرەوەی وڵات کە شێوازێکی نێودەوڵەتیی ببێت لەسەر کارەساتی شنگال وتاووتوێکردنی بژاردەکانی بەجینۆساید ناساندنی، هەروەها لەم کۆنگرەیەدا کارە تەواوکراوەکانی نووسینگە نێودەوڵەتییەکە بخرێتە بەر باسوخواس وتێبینی ودەرهاتەکانی تەواوی پرۆسەکەی تیادا تۆمار بکرێ.

# سەرچاوەکان

# References

### ١_سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١_حسو هورمي(٢٠٢١)/المرأة الايزيدية و الابادة الجماعية / مشروع توثيق الابادة الجماعية للايزيدين سلسلة رقم (١٤). الطبعةالاولى / مطبعة رۆژهەڵات_ أربيل_ اقليم كردستان

٢_ حسو هورمي (٢٠١٥)/ الفرمان الاخير( داعش و الابادة الجماعية للايزيديين ) / ترجمة و تقديم _سعد سلوم / مؤسسة المسار للتنمية الثقافية و العلامية /لبنان كندا.

٣_ حسو هورمي (٢٠١٧) عن جحيم الدولة الاسلامية ( داعش و الابادة الجماعية للايزيديين)طبعة الاولى/ مطبعة روژهەلات _أربيل.

٤_ خليل جندي رشو(٢٠٠٨) الايزيدية و الامتحان الصعب / دار ئاراس / اربيل.

٥_ فوزى الاطروشي و فراس نوري الياس (٢٠١٧) / ابادة الايزيديين داعش و جريمة العصر / دار الجواهري / بغداد .

٦_حسو هورمي( ٢٠١٩) داعش و تتجنيد الاطفال الايزيديين/ مطبعة روژهەلات_ أربيل.

٧_ رنا جاسم الشمري(٢٠٢١)الطفولة المغتصبة_دراسة ميدانية عن اطفال الايزيديين الذين تحرروا من تنظيم داعش_ تقديم و مراجعة حسو هورمي / مشروع توثيق الابادة الجماعية للايزيدين سلسلة رقم (٢٠)ط١ مطبعة روژهەڵات_ اربيل – اقليم كردستان .

٨_ دنيا علوان ناموس محمد الاسدي(٢٠٢١) / الحماية للايزيديات في التشريع و الابادة الجماعية العراقية (دراسة مقارنة) / رسالة ماجستير/ مشروع توثيق البادة الجماعية للايزيدين سلسلة رقم (١١)/ كلية قانون_ جامعة كوفة /الطبعة الاولى / مطبعة رۆژهەڵات_ أربيل_ اقليم كوردستان

٩_ رنا جاسم الشمري(٢٠٢١)/ من جحيم العبودية الى معاناة المخيمات / دراسة ميدانية حول واقع النساء الناجيات الايزيديات في مخيمات دهوك- اقليم كردستان / الطبعة الاولى / مشروع توثيق الابادة الجماعية للايزيدين سلسلة رقم (١٣).

١٠_رنا جاسم الشمري (٢٠١٩) السبايا _دراسة اجتماعية ميدانية للايزيدين المختطفات العائدات في العراق/ الطبعة الاولى / مطبعة رۆژهەڵات_أربيل .

١١_ حسو هورمي(٢٠١٩)/ داعش و تجنيد الاطفال الايزيدين / الكتاب الرابع من سلسلة داعش و الابادة الجماعية للايزيدين مطبعة رۆژهەڵات_ أربيل

١٢_خدر ديرو الخانصوري (٢٠٢١)/ داي شمي ديرو الام وآمال/ مشروع توثيق الابادة الجماعية للايزيدين _ سلسة رقم (١٥)

١٣_ صديق الدملوجي (١٩٤٩)،الايزيدية، مطبعة الاتحاد، الموصل

١٤_ عبدالرحمن بشير سعيد( ٢٠٠٦)/ بهدينان وعشائرها _ دراسة تاريخية _ تقديم: خليل علي مراد و رزاق عبدالمنعم شعث/ مطبعة خاني _دهوك .

١٥- كاظم حبيب(2016)، الايزيدية ديانة عراقية-شرق أوسطية قديمة ، الطبعة الأولى، دار نينوى للدراسات والنشر، دمشق_ الطبعة الرابعة.

١٦_ داود مراد ختاري(٢٠١٠)/ الحملات والفتاوي على الكورد الايزيديين في عهد العثماني(١٥١٣_١٩١٨)الطبعة الثانية / دهوك.

١٧_ خليل جندي(١٩٩٨)/ نحو معرفة حقيقة الديانة الإيزيدية/ دار رابون للنشر_ السويد.

١٨_ محمد التونجي (١٩٩٩)/ الايزيدون واقعهم تاريخهم معتقداتهم / بيروت

١٩_ عدنان زياد فرحان وقادر سليم شێخو (٢٠٠٩) الفرمانات وحملات الابادة ضد الكورد الايزيدية عبر التاريخ / دهۆک.

٢٠_فاضل عبدالزهرة / انتهاكات داعش

٢١_ ابو عبدالله المجاهيد (٢٠١٣)/ مسائل من فقهه الجهاد/ النسخة الالكترونية .

٢٢_ ابراهيم الحيدرى(٢٠١٥) /سوسيولوجيا العنف و الارهاب/ دار الساقي / بيروت_لبنان .

٢٣_ابو عبدالله المهاجير (٢٠٠٨) مسائل من قضية الجهاد/ مأخوذة من انترنيت

٢٤_ باتريک کوکبيرن/ ترجمة ميلثين حبيب/دار الساقى / طبعة الاولى / بيروت٢٠١٥

٢٥_ديڤيد كين(٢٠٠٨)/ حرب بلا نهاية وظائف الخفية للحرب على الارهاب _ نقله الى العربية – معين الامام _ الطبعة الاولى .

٢٦_ابى بكر ناجى( ٢٠٠٨) ادارة التوحش منقول من انترنيت

٢٧_ عبدالباري عطوان(٢٠١٥) الدولة الاسلاميةو الجذور التوحش و مستقبلها / الطبعة الاولى / دار الساقي .

٢٨_ علاء الاعرجي(٢٠٠٩)/ ازمه التطور الحضاريفي الوطن العربي بين عقل الفاعل و عقل و المنفعل_بحث في تشريح العقل المجتمع العربي اللمزق بين السطوة الماضي و ضرورات الحاضر / منتدى الكتاب العربي.

٢٩_ محمد نصر المسؤولية الجنائية

٣٠_ رێبوار رەمزان بارزانى(٢٠١٩)/ سوق الرقيق في تنظيم الدولة الاسلامية (داعش) / الطبعة الاولى.

٣١_اياد عجاج (٢٠١٩)/ أطفال أيزيديون في ظل تنظيم الدولة الاسلامية في العراق و الشام دراسة ميدانية ،

الهيئة العليا لمركز لالش الثقافي و الاجتماعي / الطبعة الاولى .

٣٢_فيليب كراينبروك و خليل جندي (٢٠١٦)/ الديانة الايزيدية في اوربا اجيال مختلفة تتكلم عن ديانتهم / طبعة الاولى / مطبعة الثقافة / اربيل .

٣٣_ خضر الدوملي (٢٠١٥)/ الموت اكلاسود : مآسي نساء الايزيدية في قبضة الداعش / مطبعة خاني_ دهوك.

٣٤_ خليل جندي(٢٠١٥) / صفحات من الادب الديني الايزيدي/ طبعة الثانية / مطبعة سبيزر/ دهوك

٣٥_سعد سلوم(٢٠١٥)/ في مهب الريح " اقليات العراق بعد تسنامي داعش / مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية و الاعلامية .

٣٦_ رضوان السيد (٢٠١٥)/ سياسات الاسلام المعاصر _مراجعات و متابعات/ ط٢ بيروت

٣٧ _ حسو هورمى (٢٠٢٠)/ قصة الحياة_٣١٢يوما من الاسترقاق و العنف الجنسي في قبضة الداعش _ قصة الناجية حلا موسى /الطبعة الاولى _مطبعة روژهەڵات_ أربيل.

٣٨_ ريبوار رمضان بارزاني(٢٠١٩)/ قصص و حكايات ايام الاسر تحت يد داعش/ الطبعة الاولى .

٣٩_ريبوار رمضان بارزاني(٢٠١٩)/ قتل عمدي للمدنين بأيدي داعش_ أطفال ونساء و كبار السن بين المستهدفين في كوباني/ طبعة الاولى_مطبعة سنگر

٤٠_ حسو هورمي (٢٠١٩)/ عن داعش احدثكم / طبعة الاولى _اربيل

٤١_فواز فرحان (٢٠١٩)/ الايزيديون صدى الحضارة /الطبعة الاولى _دار الكتاب الاول للطباعة و النشر _مدينة كوترسلوه_ المانيا الاتحادية

٤٢_ بشير سعيد سليفاني(٢٠١١)/ زعيم جبل شنكال حمو شرو 1850-1933/ الطبعة الاولى_ مطبعة خاني/دهوك.

٤٣_ دلشاد نعمان فرحان (٢٠٠٨) /معاناة الكورد الايزيديين في ظل الحكومات العراقية 1921 – 2003_دراسة في خطط ووسائل ترحيل وتهجير وتعريب الايزديين-مراجعة وتقديم: د. عبد الفتاح على

البوتاني، / الطبعة الاولى- من إصدارات جامعة دهوك- دهوك.

٤٤_ حسون عبود الجيزاني (٢٠١٧) / اليزيدية في العراق خلال العهد الملكي دراسة تاريخية/ بغداد.

٤٥_ عدنان زيان فرحان، شمو، قادر سليم (٢٠٠٩) /دراسات في تاريخ الكورد الايزيديين/ دهوك.

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

١_ڕێبوار رەمەزان بارزانی (٢٠١٩)/ ئازارەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش/ چاپی یەکەم _ چاپخانەی سەنگەر .

٢_ڕێبوار رەمەزان بارزانی (٢٠١٩) ئەم منداڵە ئێزدیانە / چاپی یەکەم _ چاپخانەی سەنگەر.

٣_ ڕێبوار رەمەزان بارزانی (٢٠١٨) / لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان / چاپی یەکەم _ چاپخانەی سەنگەرتەها سلیمان (٢٠١٤) / جینۆسایدی گەلی کورد /چاپی یەکەم.

٤_ کاوە نادر قادر (٢٠١٦) دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)یان دەوڵەتی خێڵەکی عارەبی لەدەورانی مۆدێرندا / ئامادەیە بۆ چاپکردن .

٥_ تەها سلیمان(٢٠٠١) جینۆسایدی گەلی کورد پشکنین و ئامارو زانیاری / چاپی یەکەم.

٦_کرمانج یونس عوسمان (٢٠٢١) / تاوانەکانی داعش لەچوارچێوەی بژاردەکانی دادگاییکردن وگرنگی ئەرشیفکردن دا / پڕۆژەی بەڵگەکردنی کۆمەڵکوژی ئێزدیان_ زنجیرە (١٩) چاپی یەکەم / چاپخانەی رۆژهەڵات _ هەولێر/ هەرێمی کوردستان.

٧_ بەهرە حمەرەش(٢٠٢١)/ئەوانەی نەگەیشتنە چیا / پڕۆژەی بەڵگەکردنی کۆمەڵکوژی ئێزدیان_ زنجیرە( ١٧)چاپی یەکەم / چاپخانەی رۆژهەڵات _ هەولێر/ هەرێمی کوردستان

٨_رابیعە فەتاح شێخ محەمەد(٢٠٠٥)/کوردستان لەسەدەی پازدەی زایینییدا_ تۆژینەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیە/چاپی یەکەم _ چاپخانەی رۆشنبیری _ هەولێر.

٩_ میرشەرەف خانی بدلیسی(٢٠٠٦)/شەرەفنامە_مێژووی ماڵەمیرانی

کوردستان_ وەرگێڕانی مامۆستا هەژار / چاپی سێیەم _ دەزگای ئاراس

١٠_ رێبواررەمەزان بارزانی (٢٠١٨) /جینۆسایدی ئێزدییەکان لەسەدەی بیست ویەکدا/ چاپی یەکەم.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

1_FARIS KETI (2019) KOCHO VILLAGE 13 DAYS FROM THE HELL

OF ISLAMIC STATE/Second

2_ Dr. E. Didier Dr. C. Amin (2016)/ ADAPTIVE PROBLEMS OF YAZIDI GENOCIDE SURVIVORS How to support the silent ones

3_Dr. Noori Abdulrahman (2014)/ Kurdish official: ISIS Capture of Shingal ‘was part of Arabization campaign/ 29-12-2014/ Rudaw

4_ Nikki Marczak and Kirill Shields (2017)/ Genocide Perspectives V A Global Crime,

AustraliaKirilles/ Australian Institute for Holocaust and Genocide Studies/ First Published/ Sydney - AUSTRALIA

5_Human Rights (2018)/ ISIS propaganda and the Yazidi genocide/ New lecture series with journalist Michael Petrou

6. Vicken Cheterian (2019)/ ISIS genocide against the Yazidis and mass violence in the Middle East.

## توێژینەوەکان

١_ا.م.د.رضا سالم داود(٢٠١٩)/الاقلية الايزيدية في العراق بحث في جغرافيا السياسية/ مجلة مداد الاداب_ جامعة العراق_ كلية الاداب .

٢_ دنيا علوان ناموس محمد الاسدي (٢٠٢١) /الحماية الجنائية للايزيديات في التشريع العراقي_ دراسة مقارنة / رسالة ماجستير / الطبعة الاولى – مطبعة رۆژهەڵات – اربيل.

٣- م.د.فاضل عبدالزهرة الغراوي(٢٠٢٠)/انتهاكات عصابات داعش الارهابية للقانون الدولي الانساني/ كلية قانون_جامعة تكريت.

٤_ رنا جاسم محمد حمزة (٢٠٢١) / بواعث ارتكاب الابادة الجماعية للايزيدين _ دراسة اجتماعية ميدانية / بحث منشور في مجلة جامعة دهوك المجلد ٢٤، العدد ١العلوم الانسانية والاجتماعية ٣٤٧_ ٣٦٧ / ٢٠٢١ عدد خاص

٥_دنيا علوان (٢٠٢١) الحماية الجنائية للايزيديات / دراسة مقارنه رسالة ماجستير.

٦_ د.سعيد خديده علو( )شنگال *(سنجار) 1921-1980دراسة في تعريب المنطقة من قبل الحكومات العراقية/* قسم التاريخ/كلية العلوم الإنسانية/ جامعة دهوك.
٧_ا.م.د. زياد محمد ربيع (بێ مێژووه)توێژینەوەیەکی ئەکادیمیه/ کلی.ة الحقوق_ جامعة الجرش/ الاردن.
٨_حسين عبد على عيسى (٢٠٢١)/ تجريم الابادة الجماعية في القانون الجنائي الوطني المقارن(العراق كحالة دراسة) / كلية القانون _ جامعة السليمانية _اقليم كردستان /مجلة جامعة دهوك، المجلد: 42 ،العدد: ١ العلوم الانسانية والاجتماعية.

٩_الدكتورة هناء اسماعيل (٢٠١٤) /المسؤولية الجنائية عن جريمة الابادة الجماعية – بحث مقدم من قبل مدير عام وزارة التخطيط/ مجلة رسالة الحقوق _السنة السادسة /العدد ١ /_٢٠١٤.

١٠_ا.م.د.جلال كريم الجاف(٢٠١٣)/ تعويض ضحايا جرائم الابادة الجماعية (الانفال و الحلبجة) طبقا لقواعد القانون الدولي العام / كلية القانون و السياسة / جامعة سليمانية.مجلة الدراسات القانونية والسياسة/ العدد ٢ _السنة الاولى ص٦٢_ ٨٩ .

١١_فريجه محمد هشام(٢٠١٤)/ دور القضاء الدولي الجنائي في مكافحة الجريمة الدولية/أطروحة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم في الحقوق تخصص قانون دولي جنائي/جامعـة محمد خيضر - بسكرةجامعـة كلية الحقوق والعلوم السياسية - محمد خيضر - بسكرة كلية الحقوق والعلوم السياسية قسـم - قسم الحقـوق. الحقـوق.

١٢_موسى عتيقة()/دور محكمة العدل الدولية في تطويرالقانون الدوليإالانساني/ كلية الحقوق و العلوم السياسية_ قسم التعليم القاعدي /جامعة البجاية – الجزائر.

١٣_ شروق تيسير عبد الغني أبو دبوس (٢٠٢٠) /صعوبات تطبيق القانون الدولي النساني/ بحث ماجستير/ كلية الحقوق – قسم القانون العام / جامعة الشرق الاوسط.

١٤_ *صلاح سعود الرقاد (٢٠١٥)* /جريمة الإبادة الجماعية أمام المحكمة الجنائية الدولية

(إقليم دارفور نموذجاً) / بحث اكاديمي / كلية الشيخ نوح القضاة للشريعة والقانون، جامعة العلوم الإسلامية العالمية/ الاردن.

## رۆژنامەو گۆڤار

**١_ صادق الطائي/جريدة القدس العربي/ سنجار العراقية مدينة الجرح الإيزيدي/ الجمعة , 17 ديسمبر، 2021**

**٢_ د.سعيد خديده علو(٢٠٢١)/شنكال (سنجار) 1921-1980_ دراسة في تعريب المنطقة من قبل الحكومات العراقية/ موقع بحزاني نت _١٧ ديسمبر٢٠٢١**

**٣_ خضر دوملي (٢٠٢١) / الإيزيدية في كردستان العراق وتحديات البقاء/مركز المسبار للدراسات والبحوث اكتوبر_٢٠٢١.**
**٤_**

**٤_ حمودي عبد محسن (٢٠٢١)/الايزيدية محاولة للبحث عن الجذور/١٥ديسمبر/ ٢٠١٧ موقع بحزاني نيت.**

٥_ دكتور خليل جندي (٢٠٠٧) / مفاتيح لفهم أوسع حول الديانة الايزيدية/ موقع هكار نيت ١٦ مايو. ٢٠٠٧

٦_امين فرحان جيجو/القومية الأيزيدية جذورها ومقوماتها معاناته

٦_داود مراد ختاري/ عدد حملات فرمانات على الايزيدية/ موقع كۆمۆنيست كورد / ٢٠٠٧

٧_ گۆڤارى گوڵان /ئازاد قەزاز / داعش لە گۆشەنيگاى سايكۆپۆليتيكييەوە/ ژمارە ١٠٠٩.

٨_ ذ وات / العدد (١) مجلة تصدرها مؤسسة المؤمنون بلا حدود.

١٠_ ايج پريس_ سايتێكى ئەلكترۆنييە ...........................١٤/٧/٢٠١٥

١١_ شرۆڤە / سايت ئێن ئاڕ تى/٢٤/١/ ٢٠١٥

١٢_ د. أمجد محمد منصور و د. محمد نصر القطري (٢٠١٧) /المسؤلية الجنائية والمدنية والدولية لمرتكبي جرائم الابادة امام القضاء/ بحث نشر في مجلة.

١٣_ سرمد جاسم محمد (٢٠٢٠)/جريمه الابادة الجماعية دراسة سيسيو انتروبولوجية (الايزيدين نموذجا)/ مجلة الدراسات العلوم الانسانية و الاجتماعية العدد ٢ الملحق ١ المجلد ٤٧.

١٤_ تقرير هيومان رايتس ووّچ (٢٠١٧) / عدالة منقوصة_ المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق.

١٥_ ويكيبيديا الابادة الاجماعية في رواندا.

١٦_ ويكيبيديا الابادة الاجماعية في يوغسلافيا سابقا .

١٧_ Fidah _الحركة العالمية لحقوق الانسان(٢٠١٨)/ العراق الجرائم الجنسية والجنسانية المرتكبة ضد المجتمع الايزيدي :دور المقاتلي ألالجانب في تنظيم ."داعش"/ اكتۆبەر ٢٠١٨.

١٨_ غلوريا غاجيولي (٢٠١٤) العنف الجنسي في النزاعات المسلحة انتهاك للقانون الدولي إلانساني وقانون حقوق الانسان / المجلة الدولية للصليب الأحمر.

١٩_ جمعية الامل العراقية (٢٠٢٠) / تقرير مسح الجنسي والعنف القائم علّى اساس النوع الاجتماعي ضد النساء والفتيات / ٢٠٠٣_ ٢٠١٨.

# Analîzkirina

# qirkirina Êzidiyan a bi destê DAIŞ'ê li gorî hiqûqa navneteweyî

**di navbera**

# 2014-2019

## Analysis

**Of the campaign of genocide**

**against the Yazidis by ISIS according to international law**

**2014-2019**

**Kawa Nader Qader**

## 2023